تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

# كاكڵ و هۆزانی نوێژ

وه

## شوێنه وارەكانی له سه ر دەروونی نوێژ

نوسه ر: ناسر سوبحانی پاوه یی

منتدى إقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

وه رگێرانی:

عومه ر ئیبراهیمی کاموسی پیرانشاری

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

سبحانی ،پاوه ای ، ناصر
کاکڵ و هۆزانی نوێژ و شوینەوارەکانی لە سەر دەروونی بوێژ/ نوسەر: ناسر سوبحانی ، وەرگێر : عومەر ئیبراهیمی کاموسی- ۱۳۰ص. پیرانشهر سامرند.۱۳۸٤.

ISBN:۹٦٤-۸٦۲۰-۳۳-٤

۱۳۰۰۰ریال
فهرست نویسی بر اساس اطلاعات فیپا.
کُردی.
کتابنامه . بصورت زیر نویس ۱- تفاسیر ( سوره فاتحه ) ۲- نماز
الف.ابراهیمی کاموسی ، عمر ، ۱۳٤۱_ مترجم. ب .عنوان.
۲ک۲س/۱۲/ ۱۰۲ BP
۲۹۷ /۱۷
کتابخانه ملی ایران
۸٤-٤۰۰۲٤م

۰۹۱٤۱٤٤٥۳٥۸
۰٤٤٤-٤۲۲۷۷٦۰
انتشارات سامرند پیرانشهر

☑ نام کتاب : کاکل و هوزانی نویژ و شوینه واره کانی له سه ر ده رونی بویژ
☑ نویسنده : ناصر سبحانی پاوه ای
☑ مترجم : عمر ابراهیمی ( کاموسی پیرآنشهر)
☑ ناشر: سامرند
☑ تیراژ: ۳۰۰۰ جلد
☑ نوبت چاپ: اوّل ــ ۱۳۸۵
☑ شابک:۴ -۳۳-۸۶۲۰-۹۶۴
☑ قیمت : ۱۳۰۰ تومان

مافی له چاپ دانەوەی ئەم کتیبە بۆ وەرگێر پارێزراوە.
حق چاپ برای مترجم محفوظ است .

لیستی باسەکان :

الف : پیشه کی وه رگیر ..................... ٧
ب: ژیان نامه ی ماموستا ناسری سوبحانی ..................... ٨
١- لێکدانەوەی سوورەی فاتیحا ..................... ١٥
٢- ڕێ و شوێنی لەخوداپاڕانەوە ..................... ٢٤
٣- هۆی هەڵبژاردنی سوورەی فاتیحا بۆ نوێژ ..................... ٣٣
٤- درێژەی حیکمەتی کاتەکانی نوێژ ..................... ٣٦
٥ – حیکمەتی دەسنوێژ گرتن ..................... ٣٨
٦- حیکمەتی ڕوو دە کابەکردن ..................... ٣٩
٧- حیکمەتی ئەڵلاهو ئەکبەری نوێژ دابەستن ..................... ٤١
٨- دوعای دەست پێکردنی نوێژ ..................... ٤٢
٩- حیکمەتی ئیستیعازە و پەنابردنەبەرخودا ..................... ٤٤
١٠- حیکمەتی بیسمیلاهی کردن لەهەوەڵی نوێژەوە ..................... ٤٥
١١- حیکمەتی ئەلحەمدو لیللا کردن لەسەرەتای ئەو پێشەکیە ..................... ٤٧
١٢- جیاوازی نێوان «إله » و «ربّ» چیە؟ ..................... ٥٥
١٣- هەلبژاردنی «لاإله إلّا الله » ..................... ٥٦

١٤- لێکدانەوەی حەمد ........ ٥٨
١٥- لێکدانەوەی «أقِمِ الصّلوةَ» ........ ٦٢
١٦- زیکرودوعایەکانی نێو نۆیژ وەدوای ........ ٦٩
١٧- بەڵگەی قورئانی لەسەر مانای نۆیژ ........ ٧٦
١٨- گەرانەوەیەك بۆ سەرباسی وەختەکانی نۆیژ ........ ٨٠
١٩- کۆمەگ وەرگرتن لەخودا بەهۆی نۆیژ ........ ٨٤
٢٠- حیکمەتی ژمارەی ڕکاتەکانی نۆیژ ........ ٩٤
٢١- حیکمەتی تەحیات . لێکدانەوەی تەحیات ........ ٩٥
٢٢- سڵاو ناردن بۆپێغەمبەر(ص) ........ ٩٨
٢٣- باسی ڕەحمەت و بەرەکەت ........ ١٠٠
٢٤- سڵاو ناردن بۆ بەندەکانی خودا ........ ١٠١
٢٥- شادەهێنان بەخودا ........ ١٠٣
٢٦- شادەهێنان بەپێغەمبەر (ص) ........ ١٠٥
٢٧- سەلەوات ناردن بۆپێغەمبەر و پەیرەوانی ........ ١٠٧
٢٨- سەلام دانەوە لەنۆیژ ........ ١١٢
٢٩- گەڕانەوە بۆباسی هەستانەوە لەڕوکووع ........ ١١٥
٣٠- خۆیندنی سووڕەتێك یاچەندئایەتی قورئانێ ........ ١٢٨
٣١- ناسنامیه کی ناسری سوبحانی ........ ١٢٨
٣٢- به زویی چاپه مه نی سا مره ند بلاو ده کاته وه ........ ١٤٠

بەنێوی ئارامبەخشی دڵەکان :

پێشکێــشە بەدڵزینــدووانی وردبــین کەبــەدورِبینی[1] دەروونیان دەڕواننە دنیای دەورو بەرو خوارو سەروویان . نەك بە دوور بینەدەستکرەکان کەسروشتی هەموو شتێکیان تێك داوە،تەنانــەت ئینسانەکانیــشیان وەك کالآیــەکی تیجــاری دەرهێناوە ،کەلـەبازاڕی دنیاپەرستان دا هــەر ڕۆژەی یــەکێك دەیانکڕێ و دوای کار پێ نەمان دەیانفرۆشێتەوە .

سێ تێ بینی :١ ئەوەیــە دەوکتێبــە دا لەبــەینی دوو تــیرە دا نووسراوەتەوە بــۆ چــوونی وەرگێــڕە . وەك لــەلاپــەڕەی یەکــەم داڕستەی ، هەروەکو سووڕەتی فاتیحاش پێمان دەڵێ ئاوایە .
٢ هەموو ژێر نووسەکان قــسەی وەرگێــڕن . ٣ئەگــەر لــەجێ جێیــــان داڕشــــتنی جوملــــەپاش و پێــــشی تێدایــــە لەبەرئەوەیەکەویستوومە ماناو مەبەستی نووسەر نــەگۆڕم . بەسپاسەوە .

براتان عومەر ئیبڕاهیمی کامووسی

---

١ـ گەوهەر بین.

بسم الله الرحمن الرحيم

تۆلەسەردەمی کورتەبالآیان        بالآی بەرزی خۆت لەکوێ هێناوە ؟
تۆ لەسەردەمی قات و نەهاتا      وەرزی سەوزی خۆت لەکوێ هێناوە ؟
( عەبدوللا پەشێو)

کورتەیەك لەژیانی مامۆستای گیانفیدا مامۆستا ناسر سوبحانی بەوجۆرەی کەلەسایتی » ئیسلاح « وەرگیراوە».

مامۆستا ناسری سوبحانی لە ساڵی ١٩٥١ ی زایینی لەئاوایی دوریسانی سەربە شارستانی پاوە لەمەڵبەندی هەورامانی هەڵکەوتو لەپارێزگای کرماشان کە یەکێکە لەپارێزگاکوردنشینەکانی ئێران ،چاوی بەدنیا ههشکوتووە .

خوێندنی سەرەتایی لە زێدی خۆی و شاری پاوەتەواو کردووە. پاشان چۆتە حوجرەی فەقێیان و دەستی کردووەبەخوێندنی زانستەکانی ئایینی ، هەر لەسەرەتای لاوەتی دا پیتۆڵی و وریایی ئەو بۆ هەموو کەس دەرکەوت . ناوبراو بەمەبەستی وەدەستهێنانی زانیاری ئایینی هەڵوەدای زۆر شارو گوندی ناوداری کوردستان بووە ،وەك شارەکانی

پاوە و سنە و مەریوان و پیرانشار ،کەلەخزمەت پیاوەبلیمەتەکانی بەناوبانگ لەوناوچەزانستپەروە رانە دا چۆکی داداوەو بەرۆکی بۆ وانەکانی وان لاداوە.

بەسەرهەڵدانی شۆڕشی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیمی شاهەنشاهی ،نابراو دەستی کرد بەچالاکی و بۆیەئەنجام گەیاندنی ئەرکی ئایینی و کۆمەلآیەتی و نەتەوەیی خۆی لەشارەکانی پاوە و ڕەوانسەر و جوانرۆو سنەو کرماشان و مەریوان چەند و تاری ڕێ نیشانەرو پاراوی بۆکۆمەلآنی هەراوی خەڵکی دا.

لە ساڵی ١٩٨٠ ی زایینی لەتەمەنی ٢٩ ساڵیدا ڕەگەل جوولآنەوەی (اخوان المسلمین ) برایانی مسوڵمان کەوت لەبەرلێهاتویی و بالآ دەستی و سەلماندنی دڵسۆزی خۆی ،لەماوەیەکی زۆر کورت وکەم خایەن دا جێی خۆی لەنێو دڵی ئەندامانی جەماعەتی ئیخوان داکردەوەو بوو بەجێگای متمانەی هەموو لایەك و گەییشتەپلەی ڕێبەرایەتی ئەوجوولآنەوەیە.

لە هەوەڵین سالەکانی شۆڕشی ئێران دا ، کاك ناسر ها و کارو هاودەمێکی تەواو و دڵسۆز بوو بۆمامۆستای کۆڵ نەدەرو زانای خواناس مامۆستانەحمەدی موفتی زادە خوابیبەخشێ مامۆستا موفتی زادە هەمووکات وەك برایەکی غەمخۆر و دۆستێکی بەراستی و یارو یاوەرێکی دایمی باسی خواڵی خۆشبوو ناسر سوبحانی دەکرد .

مامۆستاسوبحانی هاوڕێ دەگەڵ مامۆستا موفتی زادە و زۆرێك لەسیاسەتمەداران و زانایانی ئەهلی سووننەتی ئێران و کوردستان ،لەگەلێك دانیشتن و وت و ویژ کەلەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران دا پێك هاتبوون ،بەشدار بوو ، وەبەوبۆ نەیەوە چەند جاران کەوتەڕێ بۆ کرماشان و قوم و تاران ،وەسەبارەت بەگرینگی دان بەکێشەی کورد و ئەهلی سوننەت لەگەڵ سەر کردەو سەرۆ کانی دەولەت باس و وت و وێژی شێلگیری بووە .

ناوبرا هەروەها لەساڵەکانی سەرەتای شۆڕشی ئێران دا لەچەندین کۆبۆونەوەی گەورەدا کەلەلایەن سیاسەتزانەکوردەکانی ئەدەمی پێك هاتبوون ،بەشداری کردبو .

سالی ١٩٨١ ی زایینی کە شۆرای مەرکەزی سونی (شمس ) پێك هات ،مامۆستا سوبحانی ئەندامێکی چوست و چالاکی ئەوڕێکخراوە یە بوو ،وەلەیەکەمین کۆنگرەی شەمس دا بەنێوی نۆینەری پاریزگای کرماشان هەلبژێردرا . لەکۆبوونەوەی دوهەمیشدا بەشداری کرد . بەلاّم ئەجارەبەرنامەجۆرێکی دیکەبوو. چونکەهاوکات دەگەل کۆبۆنەوەی دوهەمی شۆرای ناوەندی سوونني ،بەرپرسانی حوکومەتی ئێران دەیان کەسیان لەبەشدارانی ئەو کۆبوونەیەلەشارەکانی ئێران دا دەسگیر کرد ،وەبرپیاری قۆل بەست کردنی مامۆستا سوبحانیش سادر کرا ،بەلاّم ئەووەختی نەیانتوانی

دەسگیری کەن ،بەوهۆیەوەمامۆستا لەپاییزی ١٩٨٢ی زایینی داوڵات و زێلی خۆی بەجێ هێشت و چالاکی خۆی بەشێوەی نهێنی لە دوورلە کرماشان دادرێژە پێ دا .

لە ساڵی ١٩٨٣ی زایینی توانی خۆیگەیێنیێتەولاتی پاکستان ،لەوێ داسەرەرای چاوپێ کەوتنی چەند کەسایەتی جیهانی ئیسلام ،لەگەڵ گەلێك لەسەر کردەو فرماندەی گەورە گەورەی جیهادی ئەفغانستان دیداری کردبوو.

لە ١٩٨٨ی زایینی هاورێ دەگەڵ ژمارەیەك لەهاوکارانی خۆی خۆی گەیاندە ولاتی تورکیەوە لە کونگرەی ئیسلامی کەلەپێوەندی لەگەڵ کێشەی کوردەکان دا پێکهاتبو بەشداری کرد وە لەوێدا و تارێکی بەنرخی پێشکێش کردبووە لەنێوەرۆکی قسەکانیدا مافی گەلان و دیاردەی نەتەوایەتی ونەتەوەپەرستی لەروانگەی قورئان و ئیسلام داشی کردبۆوە.

سەرەنجام لەرۆژی ١٩٨٨/٦/٦ ی زایینی لە شاری سنە لەمیوانداریەکدا دەسگیر کرا ، چەند رۆژ دوای قوڵ بەست کردنی ناوبراو شەپۆلی نارەزایەتی لەوکارەلەسەراسەری ئێران داوەرێ کەوت وە بەشوێن ئەو شەپۆلەدا لەمەڵبەندەکانی جۆراو جۆری ناخۆ و دەرەوەی ولات چەندەها نامەی رەخنە گیرانە بۆ بەرپرسانی حوکومەت بەرێ کران . بەلام بەداخەوە هیچ کەلکی نەبوو . تەنانەت زۆر

بەرپرسی ڕێکخراوەو بزوتنەوە ئیسلامیەکان دارەخنەو ناڕەزایەتی خۆیان سەبارەت بە دەستگیری و شکەنجەی مامۆستا سوبحانی دەربڕیبوو . لەنێو خۆی ئێرانیش دابەو بۆنەیەوە چاو پێکەوتنی زۆریان لەگەڵ بەرپرسانی پەیوەندی دا بەمەسەلەکە پێك هێنا .

بەڵام دوای ئەو هەموە تێکۆشان ووە دوا کەوتنەکاریەدەستانی دەوڵەت بەبەرپرسی لێکۆڵینەوەی کاری مامۆستا سوبحانی ڕەنگەیەکێك لەهاوکارانی نیزیکی مامۆستابێ . ڕادەگەیێنن کەپاش چەند ڕۆژی دیکەتەرمی سوبحانیتان لەشاری سنەوّی دەدەینەوە. لەئاکام دا لەگۆڕستانی شاری قورِوە داکەسەروە سنەیە قەبری خوالێخوشبو سوبحانی بەخنزم و کەسەکانی نیشان دەدەن و پێشان ڕادەگەیێنن کەهەقی هێنانەدەرەوەی تەرمی ناوبراوتان نیە. ڕوحی شادو یادی بەرێز بێ . بەشاهیدی گەلێك لەزانایان و کەسایەتیەکانی ئیسلامی مامۆستای گیانفیدا زانایەکی بەتواناوکەم وێنە و شیاوی (ئیجتیهاد) بوو . بەوخاترە لەهەموو بوارەکانی لێکدانەوەی قورئان،فەرموودەکانی پێغەمبەر(ص) ، شەرع ، فەلسەفە،وە بانگەوازی و جوولاّنەوە دا ،بۆ چوون و بریاری بەهێزو زانستیانەی هەیە.

## بەرهەمەکانی مامۆستا سوبحانی

زیاتر لەهەزار شریتی دەنگی لە بابەتەکانی جۆراو جۆری وەك راڤەی قورئان ،بابەتەکانی باوەڕ و عەقیدە،بەندایەتی وهۆزانی ئەو ، بیـــچمەکانی هـــزری و ئـــابووری و ڕامیـــاری ئیـــسلام وەهـــەروەها زانستەکانی ئیسلامی وەك زانیاری قورئان ،بنەمایەکانی فیقهو قامی دەستوورات وەفەرموودەکانی پێغەمبەر (ص) بەیادگار بەجێ ماون . هەروەها چەندین وتاری لـەبـارەی مەسـەلە فکـری و رامیاریـەکان چ لەپێش شۆڕش و چ لەدوای شۆڕش دا هەیە . سەرەڕای زمانی زگماکی خـۆی کـەکوردیـەسـەدان شـریتی بـەزمـانی عـەرەبی و فارسـی کوتووەکەلەدەست دان .

## شۆینەوارەکانی دیکەی مامۆستا ناسر سوبحانی

١- کۆمەڵە فتوا و بڕیارەکان :کەبەزمانی عەرەبی نوسراون سەبارەت بەزۆرێك لەمەسەلە گرینگەکانی ئێران و دنیای ئەوڕۆ .

٢- ویلایـــەت و ئیمامـــت :نوســـراوەیەکی هـــۆزاین و فەلـــسەفی و رامیاریەکە کێشەی ویلایەت و ئیمامەت لەڕوانگەی قورئانـەوە هەڵدەسنگێنێ .

٣ – بیرخـستنەوەیەك لـەبارەی زانـستی حـەدیس دا :لـەبنـەڕەت دا نوسراوەیەکی دووررو درێژە کەبۆ (کـۆڕی سـوننەتی پێغەمبـەری (ص)) نوسیوەتەوەکەدوکتۆر یۆسف قـەرزاوی سەرپەرشتی کۆرەکـە دەکـا .

مامۆستا لەو نوسراوەیە دا چەند خاڵی گرێنگ و جیگای سرنجی پێشکەش بەگەڵاڵەی کۆکردنەوەی حەدیسی پێغەمبەر (ص) کردووە .

٤- کورت کراوەی مدارج السالکین :کەدەوێ داتەهزیبی عبدالمنعم صالح العزی کورت کردوتەوە .

٥-کتێبێ گرینگی سەبارەت بەعەقیدە وباوەڕ نووسیوە کەهەموو مەتڵەبەکانی لەقورئان هەڵدێنجا بەڵام بەداخەوەلەبارەوەی کە ڕۆژەکانی پێش گرتنی بەوکارە خەریك بوو ئەو کتێبە بەنرخە بەنیوە چلی ماوە.

٦- جگە لەوبەرهەمە ناوبراوانە ،دەیان نوسراوەو وتار لەومامۆستایەلە گۆڤارە ئیسلامیەکان دا لە ساڵەکانی ١٩٨٣ هەتا ١٩٨٧ ی زایینی بەچاپ گەیشتوون .

- بۆ وێنەکتێبەکانی ئەسماڵول حوسناو روحەسسەلات و ئەلئیعتیسام کەکورتی کردۆ تەوە لەوسایتە دا نێونەبردراون وەهەروەها کتێبی ئیمان و مروڤیش نێو نەبردراوە . یەکشەمۆ ١٣٨٤/٤/٥

لە کۆتایی ئەو بەسەرهاتەدا دەمهەوێ ئەوەندەش ئیزافەبکەم کەمامۆستای فیداکاری ئیسلام ژنیشی هێناوەو چوار کچۆڵەشی لە پاش بەجێماون بەناوەکانی ١- نەسیرە ٢- نوسەیبە ٣- ئەمینە ٤- نەجیبە . بە داخەوە ساڵی زەماوەندەکەی وناوی خێزانی نازانم .

بەسپاسەوە وەرگێڕ لەفارسیەوە : عومەر ئیبراهیمی کاموسی

## أعوذ بالله من الشّيطان الرّجيم

## بســم الله الــرّحمن الرّحــيم

( سه ره تا،لێکدانەوەی سوورەتی فاتیحا )

پاشان لەسەر نێوەرۆك و پتەوایی نوێژ دەدوێین .

«**فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلاةَ لِذِكْرِي**» خوالە وەختی هەڵبژاردنی مووسادابە پێغەمبەری، فەرمووی : « ئەمن بپەرستەوبۆئەومەبەستەش نوێژ بەڕاست وڕێکی بەجێ بێنە[1] لەبەریادو وەبیرهاتنەوەی من «. لەبارەی یەکەم ئایەتی فاتیحادا : شتێکی ڕوون و ئاشکرایە هەروەکو سوورەتی فاتیحاش پێمان دەڵێ کەئینسان پێك هاتووە لەکۆمەڵەیێك توانایی و لێوە شاوەیی کە قابیلی هەڵدان و پێشڕەفتن وەبوونەوەری دەورویەری ئینسانیش بەئاسمان وزەوی و هەرچی تێیان دایەهەمو ئاسەواری ڕەحمەتی خودان کەوەك پێداویستی وئامراز بەخشراون بەئینسان و

١ـ بۆباشتر حاڵی بوون لەومەبەستەبڕوانەلاپەڕی ٣٠و٣١ لەونوسراوەیە،وەرگێڕ

لەبەردەستی نراون تابەکاریان بێنێ بۆپوختەکردن وبەرەولوتکەی کەماڵ بردنی خۆی بەمەرجێك دەو بەکار هێنانەدا لەشەریعەت و رێبازی خودا پەیڕەوی بکاو لێی لانەدا .

جادە دوو شەوی «رَبُّ الْعالَمين»دا ئاماژە ودەست ڕا داشتن بۆ ئەو مەبەستە هەیە . چونکە «رَبُّ الْعالَمين» یانی تێگەیێنە رو پێگەییێنەری هەمو ئافەریدە کراوەکان بە ئینسانەوە، دیارەپەروەردەکردن بە بێ ئامادەیی پەروەردەکراوە کە نایەتەجێ ودەبێ ئەوشتەیانەوشەخسەکەدەعاملێت نیازیشی بەو عاملاندنە هەبێت . چونکە بەبێ ئامادەیی و توانایی پەروەردە کردن ناکرێ و ئەوکەسەش کەبۆخۆی پەروەردەی هەبێ و نیازی پێ نەبێ ئەویش ناکرێ بڵەی پەروەردەی دەکەم چونکە بۆخۆی شتە کەی هەیە و منەتی پێ نیە. کەوابو وشەی رَبُّ العالَمین شارەزایی تێدایە بۆلای ئەوە کە ئینسان دەستەیەك هێزو لێوە شاوە ییەکە دەتوانێ تێ بکا و بەوپلەیەبگاکە دەبێ بیگاتێ وە نیازیشی بەوتێگەیاندن و بدن بەرەو کامڵ بوونەهەیە. وەهەروەها لە رَبُّ العالَمین دائەوەش دەبینین کە دەبێ مەیدانێکی ئامادە و گونجاویش بۆئەو پەروەردەکردنە هەبێت چونکە بەبێ ئەومەیدانی کارییەو ئامرازی پێویست بۆعاملاندن، پەروەردەکردن هەڵناسوورێ . کەوابو لەو کەلیمەکەمەداکە رَبُّ العالَمینە ئەوسێ ماناو مەبەستە هە یە، یەکەم : ئینسان دەستەیەك

هێزو تواناییەکـە ئامادەیـەبۆ هەڵـدان وزیـادکردن.دوهـەم : ئینـسان نیازمەند و پێداویستی ئەوعاملاندن و پەروەردەکردن و بەرەولوتکەی کەمال بردنەیە. سیهەم : ئەوبوونەوەرەی دەورو بـەرو خـوارو سـەروی ئینسان تۆپڵاغەیەك ئیمکانات و ئامرازن کە لـە دەسرەسـی ئینـسان نراون تاخۆی بەوان پوختەبکاو بەرەو پاك و پاڵاوتەکردنی نەفسی خۆی بروا.

وەلـە ئـەر رەحـانیرە حیمیـشدا ئیـشارە کـراوە بـۆ هـەمان مەبەست کە لە رَبِّ العامین داباس کرا . یانی رەحمان ورەحیم بـوونی خودا ئەوە گەیێنێ کە ئینـسان ئەوکۆمەڵـە لێوەشـاوەیی و توانایانـە یەکەپێویستی بەپەروەردەکردن هەیە و ئامادەگی ئەوکارەشی هەیە و دنیای دەورو بەری وژوورو سەریشی کۆمەڵە ئیمکانات و ئـامرازێکن کـە پێـی بەخـشراون تـاخۆی پـێ دروسـت بکـا . چـونکە رەحمـەت کەچاوگەوریشەی رەحمان و رەحیمە. بریتیە لە دوشت یەکەم: راکیشانی قازانج دوهەم : لابردنی کۆسپ لەسەر رێگای گەیشتن بەئامانج، ئەودو کارەش بۆ کەسێك یا بۆ شتێك دەبن کـە نیـازی بـە سـوود و قـازانج هەبێ و لە بەرەگەی زیان و زەرەریش دابێ ئەو دو تایبە تمـە ندیـەش بۆناتەواوێك دەبێ کەبەرەو تەواو بوون و باش لـە کـڵ دەرهـاتن بـروا جالە سەرەرێی پێ گەیشتن بەو برژینە دالە لایەك نیازی بە ئیمکانات و تۆشەی پیۆیست هەیەکە بۆی ساز بدرێ وەلەلایەکی دیش موحتاجی

ئەوەیە کە گێڕ و گرفت و کۆسپەکانی سەر ڕێگایەی لابەدرێن . دیارە ڕەحمەت دەگەڵ کردن بۆ ئەودو نیازەش نایەتەجێ مەگەر بەخولقاندنی ئاسەواری ڕەحمەت کەبەشێك هۆی دابین کردنی پێداویستی ڕێگایەیە و بەشەکەی دیش هۆی لابردنــی کۆسـپ وتەگەرەیـە.جاکـەوابوو لـە دو وشەی اَلرَّحمنِ الرَّحیمیشدا ئیـشارەکراوە بـۆ ئامـادە بـوون و نیـازی ئینسان بۆ گەشـەکردن و هەڵـدان وەهـەروەها ئاماژەیـان تێدایـە کـە ئەوبوونەوەرەی دەورو بەری ئینسان هەمووی ئامرازێکن ڕەخـساون و هەڵخراون بۆ کـەڵك لـی وەرگـرتنی ئینـسان بـۆ بەندایـەتی ڕاسـت و دروســتی خـاوەنی هــەم ئیمکاناتــە کەوهــەم ئینـسانیش . پوختــەی مـەبەست ئەوەیە : کە ئینسان دروست کراوە بـۆ بەرەوکـەماڵ وتـەواو ڕۆییــشتن و بوونەوەرەکــەی دیــش ڕام و دەســتە مــۆکراوە تائینــسان کەڵکیان لێ وەرگرێ بۆ پوختەکردنی خـۆی .جاتـەلێرە دا پرسـیارێك دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیـە ئایادەگـەڵ حیکمــەت و کـارزانی خـودای حەکیم یەکتری دەگرێتەوە کەئینسانی ئافەریدەکردبێ بۆ بەرەولوتکەی کەماڵ چوون و بوونەوەری پان و بەرینیشی بۆ دروست کردبـێ وڕانــی کردبێ تابە کاری بێنێ بۆ خودسازی وخۆتە سە ل کردن و لـە پاشـان ئینسان وێل بکا و لێی نە پێچێتەوە و نە پرسێتەوە ئایا ئینسان خۆی بەو هەموو ئیمکاناتە زۆر و جۆرا وجۆرەکـە هـەمووی ئیـستاندارد و مۆرەو ئامادەی ئەنجامدانی ئەرك و ڕۆڵی خۆیـەتی بـەبێ کـۆیرەکردن

ونۆره، پەروەردەو تەربیەت کرد؟ یـــان نەیکـرد؟ ئـایاتـه ئەوەدەگەڵ حیکمەتی خـودای دەگونجـی ؟ابێگـومان ئـەوکـاره شتێکـی بـێ هوودەیـه و خودالـەوکاره زۆر دوورەو دامـین بلـووره. نـاکرێ خـودا ئینسانی خولقاند بێ بۆخۆخاوێن کردنـەوه وبەرەوبـەرزیی ڕۆییـشتن و ئەوکەونەپان وبەرینەشی داڕشتبێ و دەستەمۆی کردبێ بۆ ئەوەی کـه ئینسان بەکاری بێنێ بۆ خۆسـازدان وبـەرەوپاکی پـازدان پاشـان ئـەو ئینسانەی وێڵ و ڕها بکا ، مادام ئەوکاره لە خودا ناوەشێتەوە دەبی ئینسان بە ڕپرسی بێ و لەبەرابەرخودا دا بە ترس بێ چونکە خوالێی دەپرسێتەوە کە بەوئیمکاناتەچی کرد ؟ شتێکی ڕوون و ئاشکراشە کە لـه ڕۆژو دەورانـی تاقیکرنـه وه دالێپرسـینه وەدەسـت ناداچـونکە پرسیارلێ کردن لەوەی کە لە دنیای تاقیکردنەوە داچی کرد و وەلەگەل ئازمایش و تاقیکاری داناگونجێ چونکە تاقیکراوه کە دە توانێ بلـێ هێشتا فرسەتم ماوەبۆ نەتیجەگیری هەرلەبەر ئەو نەگونجانە پێویستە کە ڕۆژو وەختێکی دی لەئارادا هەبێ کە خوالەئینسان بپرسێتەوە لە کرداری قۆناغی تاقیکاری ودەورانی بەرپرسیاری هەر بەوهۆیەیە کە بە دوای «اَلرَّحْمنِ الرَّحیم» دا عیبارەتی «مالِکِ یَوْمِ الـدّین» دێـت تـا ئیشارەت بێ بۆ ئەوە کە زەمانێك هەیە و دادێ کە ئینسان تۆ لـه و پاداشی کردەوەی چکۆلە و هەراشی دەوێدا وێ دە درێتەوە و هەرچـی لە ژیـانی تاقیکردنـه وه دا چـاند ویـەتی هـەموی دەدرۆیتـەوه لێـی

دەپرسێتەوە ئایا بەو ڕەوشەی کە خوالەسەرزمانی ناردراوەکانی خۆی پێی ڕاگەیاند خۆی دروست کرد یان خۆی لە بیر چۆوە و ورەی بەرداو ئەژنۆی شل و سست کرد؟ مالِكِ يَوْمِ الدِّين واتەخاوە ن دەسەڵاتی ڕۆژی جەزا و پاداشە. وەختێك ئینسانی تێگەییشتوو گەییشتە ئێرە هیچ چارەی نامێنێ کە هەستی لێپرسراوی ڕایدەچڵەکێنێ و بە بێ ئەوەی خۆی ڕاگرێ بەزوویی تەزووی جواب حازر کردن هەموو لەشی دادەگری.جادوای ئەوحاڵەتە پڕ هەست و شوعورە ئینسان تەنیا یەك ڕێگاڵە پێش خۆی دا دەبێنی کە دەرباز بوونی لەوڕێگایە ئەگەر لە سەرلەش و ئەندامیش هاسان بێ لەسەر دڵ ومیشك و سروشتی سەخت و گرانە چونکەوەختێك هەستی لێ پرسینەوە چۆنێو تەندووری سینەوە یەکجێ دەست دەکا بەتەقینەوە و لە هەمو و جودی ئینساندا دەنگ دەداتەوە و لە هەڵۆیستی ملکەچانە دارەنگ دەداتەوە جا بۆیەتەنیا ڕێی بەندایەتی و گوێڕایەڵی هەڵدەبژێرێ وپەیمان دەگەڵ پەروەردگاری خۆی دەبەستێ کە هەربەبەرنامەی ئەودەست بۆ نێعمەتەکان بەرێ و پەیمانی بەندایەتی بەرێتە سەرێ . جابەندایەتی چیە و چۆنە ؟ بۆ وەڵامی ئەوپرسیارە پیویستین بە پێوانی پێشەکیەك هەیە . لەبەرئەوەی کەهەموو ڕێگایەکی مومکین دەبەکاربردنی نێعمەت و ئیمکانات داسەرناکێشێ بۆمەبەست و ئامانجی چاوەڕوان کراو کە جێی کەلکی خەڵکیش بێ ومایەی ڕەزایەتی خوداش بێ

بەڵکە زۆر ڕێگای پێو دراو هەنە کە دە بنە مایەی فەساد و شێوان ویەدبەختی، جالەبەر ئەو زۆری ڕێگایە بۆ بەکاربردنی ئیمکاناتی خودا دادی ئینسان دوای ئەوەی کە ئەو هەستی لێ پرسراویی هەموو ئازای بەدەنی داگرت کەمێك ڕادەمێنێ وداواله پەروەردگاری خۆی و خاوەنی نێعمەتەکان دەکا کە بەرنامەیەکی ڕێ نیشاندەری بداتێ کە ئینسانی ڕێنوێنی بکا بۆلای ڕێگای دروست و ڕاست و ئارام بەخش بۆیەکاربردن و کەڵك وەرگرتن لە نێعمەت وئاسەواری رەحمەتی خودالەبواری پێگەیاندنی نەفسی خۆیدا ، دیارە بێجگەلە بەدیهێنەری ئینسان وڕام کونەندەی جیهانی دەورو بەری ئەو ، هیچ کەسی دی نازانێ ڕێگای ڕاست و تەخت بۆ پەروەردەکردنی نەفس و تواناییەکانی دەروونی ئینسان چیە. واتە ڕێگای بەندایەتی خالیسانە کە بریتیە لە شوێن کەوتنی شەریعەت و هیدایەتی خودا بۆ عاملاندنی نەفسی خۆی بەو ئیمکانات و ئامرازانەوە جائینسان پەیمانی پتەوی بەندایەتی لە گەڵ پەروەردگاری خۆی دەبەستێ ، پەیمانی پەیرەوی کردن لەشەریعەتی ڕێ نیشاندەری خودا کەڕێنوێنی ئینسانی دەکابۆ شێوەی دروست و جێگای ڕەزامەندی خودا لە پەروەردەکردن و بەرەوپێش بردنی نەفسی خۆی دابە و کۆمەڵە ئیمکاناتە سازدراوە کە لە دەسترەسی ئینسان دایە .

شتێکی ڕوون و ئاشکراشە کە ئینسان بە بێ یارمەتی خودای خۆی و ئیمکاناتەکە هەرگیز ناتوانێ کارێك بکا هەربۆیەش داوالە خودا

دەکاکـە پێداویـستی و ئەنـدازەی نیـازی لـە ئیمکانـات پـێ بـدا وەکۆسپەکانی ڕێگایەشی لێ لابدا جا بەو پێیە هیچ عیلاجی نیـە دە بێ داوای یارمـەتی لـە خـودا بکـا هـاوڕێ دەگـەڵ بەسـتنی پـەیمانی بەندایـەتی، «**اِیاکَ نَعْبُـدُ واِیـاکَ نَـستَعین**» جابـە وپـەیمان و داوای یارمەتیە کاری ئینسان وەکو بەندەیەك تەواو دەبێ و هیچ نامێنێتەوە ئیللا ئەوە نەبێ مەدەست بکا بـە پێـوانی ڕێـی بەندایـەتی ، چـونکە تائێرە ئینسان خۆی ناسیوە وجێگەوپێگەی خۆی لـە بوونـەوەر دا بـۆ دەرکەوتووە و چۆنیەتی پەیوەندی گرتنی بەپەروەردگار و خاوەنی خۆی زانیـوە و هـەمو هەسـت و هۆشـی پربووەلەلێپرسـراویی وەپـەیمانی بەندایەتیشی لەگەڵ خودای خۆی دا ئیمزا کردووە و هاوکـات دەگـەڵ پەیمانەکەش داوای یارمـەتی و دەسـتگرتنی بـێ پسانەوەشی یـەك لا کردووە ، کەوابو هیچ کارێك نەماوە ئیللا ئەوەنەبێ کە وەڕێ کەۆی بۆ ئەوکارەی کـە خـوداییێ دەۆی بـەڵام هـەروەکوو کوتمـان ئینـسان ناتوانێ بەبێ گەیـشتنی یارمـەتی خـودا تەکانـەت یـەك هـەنگاویش هەڵێنێتەوە هەروهکو بەگوتنی اِیّاك نستعینلەلایەن ئینسانەوە دەردی کـــەوێ کەپـــەی بـــەوڕازە بردبـــێ وپێـــی لـــەو ڕاســـتیەنابێ جابەوهەڵۆیستەملکەچانەیەو بـەو خۆهەڵاوەسینەبێ وچانەیەئینسان نیازمەنـــدیی خـــۆی بۆکۆمـــەگی خـــودای لەهەرهـــەنگاوێك دا کەهەڵیدێنێتەوە سەلماندووە . جا ئێستا بۆمـان دەرکەوت کەئینسان

لەلایەك داوای بەندایەتی لێ کراوە و لەلایەکی دیش بەبێ یارمەتی خودا هیچی بۆ نەکراوە چونکەدەبێ هێزێکی لەپشت بێ کەهەم پێویستیەکانی بۆدەستەبەریکا هەمیش بەرهەڵستەکانی لەسەرێگای دەریکا مادام وابێ ئەودەمەی ئینسان لەنێوان دورێیان داگیروبەندە، یەکەم بەندایەتی و پەرستنی خودا دوهەم یارمەتی سەرخستنی خوا . بەڵێ وامان داناکە ئینسان عەزمی جەزم کردووە کەخواپەرستی بکاودەیهەوێ پانەرێی بەندایەتی بگرێتە بەریەڵام چونکە بەندایەتی بەدەستگرتنی خودا وە بەندەدەبێ داوای یارمەتیش لەخودابکاکە وابوو عەزم و ئیرادەی لەسەرداوای کۆمەگیش پێویستەونەکردنی ناکرێ جائێستا ئەو پرسیارەدێتە پێشەوەکەچۆن داوای یارمەتی لە خودا بکا؟ ئایا ئەوکارە بە ئینسانی سپێردراوە بە جۆرێك کە چۆنی پێی خۆش بێ ئاوارێگای کۆمەك خواستن هەڵبژێرێ؟ بێگومان داواکردنی یارمەتیش لە خوا رێگاو شێوەی جۆراو جۆری هەیە لەتەواو ترینیە وە بگرە تاناتە واو ترینی. جائایادەگەڵ رەحمەتی خودای دەگونجێ کەلەلایەك داوای بەندایەتی لەبەندەی خۆی بکاوبەندایەتیش بەبێ کۆمەگی وەرگرتن مومکین نەبێ وکۆمەگی خواستنیش رێگای زۆر و زەوەند و لێك جودای هەبێ ؟ ئایادەکرێ و دەگەڵ رەحمەتی خودا دەسازێ کەداوای پەرستنی خالیسانە لەبەندەی بکات بەڵام رێگای دروست و شیاو بۆ مەرجی بەندایەتی کەداوای یارمەتیە، روون نەکاتەوە؟! نا هەرگیز

ئەودو شتەتێك ناكەنەوە . بەشێکی بەرچاولەڕەحمەتی خوداتەوەیە کە ڕێگای یارمەتی خواستنیش وەك ڕێگای بەندایەتی بۆ ئینسان ڕوون کاتەوە.

تا ئێستا لە مێژوی دینەکان دا هیچ هیدایەت و ڕێنوێنیەك بۆ ڕێبازی بەندایەتی نەهاتووە بەبێ ئەوەی کەلەپێشەوەی ئەوهیدایەتە دا بانگەوازی بۆپابەند بوون بەشێوەو رەوشی دروست لەیارمەتی خودا هەبێت. بانگەوازی بۆ نوێژ بۆ بەرپاکردن و بەراست وڕێکی ئەنجامدانی نوێژ . چونکە نوێژ لەزاراوەی عەرەبیدا بەمانای پاڕانەوە لالآنەوەیە،دیارە پارانەوەش بۆ دوشتە یا پێگەیاندنی قازانج یاڕاپەراندنی زەرەر .

ڕێ وشوێنی لەخواپاڕانەوە،یاپاڕانەوەی ڕاست و دروست چۆنە ؟

شتێکی ئاشکرایە کە لەجێی خۆی دابەیان کراوە کەپارانەوە و داواکردن وەختێك بەجێیە و شەرعیە کەمەبەستە داواکراوەکە لەپاڕانەوە دا پێشەکی بۆ چەندرابێ پێداویستیەکانی ئامادەکرابن و بەقەولی ئەوروپیی (زەمینەفەراهم بێ ) بۆنمونە دروست نیە داوای چاوپۆشی وڕەحمەت لە خوا بکرێت ئیللا لەدوای تۆبە و گەڕانەوە و دەست بەردان لەگوناە نەبێت وەڕووکردن دەچاکەیانی ئەوسێ شەرت و مەرجەبۆداوای لێ خۆشبون پێویستن یەکەمتۆبە و بەدل گەڕانەوە . دوهەم : دوری کردن لەگوناە بەکردەوە . سێهەم : ڕوو کردن دەچاکە .

هەروەها دروست نیە کەداوای تێر کردن لـە خـوا بکـەین ئیللا دوای خواردنی خۆراك نەبێ وەهەروەها دروست نیە داوای شیفا و چاکردنەوە لە خودابکرێ ئیللا لەدوای بەکاربردنی داو و دەرمان نەبێ. دروست نیە داوای گەرم کردنەوە بکرێ مەگەر لە دوای بەکارهێنانی ئامرازی گەرمازا . هەروەهایەلەتـەواوی کارەکـان و بوارەکـان دا . جـالێرە دا کەباسی بەندایەتییە بەگوێرەی ئەورێسابەی کەبۆ داواکردن باس کرا، بەندە کەدەیەوێ داوای یارمەتی لەخۆدابکاتاله بەندایەتیدا سەرکەوێ دەبـێ بەعـەزمی جەزمـەوە هـەنگاوێك هەڵێنێتـەوە لـە مـەودای بەندایەتیـدا پاشـان لـە خـۆدا بپارێتـەوە کـە کۆمـەگی بکـات بۆئامـادەکردنی پێداویـستەکانی پەرستن و بـۆ لابردنـی کۆسـپەکانی سـەرەڕێی بەنـدەگی هەربۆئـەوەی کەئەوبەنـدەبتوانێ ئەوهـەنگاوەی کەدەیهـەوێ هەڵیهێنێتـەوە، هەڵیهێنێتـەوە. جانۆیـژ ئەوپاڕانەوەیـە کەدوای عەزم و ئیرادەی بەندایەتی کـردن بەکاردەهێنـدرێ «**فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلَوٰةَ لِذِكْرِي**» .کە لیمـەی «صـلوە» ـ سـەلات ( لـەزاراوەی عەرەبدابـەواتای پاڕانەوەیـە[1] لەشـەریعەت و دیـنی ئیـسلامیش دا هەروەهایە و لـەو مـەعنا و واتایەلانـە دراوە کـە لـەزاراوەی گشتی وعـامی دابەکارهێنـدراوە شـەریعەت واتـەدینی خـوا بـۆ گـۆڕینی

---

١ـ لەکوردیشدا مەشهورە کمیەکێك مناجاتێ دەکابۆ پارشێوێ یابۆجۆمعەی دەڵێن : سەڵایەدەکا یادەڵێن : سەدەق لەسەربانگ وسەلا .وەرگێر.

ئەووشــەیە نــەهاتووە و نــەیگۆڕیوە بــەڵکو ویــستویەتی ژینــەی هەرەتەواوی ئەوکەلیمەیە بداتەدەست خەڵك،یانی لەنێو مەعنایەکانی جۆراو جۆری دوعاوپاڕانـەوەدا کـەلاوازترین وبـەهێزترینیان تێدایـە شـەریعەت مـەعنای هـەرە تـەواوو بـەهێزی لەکەلیمـەی (سـەلات ) هەڵبژاردووە وبەیانی کردو وە کەپاڕانەوە لەتەواو ترین شێوەی خۆی دائەوپارانەوەیەکە (سەلاتە) بەعـەرەبی و نوێـژ بـەکوردی و(نیایـشە) بەفارسی . جابەولێکدانەوە و لەبەریەك کێشانەوەیە لەسەر چۆنیەتی داواکردن لە خودا ولەسەر مەعنای سەلات .ئێستاوەختی وەیەکەبڵێین سەلات و نوێژ پاڕانەوەیە کە کەبەندەی ئیماندار و خوداناس دەیکاتـا پەروەردگارەکەی ئیمکاناتی پێویست لەبڕینی ڕێی بەندایەتی بۆپێـك بێنێ وکۆسپەکان و بەرهەڵستەکانی سەر ڕێی پەرستنیشی بۆلابە ڕێت ئەوە یەکاکڵی نوێژو ڕاستەقینەی سەلات .

جاپاش حاڵی بوونی ئینـسانی لەوراستیەولەمەبەسـتی نوێـژ ئەوجابۆی هەیە وجێی هەیە کەنوێژ بەڕاست و ڕێکی بکـا نێـوەرۆکی ڕاسـتەقینەی بێنێتــە جــێ . بــەڵێ ، پێویــستە بەڵکـەزۆر لازمــە و واجبەپێش ئەوەی کەئینسان تەکانێك بخوا بۆ بەندایەتی خوا ، دەبـێ ئەو ڕاستیە بزانێ یانی کاکڵ و مەبەستی نوێژلێك داتەوە ولێی حاڵی بێ ، بۆ ئەوەی لەپێش هەرهەنگاوێکدا کەبۆ بەندایەتی هەڵیدێنێتەوە پاڕانەوەیەکی تەواو وکەماڵی وەپێش بخـات کەئـەو پاڕانـەوە و داوای

یارمەتیە نوێژە . دەسوورەتی فاتیحادا کەزۆر تەواوو پاراوە[١] ئینسان داوالەپەروەردگاری خۆی دەکا کەئیمکاناتی پێویست بۆ بەندایەتی بۆ هەڵسووڕێنێ و کۆسپەکانی سەرڕێگایەشی بۆڕاپەڕێنی ئەبەوداوا و نزایە پەیوەندێکی تەواو دەگەڵ خودای خۆی بەرقەرار دەکاو پێی وانیە کە بکرێ کەمترین ڕێ ببڕێ بۆ خودا پەرستی بەتەنێ ویەبێ ئەوەی کەخودا بگرێ دەستی . کەخۆی پەیوەند دا بەپەروەردگارەکەی بەونوێژ و پاڕانەوە یە هەردەم و لەگەڵ هەرقەدەم دا یاری خودای دەکاولەبیریەتی چونکەڕاستیەکەی ئەوەیەکە ئینسان هەردەتوانێ سەبەبی کارێك بێنێ دەنا دەستگەییشتن بەئاکام و نەتیجە بەدەست خودایە و ئەوئەنجامدەرە و بەرهەم هێنەرە.ئینسان ڕادەپەڕێ و ڕادەسێ تا هۆوسەبەبی شتێك وەك ئەرکی سەرشانی ئامادە بکائەماهاتنەجێی(مەبەستەسەبەب ئامادەکراوەکە) وابەستە بەئیرادە و هێنانە جێی خودایە . بۆ نمونە ئینسان خۆراکێك دەخوا لە بەر ئەوەی کە داوای لێکراوە بیخوا بەڵام تێر بوون نایەتەجێ ئیللا دوای پەیوەست بوونی ئیرادەی قەتعی خودا بەوخۆراکە خواردراوە نەبێ کەشوێن دابنێ و کابرای خۆراتێربکا .

---

[١]- پاراو = بێ کەم و کووڕی .

نەخۆش دەرمان دەخوایا بەکاری دێنێ بەڵام دەبێ یەقینی هەبێ کەبەکار هێنانی دەرمان بەرانبەنیە دەگەل شیفا و چاك بوونەوە هەربۆیە بە دوای ئەنجامدانی تەکلیفی خۆی داکە دەکارهێنانی دەوایە بە دڵ ڕوولە خاوەنی خۆی دەکات و داوای لێ دەکا کە شیفای بدات پێویستە لێرە دا خاڵێکی وردو شتێکی گرینگ وەبەرچاو بگیرێ لەبواری ئەوە ککول وپشت بەستن بە خوداوە تا ئەوجێگایەی بڕوێتە سەرێ کە هەبوون و نەبوونی ئەسباب و ئامراز لەپەیوەندی لەگەڵ ئاکامەکان دا بە رامبەر بێت و جیاوازی لەبەینی ئەودوو حاڵە تەداتەنیا لە ڕووی جێ بەجێ کردنی ئەرك و تەکلیف بێت . ڕوونکردنەوەی ئەوباسە ئەوە یە کە تەنیا ئەوکاتەی ئینسان دەبێتە یارمەتیخواز و پشت بەستو بەخودا کەحاڵ وباڵ و بیروباوەڕی لەماڵە خۆیو لەنێو سێڵاوی ئیمکاناتدا تەفاوەت نەکا لەگەڵ حاڵ و وەزعی لەبیابانێکی بێ ئاوگیا وقاقڕدا کە هیچ مایەیەکی ژیانی تێدا نابیندرێت ، جیاوازنەبێ حاڵ و باوەڕی لەکاتی لەماڵێ بوون دالەگەڵ حاڵ وبڕوای لەوسەحرا چۆڵەدا سەبارەت بە شۆینەوارو ئاکامی هۆیەکان ، واتە ئەسبابەکان بە تەنیا بە بەدیهێنەری نەتیجە نەزانێ . چۆن ئەومەتڵەبە پەسندکەین ؟ ڕێگای ئەوکارە ئەوەیە کەبڵێین هەبونی ئیمکانات و ئامراز بەمانای وەدەست کەوتنی بەرهەم و شوێنەواری ئیمکانات و ئامراز نیە بەلکوئەوە دووشتن . ئایا هەبوون و قوتدانی خۆراك

بەمەعنا هاتنە جێی تێریە؟ ئایا لە بەردەست دابوونی خۆراك لەگەڵ تێربوون یەك شتن؟ نەخێر . هەرگیز یەك نین . بەڵکو دەکرێ خۆراکێکی زۆر بخوا و جارلەدوای جارێش برسی تر بێ ئەوجارئەوکاتەی کە کابرا لە بیابانێیە ئایا تێر کردن لەلایەن خوداوە تەنیا لە خۆراك یانی ئەسبابە زانراوەکان داکورت بۆتەوە؟ یان ڕێگای دیش هەنە[1]؟!

لە مەیدانی ئەرك و تەکلیف دا ئێمەی بەندە دەبێ ئەسباب و هۆیەکان بەکار بێنین یانی کاری خۆمان لەسەرئەو خە داڕێژین کە کاریگەر بوون و شۆین دانان نایە تە جێ ئیللالە ڕێگای ئەسبابە وە نە بێ نەك لە خودی سەبەبەکەوە بەڵکو لە کانالی ویەوە. بەڵام ئایا فەوتانی سەبەب بەرابەرە لەگەڵ فەوتانی شوێندانان و کارتێکردن ـ تەنانەت لە ڕێگای نائاساییشەوە ؟ مەگەر خودا ناتوانێ تێریکا بەبێ سەبەبی تێر بوون ؟ کەوابوو دەلیلی ترسان لەمەرگ لەوبیابانە ڕووتە نە چیە ؟چۆن فەرقێ دەکا حالی مسوڵمانی حالی لەماڵی لەبیابانی دوورەدەست؟ خۆ خۆراکیش بەتەنێ تێر کاونەبوونی خواردەمەنیش بەرابەر نیە دەگەڵ تێر نەبوونێ ، بەڵکو دەکرێ کەخۆراك لەدەست دابێ و تێریش نەیەتە جێ وەبە پێچەوانەش دەکرێ خواردەمەنی بەدەست دانەبێ و تێر بوونیش بێتەجێ بەڵام دوحالی نێوبرا و تەفاوەتیان ئەگەر هەیە لە

---

١ـ وەك تێر بوونی ئەونەخۆشانەی کەبەمانگ هیچ ناخۆن . یانەوگیاندارانەی کەزستانێ لەخواردن و جووڵانەوە دەکەون . وەرگێڕ .

پەیوەندی لەگەڵ ئەرکی بەندەی دایە یانی ئەو وەختەی کەئینسان لەماڵە خۆیەتی و دەستی وەخۆراك ڕادەگا لەسەری واجبە خواردەمەنی ئامادەکاو ئەسبابی تێبوون بەکاربێنێ و سستی کردنی لەوبارەیەوگوناهە،[1] یانی هیچ نەخواو لەخواش داوا بکا کەتێری کات ، چونکە ئەوە داوایە کە نێوە ڕۆ کە کەی ئەوەیە کە خودایاسای خۆی بگۆڕێ ئەویاسایەی کە دایەزراندوە لە بواری هۆو هۆکاریدا یانی نیزامی ئەسباب و

ئاکام دابەڵام لەبیابانە چۆل وبێ ئیمکاناتەکە داخەیاڵی ئاسوودەیەو تەکلیفی ئامادەکردنی خۆراکی لێ ناکرێ چونکە خاترجەمە کە هیچ سەبەبێك بۆتێر بوون وەگیرناکەوێ بەخاترجەمی پاڵ دەداتەوە و حەولی هیچ نادا تەکلیف دارنیە و بەڵام یەقینی هەیە کە نیزێکی وی لە مردنێ لەو بیابانە داهە بەو نیزێکایە تێیە کە ئەولە نێودەریای ئیمکانات دابێ لە ئاوە دانیەکەی وەلەماڵەخۆی دا ، ئەوەیە مانا و مەبەستی (تەوەککول ) یارمەتی خواستنیش لەخوداهەرمەعنا لێدانەوەیەکە لە وتەوەککول وپشت پێ بەستنە.

کابرای یارمەتی خواز باوەڕی دامەزراوەو یەقینی هەیە کە ئەسباب کاریگەی سەربەخۆیان نیە و هیچ پێکهێنەرێك نیە ئیللا

---

[1] ـ لەوبارەیەوە شاعیرکوتوویەتی : «درتوکل از عمل غافل مشو رمز اَلکاسِبُ حَبیبُ الله» شنو ـ وەرگێڕ .

خودانەبێ جانەبەو بۆ چوون ورۆچوونە پەیوەندی کابرای کومەکخواز بەهۆیەکانەوە پەیوەندی ئەنجامدانی ئەرك و تەکلیفە نەك پێی وابێ کەئەسباب هۆکارەکان کاریگەری ڕاستەو خۆوسەربەخۆنە . بەلام لەپەیوەندی دەگەڵ شوێنەوار و دەستکەوتەکان دابەدڵ ڕوولەپەروەردگاری خۆی دەکا و بەو ویەوەبەندە و چاوەڕوانی وەبەرهێنانی سەبەبەکان لەوی دەکا. هەرچەندی هۆیەك لەهۆیەکان بە کاربێنێ پشت بەخودای خۆی دەبەستێ ویەدڵێکی پڕلەهیواوە ڕووی تێ دەکا و داوای بەرهەم و ئەنتیجەی سەبەبەکەی لێ دەکا . ئەئەوە تەوەککولە و ئیستیعانە ویارمەتی خواستنیش ماناو مەبەستی هەرئەوەیە،چونکە کابرای داواکاری یارمەتی لەخوا دەڵێ : ئەی پەروەرندەم ئەوەمن ئەوسەبەبەیەم ئامادە کردووە بەلام ئەمن لێم یەقینە کەئەوسەبەبە هیچ کارێك ناکاوشۆینێك دانانێ بەڵکو هەموو شتەکە بەدەستە تۆیە ئەمن ئەرکی بەندایەتیم بە جێهێناوە بە ئامادە کردن و بەکاربردنی هۆیەکان بەلام کاری گەییشتن بە بەرهەم و شۆینەواری ئەو هۆیانە لە دەست پەروەردگار دایە . ئەمن لەچوار چێوەی وابکە و وامەکە، وە خۆکەو تووم کەدەستوورم پێدراوە ئەوسەبەبە دەکارکەم و هۆ و سەبەبە بەرکەنار کەم ئاوام کرددوە ئێستانەوەندە ماوە کە ئەتۆ بەباری پەروەردگاریت داوەکار کەوی و ئەنجام بدەی ئەوەی کەپەیوەندی بەچوار چێوەی چ دەبێ و چ نابێوە

هەیەچ شتێك دەبێ دوای ئەوسەبەبسازیەی منی بەندە و چ شتێك نابێ ؟ ئەئەودوو شتە پەیوەندیان بەپەروەردگار وە هەیە و ئەمنیش بۆ هاتنە جێی ئەو نەتیجەی کە هۆیەکەم بەکارهێناوە پشتم بە تۆ بەستووە و داوالەتۆ دەکەم کە بێنێ جێ ئەوبەرهەمەی کەئەمن سەبەبەکەم ئامادە کردووە . ئەئەوەیە مانا و نێوەرۆکی یارمەتی خوازی وەهەرئەوە شەمەبەستی دوعا و پاڕانەوە و نوێژ ، حاسڵ و کاکڵی مەتڵەبەکە ئەوەیە کە بەندایەتی خودادەبێ بکرێ ویارمەتیخوازیش هەوەڵین مەرج و پێداویستی ئەوکارەیەوتەواوترین و پاراوترین شێوەی یارمەتیخوازیش نوێژەکەوابوو ئەویش دەبێ حەتمەن هەبێ ولەپێشەوەش بێ هەربۆیەش خوابە بەندەی خۆی کەمووسایە ی دوای هەڵبژاردنی بۆپێغەمبەردەفەرمووی«**إِنَّنِی أَنَا اللهُ لاإِلَهَ إِلّا أَنَا** »واتەبەڕاستی ئەمن خۆمم خودا و هیچ خودایەك نیە ئیللا خۆم نەبێ . ئەوە ڕاستیە کە بێ ئیشکالە کە وابوو «**فَاعْبُدْنِی**»ئەمن بپەرستەئەوە هەڵوێست و ئەرکی تۆیە لەبەرابەر ئەو حەقیقەتە دا و بۆ بەڕێوەبردنی بەندایەتیش پێویستە هەمیشە ئەمنت لەبیر بێ و بۆ ئەولەبیر بوونەش دەبێ نوێژ بەڕێك و پێکی ئەنجام بدەی «**وَأَقِمِ الصَّلَوٰةَ لِذِکْرِی**» دەبینین کەلەسەرەتای بەندایەتیدا خوا باسی نوێژدەکایانی، هەوەڵین کارێك کەدەبێ لەمەیدانی بەندەگیدا بکرێ نوێژە . دەفەرموێ نوێژیش بەڕاست و ڕێکی بکە تا یادی خودای تێدا بکەی چونکە

هەوەڵین شتێك کە بەندەدەبێ گرینگی پێ بدا نوێژ و داوای کۆمـەگی وشارەزایی کردنە لە خودا .

## هۆی هەڵبژاردنی سوورەی فاتیحا بۆ نوێژ

جاپاش ئەوەی کە ئینسان ئەوتێگەییشتنەی کە تـا ئێرەبـاس کـراوە بـۆی پەیـدابوو وە دە سـوورەتی فاتیحـاش داڕێگـای ڕاسـت و دروستی پاڕانەوە داوا کردن ڕوون کراوەتەوە بۆی هەیە بڵـێ : **«اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَاالضَّالِّينَ .»** یانی ( ئەی خوایە شارەزای ئەوڕێگاڕاستەمان بکە کە باس کرا .[1] ڕێگای کەسانێك کە ئەتۆ نێعمـەتی هیدایـەتت بەسـەردا هەڵڕژتن ، نەك ڕێگای غەزەب لێ کـراوان وڕێ ونکـەران .) ڕێگـای ڕاست کەباس کراوە ئاشـکرایە ڕێگـای ئـەوە یـە کـە ئینـسان بزانـێ خۆداپەروەردگاری هەموو جۆرە بوونە وەرێك وئافرێندراوێکە ، دارای هـەمو بەشـە ڕەحمـەتێك و بەخـشندەی ڕەحمەتەکانیـشە ، خـاوەن دەسەڵاتی ڕۆژی جەزا و پەسڵانە ، جا کاتێك ئەوراستیانەی لە دڵ دا دامـەزران دەروونی پڕدەبێ لە شەوقی خودا و ترس لەو خاوەنی ڕۆژی چەزایە و پەیمانی بەندایەتی لەگەڵ دەبەستێ و داوای یارمـەتیشی لێ

---

١ـ یانی لە « الحمـدلله ربّ العـالمین ڕا هـەتا نـستعین ،باسـی ڕێگـای راسـت ویـۆ چـوونی هەرەتەواوو دروستە» ـ وەرگێر.

دەکا . ئەئەوەیە ڕێگای ڕاست و فکری دروست . دوای ناسینی ئەورێگاڕاستە لە خودا داوا دەکەی کە شارەزای ئەورێگایەت بکا «اِهْدِنَا الصِّراطَ الْمُستَقيمَ» ئەورێ ڕاستەو یەکسەرەی کە بە ئاوات و مەبستت دەگەیێنێ ڕێگای کە سانێکەکە نیعمەتت بەسەردا رژاندون مەبەستی بنەڕەتی هەرئینسانێك ئەوەیە کە بچێتەنێوڕیزی خۆشبەختان و نێعمەت لەگەڵ کراوان . نەك ڕێگای غەزەب بەسەرداباراوان

وەنەڕێی ڕێ ونکەران نە ئەورێیەی کەسەردەکێشێ بۆ تووڕەیی خودا و نەئەورێگایەش کە ڕیبوارەکانی سەرلێشێواوان . ئەوەوەیە نوێژ ، ئەو پاڕانەوە وداوایەگەورەترین داوا یە وتەواوترین نزایە بە جۆرێك کە هیچ بەشێك لە پاڕانەوە و داوانیە کە بە شێك لەوپاڕانەوە تەواو و بەرپلاو و نیازداگرە نەبێ ، بەڵام جوان نیە بەڵکە دروستیش نیە کە ئەودوعاو داوای هیدایەت بۆ ڕێگای خودا پێداوان بکرێ ئیللا لەپاش وەپێشدانی ئەوپێشەکیەنەبێ کە لە«اَلْحَمْدُ لِلّـه رَبِّ الْعـالَمين» راهەتا«إِيّـاك نَستَعينَ» ـە چونکە ئەتۆ بەو حەمدوسەناو عەهد و پەیمانە دەتهەوێ داوای شارەزا کردن بۆلای ڕێگای ڕاست بکەی کەوابوو لەپێشدا لەسەرت پێویستە ئەو کەسەی کەداوای شارەزایی لێ دەکەی بیناسی وەدەبێ ڕێگاڕاستەکەش بناسی[1] ولەزەینت دا جێگیربێ دەناناکرێ

[1] ـ یانی لە « اَلْحَمْدُلِلّه » دا هەتا « نَستَعين » باسی ڕێگای ڕاستە ـ وەرگێر .

داوای پیشان دانی ڕێگایەك بکەی کە نازانی چ ڕێگایەکە . ئیستائەوە ئەتۆ بەتەمای ئەوداوایەی بەلاّم ئەۆ پیشەکیەوەپیش دێخی بۆئـەوەی ئەوجۆرەی کەپێویستە وشایستەی ئەوداوایەیە ئەئەواییکەی . بەڕاستی ئەئەوەڕاستەقینەی نۆیژ و پارانەوەی هەرەتەواوە . ئەلێرە دا حیکمەتی هەڵبژاردنی ئەوسووڕەتەیە بۆنیو پڕی نۆیژ و کردنی بەواجب لە نۆیژیَ داباش دەردەکەویَ چونکەنۆیژ پاڕانـەوە و داوایـە و داواش شـێوەی هەرەتـەواوی «اهْدِنَا الصِّراطَ الْمُستَقِيمَ . صِراطَ الَّذِينَ أنعَمْتَ عَلَيهِمْ غَيْرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ ولَا الضَّالِّينَ [١]» ـبەلاّم هەروەك کوترا دەبیَ پیشەنگی ئەو دوعایە هەبیَ . لە ئەتیجە دادەڵێن : نۆیژ و داوای تەواو سووڕەتی فاتیحایە و ئەوسوورەتەش بۆ یـە دە نۆیـژیَ دادە خۆینـدریَ بەخاتری ئەوەیە کە تەواوترین شێوەی دوعایە نەك لەبەرئەوەی بیَ کە بە شێکە لە قوڕئانیَ وەهەر شتێکیش کە دەنۆیژیَ داهەیـە بەغـەیری سووڕەتی فاتیحایە[٢] یا پیشـەکیە بۆ ئەو ، یان پاڵپشتە بۆ ئـەو یـانی تەواو کەرەیا یـا بەیانگـەری شـۆینەوار و شـەپۆلی فاتیحایـە تـائیڕە

٢ـ هەروەکو پێغەمبەر (ص) فەرموویەتی (لاصلواةَ لِمَنْ لَمْ يَقرأ بِفاتِحَهِ الْكِتابِ ).

٣ـ تەنانەت بانگ و قامەتیش هەرلە دەوری ڕاوەستان و ڕیزبوون بۆ خۆیندنەوەی سروودی عەزەمـەتی خـودا دادەگەڕێن ، وەك سروتی پادگانی کەبۆ خربوونەوەی سـەربازانە و بۆڕیزوە و ئیعلامـی گیانفیداییـە ۆ نـۆی کردنەوەی پە یمانە . وەرگێر .

کورتەیەك بوولەبارەی نوێژدا. ئەگەر خودا حەزکا ئەوکورتەیەلەداهاتوو دا زیاتر و باشتر ڕوون دەکەینەوە .

## درێژەی حیکمەتی کاتەکانی نوێژ

هەتائێرە گەییشتینە ئەوقەناعەتەی کە بەندەی خودا پێش ئەوەی هەنگاوێك هەڵێنێتەوە بۆ بەندەگی واجبە لەسەری نوێژ بەرپابکا و نوێژی بێ کەم و کووڕی و تەواوو ڕاست و ڕێك بکا . هەربۆیەش ئەو وەختەی کە لە خەوی غەفلەت وەخەبەردێ و لەخەوی پچڕان لەخودا هەڵدەستێ چاو دەگێڕێ تەمەشا دەکا ئەوە سیوا د دانە و سپیدەی ، بەیانی هاتۆتە دەرو دەبینێ کەناڵ و گۆڕێك لە دنیا و بوونەوەر داڕویداوە جابە تێڕ وانینی لەوتەغیر و تەحەوولاتە کە دنیای داگرتووە دەکەوێتە یادی ئاڵ و گۆڕی هەرەگەورە کەڕوودانی دنیا خرابوونە چونکە ئەوکەسەی کە توانیویەتی ئەوگۆڕانە بێنێتەگۆڕێ وشەولابەرێ و ڕۆژی ڕووناکی لە جێ دابنێ دەشتوانێ ئاڵ و گۆڕە گەورەکەی دنیا خرابوونیش بێنی و ئەو بوونەوە روجیهانەش کە ڕێکادەدا ئەوگۆڕانەی بە سەردابێ ڕێکاش دەدا بێجگەلەوەی گۆڕانی دیشی بەسەردابێ ـ مست نمونەی خەلوارە ـ جادەکەوێتە یاد و بیرەوەری ڕۆژی دوایی و دیارە وەبیرهاتنەوەی دواڕۆژیش هەست کردنە بە لێ پرسراوی وئاوڕدانەوەوسووڕانەوەیەبۆ لای ئەرکی بەندایەتی بۆخۆئامادە کردن بۆنەجات لەڕۆژی قیامەت دا

جابەورد بوونەوە لە سیوادی بەیانی کەسەری هێناوەتەدەر بۆ ئەرك و واجبی سەرشانی کەبەندایەتی خودایە وشیارو ئاگادار دەبێتەوە و سەریشی سوڕدەمێنیّ لە خەڵکی دەوروپشتی کە بۆڵەونیشانە ئاشکرایە کە بەڵگەیە لە سەرهاتنی قیامەت ، غافڵن و هەڵوێست ناگرن جاتەواو تووڕەدەبیّ و لە داخان دەیهەویّ بەگژیان دابچیّ بەلاّم ئەو وەختە وەختی کێشە و هەرانیە با ئەوکێشە یە بودوایە بیّ ئەما ئێستا وەختی خەریك بوون بەکاری خەڵك نیە . ئەوکەلەخەڵکی تووڕەیە چونکە دەرکی ئەونیشانەو بەڵگەیە ناکەن و هەست بە لێپرسراوی ناکەن و ڕێگای بەندایەتی ناگرنەبەر ، نابیّ ئەرکی خۆشی فەرامۆش کا با ئەوهەست بە لێپرسراویی بکاو ڕێگای بەندەیی بگرێتە بەرو ئێستاددان بەجەرگی خۆی داگرێ لەسەرئەوەی کەپێی دەڵێن یالەبارەی دوارۆژ دادەیڵێن بۆ بەگژداچوون و شەڕدەگەڵ کردنیان وەختێکی دی هەیە وکات قات نەبووە . بەلاّم ئەلعان با نوێژ بەجیّ بێنیّ ، چونکە ناتوانیّ هیچ بەشێك لەبەندایەتی بەجیّ بێنیّ بەبیّ کۆمەگی وەرگرتن بەنوێژ . هەرئاوا بەتێڕوانینی لە سیوادی بەیانی دەگاتە ئەو قەناعەتە کە نوێژ لە و دەمەی دا واجبە و پەی بەوە دەبا کەواجبە نوێژ بکا . لەوبارەیەوە خوا فەرمویەتی: **«فَاَصْبِرْعَلی مایَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّکَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الغُرُوبِ»** واتە (سەبرو بەخۆ وەستانت هەبیّ لەسەرقسەی ناخۆشی بەرهەڵستکاران

وبێ عەیبی پەروەردگاری خۆت بەپەلە و بەستایشەوە بێنە جێ . یان بە هۆی حەمد و ستایشی خودا پاکی خودات بێنە جێ بە چاك ئەنجامدانی نوێژ ، لەپێش سەروە دەرنانی ڕۆژ و لەپێش ئاوابوونی ڕۆژدا ). لەوبوارە دا فەرموودەی دیکەش زۆرن لە قورئان دا هەموویان بە لایەنێك یاتایبەتە نلیەکی ئەووەختەی ئیشارە دەکەن یانی وەختی نوێژی بەیانی .جا پێویستە کە بەندەی خودا سرنج بداتە ئەوفەرموودانە و تێیان بگات و هاوڕێ دەگەڵ تێگەییشتن لەوان نوێژەکەی ئەنجام بدات . جابا بەوئیشارەتە کور تەیە واز لەوباسی بەیانەیە بێنین وبچینەوە سەرباسی نوێژو پێداویستیەکانی .

## حیکمەتی دەسنوێژ گرتن

کوتمان بە سرنج دانی ئینسان لەوەختی سیوادی بەیانی داووە بیرهاتنە وەی قیامەت و لێ پرسراوی ئینسان تێدەگاکەدەبێ نوێژێك لەووەختە دائەنجام بدا چونکە لەخەو هەستاوە و ژیانی بێدارانەو وشیارانەی دەست پێکردووە و دەزانێ پێش ئەوەی هەنگاوێك باوێ دەبێ هانابە رێتە بەرپەروەردگاری کە یارمەتی بدات خۆ نوێژیش گەورەترین داوا و هانایە . کە وابو واجبە لە سەری نوێژ بکا دەی دەبێ بەپەلە بڕوا بۆلای نوێژ کردن بەڵام بەوحاڵەی کە تێیدایە خەواڵو و تازە لە خەوهەستاو ؟ خۆناکرێ ئەوبەو حاڵ و وەزعە لە حوزور خودای خۆی ڕاوەستێ ، چونکە دەرو ژووری ئەوبەندەیە ئامادەیی نیە

بۆ ملاقاتی پەروەردگاری خۆی کەوابۆ ئەگەر لەش پیس بیێ دەبیێ خۆیشوا ئەگەر واش نەبیێ بۆ ئەوەی خاوی خەوی لەسەر لاچیێ دەبیێ دەم و چاوو دو دەستی دەگەڵ ئانیشکان بشوا و دەستی تەڕبەسەر سەری دابێنیێ و دولاقەکانیشی هەتا سەرەوەی گۆیزینگەکانی بشوات بەچاکی هەتا بە دەرەوە و دەروونەوە ئامادەیی هەبیێ بۆ دیداری پەروەردگاری جادەبیێ لە شی پاك و پۆشاکی خاوێن و جێگای خاوێن بۆ ملاقاتی خودای خۆی ڕێك بخاوتەوجییانەی کە جوان نیە بە دەرە وە بن لە بە دەنی دەبیێ دایانپۆشیێ تاخۆی جوان وڕازاوە بکاوبەفەرموودەی قورئان لەجێی سوجدە و عیبادەتیێ دا جوانی خۆی بە ڕێوە بەریێ تا ڕازاوەبیێ لەکن جێگای بەندایەتی و لەوەختێکدا لەبەردەستی خودای خۆیدا ئامادەدەبیێ بۆ ڕاز و نیاز کردن کە نوێژە «خُذُوا زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ» اعراف ئایە۳۱ .

## حیکمەتی ڕوودەڕووگەو کابەکردن

دوای ئامادەبوون بۆنوێژ بەوجۆرەی کەکوترا وەختی ئەوە دیێ کەڕوودەکۆی بکا؟ چونکە خودا لە هەمرولایە کە و دەگەڵە ویەلە هەموو جێگایەك[1] ،ئەمالە بەرئەوەی کە ئینسان لە ڕووح و لاشەیەك

---

۱ـ ئەوودەگەڵ بوونە بە عیلم و دیتن و بیستنەوەك بە جەزرەتی مووساوهاڕوون (ع) فەرموی :«إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَى» ئایە ی ٤٦ سورە تاها .وەرگێڕ

پێکهاتووه و لاشـەش قالبێکـە و جەنـدەك و هەیکـە لێکـی هەیـە و بەشەر بیهەوێ و نەیهەوێ شۆین وەردەگرێ لە هەڵسو کەوتی جەندەکی و هەروەها ڕووح و ڕەوانی بەشەریش کە لە نیۆ قاپۆڕی بـەدەن دایـە بەو بەدەنەکاری تێدەکرێ بۆیە نـاکرێ ڕەوانـی ئینـسان ڕوودە شـتێك بکاتن بەڕووتێکردنی دەروونی ونهێنی ئیللا بەکۆمەگی وەرگـرتن لـە ڕوو تێکردنـی ڕواڵـە تـی و قالبەنـدی نـەبێ جاهـەروەختێك ڕووحـی ئینسان بیهەوێت ڕوودە خودای خۆی بکات هیچ چارە نیە دەبێ بەدەن و جەستەڕوودە خودای بکات تا مەودا ئامادەبکا بۆ ئەو ڕووتێکردنە دەروونیە و لە لایەکی دیش ئەوکارە هاسان کراوە و ڕێکخراوە چونکە پەروەردگاری کارقایم و ئاگاردار بە هەموو نیازێك پێشتردە ستووری داوە و کارێکی وای کردووە کە خانووەك بۆ ڕووتێکردن لە سـەرزەوی دروست بکرێ کە ئەوماڵە پێتەخت و پێگەی حوکمڕانی خودا بێ لـە سەرزەوی کەبەندە فەرمانبەرەکانی ڕوویان دەوماڵە بکەن تا بە گیان و دڵەکانیشیان ڕوودەخاوەنی ماڵەکەبکەن ، هەرۆەك چۆن بەندەی هـەر فەرمانڕەوایەکی پەرستراولەغەیری خودا بەلاشە و بەدەنی ڕوولەبارەگاو باڵەخانەو شاری فەرمانڕەوایەکـەی دەکاتەبـەوکارە وانیـشان بـدا کـە بەدڵیش ڕووی لەخاوەنی شارە کە و بارەگایەکەیە بۆ یە بەندەی خودا ڕووی دەماڵی تایبەتی خودا دەکاتا ئەو دڵەی کە دەنێـو بـەدەن دایـە

ڕووی دەخاوەنی ماڵەکە بکاوبەوکارە بە تەواوی ئامادە دەبێ بۆ ملاقاتی خودای خۆی .

## حیکمەتی ئەڵڵاهو ئەکبەڕی نوێژ دابەستن

دوای ئەوڕوو تێکردنە بە قالب و قەلبەوە گەورایەتی خودا بەکردەوە و کوتە ڕادەگەیێنێ کەهەر دوودەستی وەکووچەستی سەربازی بۆلای بنانگۆی بڵیند دەکاتەوە.دەڵێ «**اللّٰهاکبر**» یانی خودا گەورەترە خوداگەورەترە لە هەموو گەورەیەکی . بەڵکەگەورەترە لە هەرچێکی کە خەیاڵ و گومانی گەورەیی لێ بکرێ لە بەرابەر خودادا.کەلیمەی (**اَکْبَرْ**) لە مەسدەرو ڕیشەی (**کِبْرِیاء**) ڕاهاتووە کیبریائیش بەمانای سەربەرزی وسەربەخۆیی خوازیە بە جۆرێك کەبۆ کەس یاشتیك ملکە چ نەبێ ، هیچ شتێك نیە کە خودای دەستەوەستان بکاو حاسێی کا خۆ خوداوە کوونەو فەرمانڕەوایانە نیە کە قەید و بەندی زۆریان لەدەست و پێی دایە . هیچ وەختێك خودا وەك ئەوئیتاعەت لێکراوەی یاهۆ و بەخودا دانراوەی نیە کە بە دەلیلی ئافەریدەبوون و خولقێندراویان کۆت و بەندی زۆریان لەسەرە. خودا گەورە ترە، لێرە داوا دادەندرێ کە چەند خاوەن شکۆ و خاوەن بەرزیەتی هەنە کە کەم تا کورتێك داوای گەورەیی و دانەهاتن دەکەن بەڵام ڕاستیە کەی ئەوەیە کە خودا گەورەی بەڕاستیە و لە هەموو گەورەیەکی فەرزی و خۆبە گەورەدانەرگەورە ترە مادام وایە با ئینسان

ڕوو تێکردن دەهەریەك لەوان وێل بکاو وەلابنیٚ وڕوو لـە هەرکـەس و لەهەرشتێك وەربگێڕیٚ و ڕوودەخودا بکاو بەتەنیٚ بەگەورەی دابنیٚ . نەفامەستەمکارە تاهەقەکان ڕوولە کەسانێك دەکەن کەوەکوو خۆیـان لە نێو قەید و بەندی جۆراو جـۆردان . بـەدڵ ڕوودەکەسـانێك دەکـەن کەوەك خۆیان بەندە و ژێر دەستن بەڵام ئەوکەسەی ئەوشتانە بزانیٚ کە لە سووڕەتی فاتیحا داڕابردن هەرگیز بـەدڵ و دەروونـی ڕوولەغـەیری خودا نا کات بەڵکە بەهەڵگرتنی درۆشمی (( ئەڵلاهو ئەکبەر )) وەڕیٚ دەکەویٚ بۆلای خودا و دەرکی دڵی دادێخیٚ بـەڕووی غـەیری خـودادا « اَللّهُ اَکْبَرْ» بەرەو خودا و دڵ داخـستن لـە غـەیری ئەوکەسـەی کـە سەفەر ەکەی بۆلای وی دەست پێکردووە .

## دوعای دەست پێکردنی نوێژ

جائەوسەفەرە خۆشفەڕەکیٚ دەتوانی بیکا ؟ بیٚ گومان کەسێك شـیاوی ئـەو سـەفەرەیەکە سـوکبار بـیٚ ، کەسـێك بـیٚ کـە پـشتی لە بن باری گوناهان دانەچـەمابێتە وە و بەڕوولەغـەیری خـودا کـردن تاوانی زۆر لە سەرکەڵەنەبیٚ کەوابوو لازمە لەسەرنوێژ کەرخۆی سووك و سەقاوەت بکا لەویارانەی کەپێش ڕووکردنە قوبلە و دەست پێکردنی سەفەری بەرەوخودا کەوتوونەتە سەر پاشتی . بۆیە جێی خۆیەتی ئەو دوعایە بخۆێنی کە ڕاست و دروستترین دوعـای دەستپیکردنی نوێـژ

کەریوایەت کراوە[١] « **أللّهُمَّ باعِدْ بَيْني وَبَيْنَ خَطاياىَ كَما باعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ** » ئەی خوایە دووری بێخە بەینی من و تاوانەکانم هەروەك چۆن دووریت خستۆتە بەینی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان یانی دەکرێ دووری بخەیە بەینی من و خەتایەکانم هەروەك ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوات لێك دوور کردۆتەوە هەردووك مومکینن . جائەمن لە تۆ داوادەکەم کە دووری بێخیّ بەینی من و تاوانەکانم و دڵم وەك ڕۆژ هەڵاتیّ ڕۆوناك کەیەوە و دووری ڕاگری لەهەموو تاریکایی ورەشاییەك و تاوانەکانم ڕاپەڕینی بۆ ڕۆژئاوایە.«**أللّهُمَّ نَقِّني مِنْ خَطاياىَ كَما يُنَقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ** » ئەی خوایە دڵی من پاك کەیەوە لە چلکی گوناهان هەروەکو چۆن پارچەی سپی لە چلکیّ پاك دەکرێتەوە یانی پاك کردنەوە لە گوناهان کارێکی ئاساییە هەروەکو پاك کردنەوەی لیباسی سپی لە چلکیّ مو مکینە ئەمن داوات لیّ دەکەم کە دڵم وەك پارچەی سپی لیّ بکەی و لە چلکی گوناهانی پاك بکەیەوە .«**أللّهُمَّ اغْسِلْني مِنْ خَطاياىَ بِالثَّلْجِ وَالْماءِ وَالْبَرَدِ**» ئەی خودایەئەمن بشۆیەوە لە گوناهان بەبەفرو ئاوو تەرزەی بەهەر ئامرازێکی کەبەکار دەهێندرێ بۆپاکی و خاوێنی . جاهەتائێرە لەخۆی

---

١ـ بە غەیری ئەو دوعایە ئایەتی «**وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذي**» ش دەخوێندرێ کەئەویش ڕیوایەت کراوە و زۆریش دەگەڵ حاڵەتی ڕوودەخودا کردن و خالیس کردنەوەی بەندایەتی بو خودا لە « **إيّاكَ نَعْبُدُ وَإيّاكَ نَسْتَعين** »دادەگونجیّ . وەرگێر

داماڵیوه هەرگەردو غوبارو چڵیکی کەمانیعی ڕوودەخوا کردنە ئەوەی کەپەیوەندی بەڕابردوو حاڵی نوێژ دامەزراندنەکەوە هەیە .اَللهُ اَکْبَرْ ڕوو کردنە پەروەردگارە و وازهێنانە لەڕووکردنەغەیری ئەو ، ئەی خودایە دەگەڵ گوناهانم لێکن دوور کەوەتا ئەوبارە گرانانەی کەکەو توونە تە سەرم و هەرمانەتەوە ڕیێ ڕووتێکردنی تۆم لێ نەگرن . ئەوە سەبارەت بەڕابردوو بەڵام بۆ داهاتوو دەبێ چ بکاکەباری گوناه نەیەتەوەڕیێ ؟ یان کوسپێکی دیکەنەیەتەسەر ڕێی؟

## حیکمەتی ئیستعازە و پەنابردنەبەر خودا

بەڵێ، لەبارەی داهاتووش دانەتەنیا کۆسپێك بەڵکو چەندە ها کۆسپ لەسەرڕێی بەرەو خودا چوون هەنە ئەگەر بێتوو پەروەردگارەکەی نەپیارێزێ و پەنای نەدات لە چەنگ بەرهەڵستەکانی هەرگیز ئەو نوێژ کەرە بۆی ناکرێ ئەوجۆرەی کە شیاوە ڕوودەخودای خۆی بکات هەربۆیە ڕەگەڵ کهسانی دیکەش دەکەوێ و دەڵێ:« نَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّیْطانِ الَّرجیمِ » (پەنامان وەبەرخودا لەچەنگ شەیتانی ڕەتێندراوو ڕاتەو لێنراو.) چونکە بەندەی خودا لە بەندایەتی کردندا بەتەنێ نیەو بەتاقەوە نوێژ و نزاناکابەڵکو لەگەڵ کۆمەڵە ئینسانێکدا هانادەباتەبەر خودا لەدەست فیتنەو فتووری شەیتانی دەرکراو لەدەرکی خودا دەبێ بەدەستەجەمعی پەنابەرێ . لەهەرچی شەیتانەو خووو خدەی ئاورینی هەیە و هەرلە سر و شتیدا حەسوود و قین لە دڵ

و خۆهەڵکێشە و بەهۆی تەبیعەتە ئاورینـە کەوشـەڕانیەکەی دەبێتـە کۆسپ لەسەر ڕێی ڕووله خودا کردن و بەرەو خوداڕۆییشتن بەوجۆرەی کە شیاو و گونجاوە . ئەوشەیتانەی کەلەبەر پێوە دیار بوونی بەدفەڕی و تێکەڵاوی بەردەوامی لەگەڵ گۆنگـەل و لەخشتەبردنی خـەڵکی ، ڕاتەوڵێنراوەو دوور کراوەتەوە لەڕەحمەت و بەزەیی پایـەداری خـودا . پەنام وەبەرخودا لەدەست ئەوبوونەوە رەپڕخەتەر و بەدنیهادە .

## حیکمەتی بیسمیلاهی کردن لەهەوەڵی نوێژەوە

هەتا ئەوجێگایەی ، هاتوینە کەبەندە ئامادەیی تەواوی دەبێ بۆ ڕووکردنە خودا لەداهاتوووداهەروەکو لەحاڵی پەنا بردنە بەرخوداش دا هەرڕووی دەخودایە، دیارە لە دوعای دەستپێکردنیـشدا داوای لـە خودا کرد کەباری گوناهی لێ دوورکاتـەوە کـە لـەڕابردوودا لەسـەری نیشتبوودەبۆ مـانیعی پەیوەنـدی گـرتن لەگـەڵ خـودا.بـەڵام تـەواوی ئەوکارانەبۆچـی دەکـران وپـێش قـەراو لـی چ بـوون ؟ وەڵام ئەوەیـە کەهەموو بۆ ئەوەی بوو کەداواله پەروەردگارەکەی بکاتـا ئیمکانـاتی بەنـدەیی کردنـی بـۆ ڕێـك بێخێـو کۆسـپ و بەرهەڵـستەکانی لـێ دوورکاتەوە ئەمما ئایا ئەوبەندەیە لەو داوایەی هیچی دەستگیر دەبێ و ئەوداوایە هـیچ قـازانجی پـێ دەگـەێنێ بـەوجۆرە کەمەنفەعـەتێکی بۆدابین بکا یازیانێکی لێ دوورکاتەوە؟وەڵام ئەوەیە بەڵێ : ئەدی ئەوە نیە بەنێوی خودای خاوەن ڕەحمەت وبەخشەندەی ڕەحمەت وبەخشەندەی

ڕەحمەت دەست پێدەکەم ویارمەتی لەونێوە گەورەبە وەردەگرم؟ «بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِیم» مەعنای ئەوجوملەیەچیە؟مەگەر ڕەحمان مانای ئەوەتیەکەخودا هەمووزاتی رەحمەتەو ڕەحمەتی وی هەموو ولاتی داگرتووە؟ وڕەحیمیش بەکەسێك دەڵێن کەبەردەوام ڕەحمەت دەنێرێ و ڕەحمەت درێژی ئەووەختەی کەقازانجەکان دەداتە دەست وەزەرەرەکانیش لادەبادیارەبەندەش لەدوعایەکەی خۆیدا هیچ کارێك ناکا ئیللاداوای گەیاندنی قازانج ولەڕێ لابردنی زیان وزەرەرنەبێ کەوابوو «بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِیم» ئەوەبەهێنانی نێوی خوداوهاوڕێ دەگەڵ یادی خودای رەحمان و ڕەحیم کەهەموو قازانج و زەرەرەکان بەدەستەوینەوگەیاندنی قازانج و لەکۆڵ کردنەوەی زەرەریش هەربەدەستە ویە دەست دەکابەو داوایە . وەختێك ئەوابێ بێگومان دڵی ئینسان دادەمەزرێ و پشت ئەستوورە کە بەداخوازەکەی دەگات چونکە بەیاد و نێوی خودای خاوەن ڕەحمەت و بەخشەندەی رەحمەت ئەوداوایە دەکا . ئەڵلای ڕەحمەت فراوان و سەخی و دەست ئاوەڵاو بەدەسەڵات لەسەرهێنانی سوودو دوور خستنەوەی زیان . دەبا خانزجەم بێ ئەوبەندەیە لەسەرداخوازەکەی و دوای ئەو دڵ تەخت بوونە وەختی پارانەوە کەو داواکردنی هیدایەت بۆرێگای ڕاست دێت . بەڵام پێویستە هەروەك دەپێشدا باسمان کرد کەدەبێ پێشەکیەك لەسەرئەو داواگەورەیە وە

پێشخاکە دەوێدا ڕێگای ڕاست بناسێ بۆ ئەوەی کەداوا کردنی هیدایەت لە خودا مومکین بێ و لە ڕووی و شیاری و دڵڕوونی بێت .

## حیکمەتی ئەلحەمد و لیلا کردن لەسەرەتای ئەوپێشەکیە

«اَلْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعـالَمِينَ» هەڵوێستی ئینسانی لەبەرابەر پەروەردگاری خۆیدا حەمد و ستایشگەریەوە پلەو پایەی خودا لە پەیوەندی لەگەڵ ئینساندا پەروەرگارییە . جالەو ڕو وەوە کەخودا پەروەرندەی هەموو جۆرە بوونەوە رێکە تەواوی ستایش و پێداهەڵکوتن بۆ ئەوشایانە . ماناو نێوەرۆکی «ربّ العالمین» چیە؟ وشەی ڕەب واتایەکی کورت و گشتی هەیە کەبەزاراوەی فارسی بە ( خداوند و خدا) مانا دەکرێتەوە . بەلاّم ئەگەر لە بەریەکی بکێشینەوە سەردەکێشێ بۆلای پێنج مەعنایان، هەوەڵین کارێك کەرەب دەیکا ڕاکێشانی خێرو قازانجە بۆ دەستپەروەردەکەی . سەرپەرست و کارسازی دارێکی شینکراو هەوەڵین کارێك کەبۆ دارەکەی دەکا ئەوەیە کە پێداویستی و خۆراکی ژیانی دارەکە دابین دەکا . بە دوای بەراوەردەکردنی خۆراکی پێویست ، بەلاّ و ئافاتی لێ دوور دەکاتەوە و کۆسپەکانی سەر ڕێی پێشڕەفتی لادەبات ، مادام وایەمەعنای یەکەم لەوپێنج مەعنایاتەی رەب دەبێتە دابین کەری خێر و مەسڵەحەت ، پێکهێنەری ئیمکانات دەکرێ بەنێوی جۆراو جۆری

دیکەشی نێو بێنین . وەك قاچی المحاجات مەعنای دوهەم دەبێتە لابەری زەرەرو راپەڕێنی گرێ و کۆسپ و تەگەرەکانی سەرڕێ. جادوای ئەو دو کارە جێی خۆیەتی و ڕەوایە بۆپێکهێنەری پێداویستەکان و لابەری کۆسپەکان کە سەرپەرستی کاری پەروەردەکراوەکەی خۆی بەدەستەوە بگرێ و ڕێبازی بۆ دیاری بکاو دەست دەچارە نووسی وی وەربدا ،حیکمەت و هۆزانیش وادەخوازێ و دەگەڵ ئەوەی دەسازێ . زۆر ئاشکرایە ئەوکەسەی قازانج و بەرژەوەندەکان پێك دێنێ و ئەوکەسەی زەرەر و کۆسپ و بەرهەڵستەکان لەسەر ڕێ لادە دا ، ئەوکارانە ناکا بەبێ ئەوەی کە بیهەوێ ئەوپەروەردە کراوەی بو جێیەکی دیاریکراو بەرێ و بەرەو سەرەنجامێکی تەعین کراوی بناژوێ . کەوابوو پێویستەکەکاری عاملێندراوەکەی بەدەستەوە بگرێ تا ڕێنوێنی بکا بۆ سەرمەنزڵی دیاریکراوو دەبێ ئەو جێگاو سەرەنجامەش کە بڕیارە پەروەردە کراوە کە بچێتەوەوێ هەرلەدەست پێکهێنەری ئیمکاناتە کە و لابەری بەرهەڵستەکان دابێ کەوابوو«**مالِك يَومِ الدّين**»مانای سێهەم بۆ رەب . جالە میسالی دارەکە داخاوەن دارە کە دەبێنە بەدەستەوەگری کاروباری ئەودارە و دەستکاری دەکا بەوجۆرەی کە پێی خۆشبێ . چونکە ڕەعەمەل هێنان و دابین کردنی پێداویستی و دوور کردنەوەی ئافەتی سەرڕێی پێشرەفتی دارەکە لە سەر شانی ئەوبووە . ئەو دوومەعنای پێشەوەبو وشەی رەب لەسوورەتی فاتیحادا

«اَلرَّحمنِ الـرَّحیم» دەلالـەتیان لەسـەرکراوە و ڕێنوێنیـان بـۆکراوە. مەبەسـتم ئەوەنیـە کەوشـەی ڕەحمـان بەمـەعنا هێنـەری قـازانج و وئیمکانات بێ وڕەحمیش بـەواتای لابـەری کۆسـپەکان بـێ ، هـەرگیز ئەومەبەستەم نیە بـەڵکو دەڵـێم ڕەحمـان سـیفەتی موشـەببە هەیـە و بەمـەعنا کەسـێکە کەهـەمووزاتی ڕەحمەتـە [1] بـەڵام لەبـەر ئـەوەی لەسیفەتی موشـەببەهەدا هـیچ بەڵگەیـەك نیـە لەسـەرتێپەڕ کردنـی مەعنا و کارەکە بـۆلای بێگانـە یـا بڵـێن : مـەفعول . دەڕەحمـانیش دابەگۆیرەی ئەوقاعیدەیە دەلیلێك نیە لەسەر ئەوەی کەڕەحمەت بگا بە بەندەیەك لەبەندەگانی خودا یا بەئافریدە کراوێـك لەئافرێنـدراوەکانی خودا ، بۆیەوشەی ڕەحیم هێندراوەکە کە لیمەی موبالەغە و پر مانـا یەو لەڕاحیمە و فەعیلی بەمەعنا فاعیلە و بۆڕەسایی و موبالەغەشە تابەیان کا بەوکەلیمەیە کەڕەحمەتی تەواو و ئەندازی نیـاز پەیوەسـت دەبێتن بەوکەسانە و بەوشتانەی کەنیازیان بەڕەحمەت هەیە کە هەموو ئافریـدەکراوەکانی خـودا ئـەونیازەیان هەیـە بـەگۆیرەی لیاقـەت و پێداویستی . ڕەحمەتیش هەروەك کوترایان ڕاکێشانی قازانجیان لادانی زەرەرە . لێرەدا سیفەتی رەحیم دەلالەت دەکا لەسەر ڕاکێشەری قازانج و لادەری زەرەر . بەڵام کەسێك دەتوانێ ڕەحیمی تەواو بێ کـەڕەحمان

---

١ـ وەك غَضبان و عَطشان کەبە مەنا تەواو تووڕە ودڵ پڕو تەواو تینووون . وەرگێڕ

بێ، کەسێك دەتوانێ هەموو رەحمەتێك بەهەموو نیازمەندێك ببەخشێ کەهەموو زاتی ڕەحمەت بێ جاپەی دەرپەی ڕەحمەت دەنێرێ بۆ هەر ئافەریدەیەکی بەئەندازی لیاقەت و نیازی ٠

بەوپێیە کەباسمانکرد رەحمان و رەحیم و مالیك یا مەلیکی یەومیددین بەیانگەری سێ مەعنالە پێنج مەعنایەکەی ڕەبن ٠ جابەدوای ئەوەدا ولەئایەتی « **اِیَّاكَ نَعْبُدُواِیَّاكَ نَستَعین** » دائاماژە بەدوومەعنادواییەکەی رەب کراوە کەبەیارمەتی خودا ئیستادەچینەسەرباسی ئەو دوو مەعنایە ، بێگومان ئەوکەسەی کەقازانج و ئیمکانات بۆکەسێك یا شتێك ڕادەکێشی وزەرەر و کەندو کۆسپی لەسەرڕێ لادەبات و سەر پەرشتی کاری وی دەکاو سەرەنجامی دەچێتەوە بەردەستی ئەوکارسازە پێکهێنەری نیازە ، مافی ئەوکارەسازەیەلە سەر ئەوپەروەردەکراوە کەگوێڕایەڵی بکاو بەقسەی بکا لە هەر شتێکداکەدەستووری پێ دەدا ئەگەر پەروەردەکراوە کە خاوەن تێگەیشتن و ئیرادەو هۆش بێ ، ئەوکارسازە دەست ڕۆییشتووە دەڵێ : ئەی بەندەی من ئەمن هەموو کەل و پەل و ئیمکانات بۆتۆ ئامادە دەکەم وهەموو کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێت لێ دوور دەکەمەوە و هەرئەمنیش دەسەڵاتداری کاری تۆم و سەرەنجامت دێتەوە لای خۆم و ناتوانی لە دەستم هەڵێی ئەمن ئەمرت پێدەکەم کەئەوابکەی و ئەوانەکەی و بۆ ئەو ڕێیەبرۆی وبۆ ئەولایەنە ڕۆی واجب

و حەتمیشە لە سەر تۆ کە فەرمانم بەڕێوە بەری جا کەسێك کەحەقیەتی ئەو ئەمرو فەرمانە بەیەکێك بدات دیارە حوکمی ئیجڕایە و بەواتایەکی دیکە پەستراوە و دەبێ بپەرسترێ ، جاکەسێك پەستراوو خاوەن حوکم و فەرمان وحوکمڕەوا بێ دەبێ هەڵوێستی ژێر دەستەکەی لەڕاست ویدا ئەوە بێ کەدەربەست گوێڕایەڵی وی بێ ولەدانانی دەستووری کردن و نەکردندا هیچ مافێك بۆخۆی قایل نەبێ ودەبێ ئەمروفەرمان بگێڕێتەوە بۆلای خاوەن ئەمری شیاو بۆ ئیتاعەت بەتەواوی گێڕانەوە و بەتەواوی بەئیتاعەت لێکراوی چاولێ بکا . ئەمما شتیکی ڕوون و ئاشکرایە کەئەو ژێر ئەمرە پەروەردەکراوە بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانی فەرماندەری جێگای ئیتاعەت نیازی بەوە هەیە کەئەو پەرستراوە خاوەن ئەمرە ئیمکاناتی پێویست بۆ فەرمانبەری بۆ بەندەی ئەمر پێکراوی پێك بێنی و ئافەت و کۆسپی سەر ڕێیە شی لێ دوور بکاتەوە جا ئەلێرە یەکە ڕوودەکاتە فەرماندەرەکەی خۆی و داوای ئەو پێکهێنان و دوور کردنەوە یەی لێ دەکات و بەوجۆرە پەرستراوە فەرماندەرەکەی دەبێتە داوالێکراوی یارمەتی و کۆمەگی و بەواتای مەشهوور دەبێتە» موستەعان «هەرژەکو» مەعبود« یشەمادام وابوو»مەعبوود «یانی پەرستراو دەبێتە مانای چوارە می ڕەبب و» موستەعان«و کۆمەك لێ خوازراویش دەبێتەمانای پێنجەمی ڕەبب .

جا ئیستا وەختی وەی هاتووە کە بڵێین : بوونی خودای بەپەروەردگاری هەموو جیهان و جیهانیان هەمان بوونیەتی بەرەحمان و رەحیم و مالیکی یەومیددین و مەعبوود و موستەعان و حەمد و سەنا ستایشیش هەڵوێست گرتنە لەبەرابەرئەوپینج نێوو مەبەستانەداکەبۆخودای بڕیاردەدا . مەسەلەن هەڵوێستی لەبەرابەر رەحمان و رەحیم دائەوەیە کە بەدڵ بزانێ خودایەکەی خاوەنی گشت ڕەحمەتێکە و دەشیبەخشێ جالەئەسەر ئەوهەستە دەروونیەوە هەموو وجوودی پڕدەبێ لە هیوا و شەوق بۆلای ئەوخودایە . هەڵوێستی لەبەرابەر«مالِکِ یا مَلِکِ یَوْمِ الدّین» داکەبەواتای خاوەن یا پادشای ڕۆژی جەزایە ئەوەیەکە بەیەقین بزانێ کە خودائەوایەو بەدوای ئەو زانینە داهەموو مێشك و لەش و هەست و هۆشی پڕ بێ لە ترس و لەرز لەو خودایە . جالە دوای ئەو زانین و پربوون لەترس و هیوایەودوای ئەوحاڵەتە دامەزراوە جێگرتووە و دوای دەرك کردنی سیفەتەکانی جەلال و ئیکرام[1]، سیفاتی ئیکرام ئەررەحمانیر رەحمیە و سیفاتی جەلالی خوداش مالیك و مەلیكە ، دیارە کە ڕەحمەتیش

---

١ـ مامۆستای خوالێخۆشبو ویستوویە ئیستیلاحە قورئانیەکان زیندوو کاتەوەلەجێگای ئیستیلاحە یۆنانیەکان وەك سیفاتی (سەلبیە ) و (سوبوتیە) و (کەماڵ و جەماڵ ) وەئیشارە یە بە ئایەتەکانی ٢٧ و ٧٨ ی سوورەی »الرّحمن« کەسیفەتی « ذوالجلال و الاکرام » بۆخودابەکار بردووە . وەرگێڕ .

تەواوی بەشەکانی قازانج گەیانـدن و زەرەر لادان دەگرێتـەوە بـەوردو درشتەوە ئەگەر جـەدوەلێك بـۆ ئەودووجۆرەسـفەتانەدا بڕپـژین دەبـێ سیفەتی ڕەحمان و رەحیم لەسەرەوەی ئەوستوون ورەدیفـە بنوسـین کـە تێگڕای سیفەتەکانی خاوەن دەلالەت لە سـەرقازانج گەیانـدن و زەرەر لادان دەنێوە خۆدەگرێ وەك سیفەتی غەفور و غەفار و سەتتار و هادی و مورشید و غەیری ئەوانەش . وەلە ستوونی بەرابـەری ئەوستوونە دادەبـێ مالیـك یـا مـەلیکی یەومیـددین لـە سـەرەوەی ئـەو نێـو وسیفەتانەی خودا بنووسـین کەپادشـایەتی و دەسترۆیـیشتوویی خـودا دەگـەیێنن و پێمـان دەڵـێن کـە کاروبـاری ئافەریـدەکراوەکان و چارەنووسیان بەدەست پەروەردگارەکەیانـە ، نموونـەی ئەوسـیفەتانەش وەك عەزیز و مەلیك و مالیکو لمولك و قەههار و جەببار و موتەکببیر و بێجگەلەوانەش کە لـە قورئـان و حـەدیس دا بەتـەواوی هـاتوون ، جادوابەدوای ئەوزانین و دامەزرانی ئەو ترس و هیوایە و لە دڵدابوونی سیفەتەکانی جەلال و ئیکرام جێی خۆیەتی و وەختی وەیە کە ئینسان هەڵوێـستێکی بـەکردەوەو لـەگۆڕەپانی ژیانیـدا بگـرێ لەبەرابـەر خوداوەندی دارای ئەوسیفاتە کە مەعبوود و موستەعانە، هەڵوێستی لەڕاست پەرستراوی خاوەن ئەمرو فەرمانڕەوادا ،بە جێهنانی فەرمانە و هەڵوێستیشی لەبەرامبەر موستەعان و کومەك لێخواز راودا، داوای یارمەتیکردنەبەوجۆرەی لەخودا بۆ خۆی پەسندیەتی

بۆیە دەڵـێ : «اِیّاکَ نَعْبُدُ واِیّاکَ نَسْتَعِین»جانـەلێرە داڕازێکـی گـەورە هەیە لە هێنانی دو هەڵوێستی پەرستن وداوای یارمەتی کردن دەقالبی فێعـل دا «نَعْبُدُ» «نَسْتَعِین» نەیفـەرموو «اَلْمَعْبُـودِ الْمُـسْتَعان»وەك «اَلرَّحْمنِ الرَّحیمِ وَمالِکِ یَـوْمِ الـدِّین» بـۆ چـی و لەبەرچـی ڕەوتـی گوفتارە کە گـۆڕاوە؟ جـواب ئەوەیـە کـە هەڵوێـستگرتن و ڕاچڵەکان لەبەرامبـەر سـیفەتی ڕەحمـان و ڕەحـیم و مـالیکی یەومیددینـدا بەدڵەچونکە دەرك کردنی ئەوسیفەتانە و هیوا داری و ترس لێنیـشتن هەموویان کاری دڵن و هەڵوێست لێرە دا کارێکی دەروونی و دڵییە و هیچ هۆیەك نیە بۆ هێنانی فێعلـی (یَرْحَمُ) وە (یَمْلِـکُ) کـەئامرازی کردن و ئەنجامدانە . چونکە ڕەفتار لێرە دارەفتارێکی کردەوەیـی لـە گۆڕەپانی ژیان دانیە . مەبەستم لە گۆڕەپان و واقیعی ژیان شتێکە کە لە بەرامبـەر دڵ و دەروون و ژوورەوەی ئینساندا بەکار دەبردرێـت جا ئیسم و ناووەك ڕەحمان و ڕەحیم ئیسم بەمەعنای ڕەقیبی فێعـل نـەك سـیفەت ئەوەنـدەی بەسـەکەمەعنایەکەی بزانـی و دڵ و دەروونـت وەریگرێ و رایگرێ . بەڵام بۆ ئاماژەکردن بەودوومەعنایانەی دوایـی لـە پێنـج مەعنایەکـەی رەب کەبەنـدەیی بـۆکراوو داوای کۆمـەگی لێکراون ، بەدوو فێعلی (نَعْبُـدُ وَ نَـسْتَعِین) لەبـەر ئەوەیـە کـە ڕوون کرێتەوە و هەڵوێست و خۆنواندن لە ڕاست پەرستراوو داوای یارمەتی لێ کراو داوەك هەڵوێست گرتن لەڕاست ڕەحمان و ڕەحیم و مـالیکی

یەومیددیندانیـە و لـە فـۆرم و جـۆری وی نیـە لێـرە دارەفتـارێکی دەروونی و گوفتارێکی سەرزارەکی بەس نیە بەڵکـە هەڵوێـست لێـرە داهەڵوێستە لەمەیدانی ژیاندا بەکردەوە (**إِيَّاكَ نَعْبُـدُ**) تـەنیا لـە تـۆ پەیڕەوی دەکەین بەپەیڕەوی کردنێك کە هیچ پووش و پاڵێکی دەگـەڵ تێکەڵ نەبێ هەڵیوە شێنێتەوە ، (**وَإِيَّاكَ نَـسْتَعِين** ) هەرلـەتۆ داوای کۆمەگی دەکەین لەمەیدانی بەندەیی و پەیرەوی لێ کردندا .

**جیاوازی «إله » و«ره ب » و هەڵبژاردنی «لاإلهَ الاَّ الله»:**

پێویستە ئەلێرەدائاماژە بکەین بـەوە کـە وشـەی ((ئـیلاه)) بەواتایـە کـە کـەدوای تـوول تەفـسیلدان دەگەڕێتـەوە سـەر ئـەو دوومەعنایەی دوایی لـەپێینج مەعنایەکـەی ((رەب)) کـاکڵی ئـیلاه فەرمانڕەوای بەندەیی بۆکراوو یارمەتی لێ خوازراوە بـەڵام ئـەم پلـەو پایە شەرت و مەرجی هەیە . نابێتە بەندەیی بۆ کراوو پەرستراو ئیللا کەسێك نەبێ کەڕەحمان و ڕەحیم و خاوەن دەسەڵات بێ وەشیاوی ئەوە نیە کە داوای یارمەتی لێ بکرێ مەگەر کەسێك نەبێ کـە ڕەحمـان و دارای هەموو رەحمەت و ڕەحیم بەخشەری ئەوڕەحمەتانەش بێ ، ئەگەر وابێ ئیلاە بەمانای بەندەییکراوو هانا بۆ برداوە بەمەرجی ئەوەی کە ڕەحمان و ڕەحیم و خاوەن دەسەڵات بێ بەڵام رەب مانایەکی پێنج لك و پۆپی هەیە کەهەریەك لەو پێنج مەعنایە ئەندامێکە لەمەعنای رەب بـەڵام ئـەو دوومـەمایای دوایـی رەب کەمـەعبوود و وسـتەعانە دوو

ئەنـدامن لەمـەعنای ئـیلاه وسـتی مەعنایەکـەی پێـشەوەی ڕەب کەڕەحمان و ڕەحیم و مالیکە مەرجن بۆئیلاه دەنا هیچ یەك لەوسێیانە ئەندام و بەش نین لەمەعنای ئیلاه ، جاهەڵوێـست گـرتن لەبەرانبـەر مـەعبوود و پەرسـتراو و موسـتەعان وهانـا وەبـەر بـردرا و هـەمان هەڵوێستەلەبەرانبەر ئیلاه دا وەعیبادەت وبەندەیی کردنی خالیـسانە بەجۆرێك کە هـەموو کـردراو ڕەفتـاری بەنـدە لـە ڕووی شـەریعەت و بەرنامـەی خودابێ و بۆ رازی کردنی ئـەوبێ و ئیـستعانە و یارمـەتی خواستن چ لەچوار چێوەی هۆ و هۆکـاری داوچ لـەدەرەوەی هێزەکـانی سروشت دا بەگوێرەی یاسای خودا پەسندبێ ، بەیەکدانانی ئیلاهە و (تەوحیـدی ئولوهییەتـە) «**اِیـاکَ نَعْبُـدُ وَاِیـاکَ نَـستَعِینْ** » هـە ڵوێستەلەبەرامبـەر سیفەتی پەرستراوی و هانا بۆ بردراوی دا .

## حیکمەتی هەڵبژاردنی (**لاالهَاِلّااللهُ**) بۆ درۆشمی یەکتاپەرستی:

ئێمە کوتمان ئەو هەڵوێستە لەبەرامبـەر ئـیلاه داهەڵوێـستی کردەوەییە لەمەیدانی ژیان و خۆسازگارکردن و دامەزرانـدنی شـێوەی ژینە بەگوێرەی ویستی خودای خاوەن فـەرمان کـەوابوو بەیـەکزانین و بەیەکدانانی ئیلاه ڕاگۆیزتنە لەبوارێکی ژیان ڕا کەدەوێدا ئینسان لـە غـەیری خـودا پـەیڕەوی بکـاو یارمـەتی لـەغـەیری خـودا بخـوازێ هەرلەبەرئەو ڕاز ڕەمزەگرینکەیە کەبۆ درۆشمی یەکتاپەرستی ڕسـتەی

«لاإلهَ إلّاالله» هەڵبژێر دراوەو ئیلاهی غەیری خودا حاشای لێکراوە نەك رەب نەفی کرابێ نەکوتراوە«لارَبَّ إلّــاالله »چونکە ئەگەر رەب دیاری کرابا ، هاوبەشدانەران بۆخوداش دەیانکوت : ئەمەش دەڵێن هیچ رەبب و پەروەردگارێك نیە بێجگەلەئەڵلا لەبنەوەشدا مەنزووریان سێ مەعنایەکەی پێشەوەی ڕەببەو ئەوسێ مەبەستەبۆ خوداخالیس دەکەنەوە و دانیشیان پێدا دێنن دوای ئەوەش زۆر زیرەکانە خۆدە خوارە بایەدەگرن وفێڵە زانانەباریکەی دەدەنیێە وخۆلەگۆڕینی نێوە رۆکی ژیان و ڕەفتاریان دەبۆێرن هەربۆیە کەلیمەی ئیلاە هەڵبژێر دراوە هەتا ئەوکەلیمەیە دەقاودەق ئەو دوومەعنایەی دوایەی رەب کەمەبەستی ئەسڵی و ئەندامی مەعنای ئیلاهن بگەێینێ و داوابکرێ بەوکەلیمەی « لاالِهَ اِلّـا الله»ڕاگۆڕیزان لەشێوە ژیانێك بۆژیانێکی دیکەوە . شتێکی ئاشکرایە کە بەیەکزانینی خودا و یەك لاکردنەوەی پەرستن دەمەودای ئەو دوومەعنای دواییداکەمەعبوود و موستەعانە ، بەلام و پێویست دادەنێ بەیەکزانین و بێ شەریك کردنی خودا لە مەوداو مەیدانی سێ مەعنایەکەی پێشەوەی رەب دا ، بەڵام پێچەوەنەی ئەوەی هەڵناسوورێ ، چونکە کابرا دەتوانێ بڵێ : «لارَبَّ الّا اللهُ » بەوە بەرچاو گرتنی سێ مەعنایەکەی پێشەوەی رەب بەلام نەڵێ: « لاالِهَ الّا اللهْ» چونکە بۆگەیشتن بەهێنانە جێی« لاالِهَ الّا اللهْ» دەبێ لە «لارَبَّ الّــا اللهُ » بپەڕینەوە یانی دەبێ ئینسان سێ

مەعنایەکەی پێشەوەی رەب بزانێ و قبوڵیان بکا جا ئیقرار بە دوو مەعنایەکەی دوایی بکاو بیانهێنێتە جێ لەژیانی خۆیدا ئەوجار بەندەی تەواو دەبێ بەڵام ئەگەر«لارَبَّ اِلَّا اللهُ » کافی بایە کابرای فێڵەزان فێڵێ دەکاودێنێ کەلیمەی رەب دەهێنێ لەمەعنایەکانی دابەکاردەباو بەوکارەی خۆی دەربازدەکالە ژێر باری بەندایەتی بەکردەوە. جابۆیەوکەلیمەی ئیلاە هەڵبژێردراوە هەتاهیچ رێگاو مەودایەك بۆ خۆشاردنەوەو رووەرگێران لەیەکتاپەرستی بەکردەوە نەمێنێتەوە کەوابوو دانانی خودا بەتەنیا ئیلاە یەکلاکردنەوەی ژیانە بۆ خودا و ڕاگوێزتنەوەیە لەهەل و مەرجێکەوە لەوێدا ئینسان فەرمانبەردار و یارمەتیخوازە لەغەیری خودای بۆهەل و مەرجێکی ژیان کەلە وێدا فەرمانبەر دار و گوێڕایەڵ و یارمەتی خواز نەبێ ئیللا لەخودای نەبێ ٠

## لێکدانەوەی حەمد

هەڵوێستەکانی ناوبراو لەبەرامبەر ئەوپێنج سیفەتەی خودا دا کە لەئایەتی دوو سێ و چواری سوورەی فاتیحا داهاتوون کەپێنج مەعنایەکەی رەب بوون ،هەمان هەڵوێستی حەمدەیانی «اَلحَمدُللّه » مانای ئەوەیەکەئەمن دەزانم بە یەقینی ، خوداهەووزاتی رەحمەتەورەحمەتەکەش دەبەخشێ و خاوەنی ڕۆژی پرسینەوەشەو ئەمن

بەتەواوی وبەئومێدەوەڕووم لە خودایە و ترسیشم لێی هەیە بەتەواوی تەرس و لەمەیدانی ژیانغدادەبیەرستم وداوای یارمەتیش هەرلەودەکەم بۆیەهەموو ستایش و پێهەڵکوتنێك بۆوی دادەنێم و تایبەت دەدەم ، ئەئەوەیەمەعنای «اَلحَمدُلِلّه» زانایانی زمانی عەرەبی فەرموویانە : حەمد دەزاراوەی خەڵکی عەرەب داپێهەڵکوتن و ناودارکردنەبە نێوی جوان لەسەرکردنی کاری جوان ،پێهەڵکوتن تەعریفی بەجوانی و قسەی جوان لەبارەی یەکێکدا کردنەوەکو وەی وایە بڵێی ئەمن بە خودای ڕەحمان و ڕەحیم هەڵدەڵێم لەسەرکاری جوانی بەئیختیاری خۆی ، یانی تۆ تەنیا لە بەرئەوەی تەعریفی بەجوانی دەکەی چونکە کاری جوانی کردووە بەهەڵبژاردنی خوی ، فلانەکەس دەبەخشێ چاکە دەگەڵ داماوێك دەکاو ئەویش پێی هەڵدەڵێ بەسیفەتی جوان جوان نێوی دێنێ و دەڵێ : ئەتۆ سەخی زۆر دڵ و دەروونێکی باشت هەیە بەبێ ئەوەی ناچارت کەن ماڵی خۆت دەبەخشی ، جا ئەوپێهەڵکوتنەش دەبێ لەڕووی بەگەورەدانان و بەڕاستی بێ یانی تەعریفەجوانەکە بە باری گەورەنیشاندان بێ نەك بەباری گاڵتە پێکردن بێ ، چونکە جاری واهەیە یە کێك بەیەکێکی هەڵدەڵێ بەڵام لە ڕووی گاڵتە پێکردن و مەسخەرە کردن وەك بەکابرای ترسە نۆك دەڵێ : ماشەڵڵا بەغیرەتە لە بەر شێری هەڵنایە، ئەو جۆرە تەعریفاتە حەمدی پێ ناکوترێ .

پێویستە زۆر سرنج بدەینە ئەومەعناو قەیدو بەندانەی کەبۆ حەمد هەیە . مەسەلەن هەڵدانی نێوی جوان لەیەکێك کەسێك دەیکاکە یەقین بزانێ ئەوتەعریفکراوە کارەجوانەکەی کردووە . ئینسان وەختێك دەتوانێ حەمد و سەنای خودا بکاو دەستی بۆدەچێ کە خودای بناسێ بەسیفەتەکانی ئیکرام و چاکە کردن و جەلال و شکۆ و هەیبەت و دەسەڵات ، پاشەوەی کەزانیت خودا خاوەن ڕوحم و ڕەحمەتە و ساحەب دەسەڵات و لێ پرسینەوەیە دەتوانی وقالب سووك دەبی بۆ پێهەلکوتنی ورازاندنەوەی بەسیفەتی جوان و دەڵێی : پەروەردگاری ڕەحمان و رەحیم و خاوەن ملك و دەسەڵات ، تەعریفی دەکەی بەنێوی جوان جوان لەسەرکارەجوانەکانی کەبەسەربەخۆیی دەیانکا چونکە ڕەحمەت دەنێرێ و دەسەڵات دەنوێنێ پێی هەڵدەڵێی کەدارای ڕەحمەتە و دەشی نێرێ بۆهەموو لایەك و سەر کردەیە لەڕۆژی جەزا دانەوە دا . کاتێك ئەوابێ ناکرێ و نابێ کە ستایشی خودا بکەی مەگەر بزانی کەخودا ڕەحمان و رەحیم و خاوەن ملك و دەستڕۆییشتووە یانی دوای ئەوەی کەزانست بۆ پەیدابوو بەوەی کەخودا چاکەی بێ ئەندازو گەورەیی و شکۆی لەڕادەبەدەری هەیە و ئەوزانیاریە گەیشتە دڵ هیچ چارەت نامێنێ کەشەوق و هیوات بۆ لای خودا زۆر دەبێ و ترس و تۆقینشت زیاد دەکا بەجۆرێك کەهەموو وجوودت دەبێتە ترس و هومێد لەوخودایە و ئەو ترس و هیوازا لە بەسەر ڕایەڵ وپۆی وجودت

داپاڵت پێوەدەنێن کەبەسنەدە وەزارت هەڵپچڕی بۆتەعریفاتی جوان و بلێی: ئای لەوڕەحمان و ڕەحیم و دەسەڵاتدارەی ڕۆژی جەزا ، دەست دەکەی بەپێهەڵکوتنی بەنێوی جوان لێنانی لەسەر کاری جوانی بەئیختارەوەیانی لەپێشدا کارە جوانە ئیختیاریە کەی دەناسی ئەوجار تەعریفی خودای پێدەکەی . هەتا ئێرە حەمد و سەنا بەشی ستایشی بەدڵ و بەزبان دەگرێتەوە چونکە لە دڵدادەزانی کەخودا ڕەحمان و ڕەحیم و ساحەب دەسەڵاتە لە ڕۆژی لێ پرسینەوە داترس و هۆمیدت لەدڵ دەنیشێ جا پێی هەڵدەڵێی بەزبان بەو نێوانەی کە بەدڵ زانیوتن بەڵام ئەو پێهەڵکوتنە دەبی لەڕووی بەگەورەدانانی خودا بێت ولەدڵەوە پێت وابێ گەورەیە جاچۆن پێ هەڵکوتنی خودا لەڕووی تەعزیم و بەگەورە زانین نابێت ؟! چۆن یەکێك لەلایەك بەزبان بڵێ : خودای ڕەحمان و بەخشەندەی هەموو نێعمەت و لابەری هەموو کۆسپێك و پادشای ڕۆژی جەزاو لەلایەکیش دەهومێد وچاوەڕوانیدا یالەترس و هەیبەتی لەوخودایەدا خەوش وخاڵ هەبێ ؟ یان لەمەیدانی ژیاندا فەرمانبەرداری لێ نەکاو بەکردەوەش حەمد و ستایشی نەکا ؟! دە حاڵێکدا ئێمە دەپێشداکوتمان کەفەرمانبەری خودا وبەندەیی کردن بۆ خودا ، وەشۆێنکەوتنی شەریعەت و بەرنامەی خودایەدەپاك کردنەوە وبەرەوکەماڵ بردنی نەفسدایانی بەکەڵك وەرگرتن ودەکارهێنانی ئاسەوارەکانی ڕەحمەتی خودا بۆ پەروەردەکردنی ئەوکۆمەڵەوزەو

لێوەشاوەییانە کەبریتینە لە (نەفسی ئینسانی ) لەهەوەڵەوە دەڵێی : خودای ڕەحمان و ڕەحیم بەوقسەیەت ئیقرار بەوەدەکەی کەئەتۆ دەستە ئیستیعداد و لێهاتوییێکی کەئامادەی بۆ بەرەو پێشچوون و نیازیشت هەیە بەوهەڵدان و هەوڵدانە،وە ئیعتراف بەوەش دەکەی کەبوونەوەری دەورو بەرت کۆمەڵەئیمکاناتێکن کەلەدەسترەسی تۆ داقەراردراون جا ئەجاربەوشیاریەوە دەنگت دەردەبڕی ودەڵێی : ئەوڕەحمان و ڕەحیمە کار بەدەست و هەمەکارەی ڕۆژی لێ پرسینەوە و جەزاشە .

## لێکدانەوەی «أقِمِ الصَّلواةَ»

بەگوێرەی ئەوەی کە تا ئێستا کوتومانە ، دەبێ تێگەییشتنی بەندەی مسوڵمان لەنوێژ بەجۆرێك بێ کە لەدەروونی خۆیدا هەست بەوە بکا کە نیازی بەنوێژ هەیە و هەتا تەنگاویەك وگرێ پووچکەیەکی بۆ پەیدادەبێ پێداویستی بەنوێژ هەیە . هەرچەندجاری دەبینێ کەقازانجێك خەریکە لە دەست دەچێ یازیانێك هەیە دەیهەوێ وەوی بکەوێ واهەست بکا کە هیچ ڕزگاریەك و هیچ پەناگایەك لەوتەنگانانە نیە ئیللا نوێژێك نەبێ کەدەونوێژەدا نایەبەرێتەبەرخودا یا بەوەسیلەی نوێژە کە لە خودای داوابکا قازانجەکەی بۆدەستەبەر بکاو زەرەرەکەشی لێ دوورو دەربکا . جاهەرکاتێك بەندەوای لێ هات کە بۆ ڕاپەراندنی هەرگرفتێك تاویدا نوێژێ ئەووەختە بۆ تە تێگەییشتوو حاڵی بوو

لەنوێژ و دەزانێ لە نوێژەکەی داچ دەڵێ وچ داوادەکا . ئاشکرایە کە بەندە هەمیشە نیازمەندەبۆ پارانەوە لە خودا لە بڕینی ڕێگای بەندایەتیدا و هیچ هەنگاوێکی لەومەیدانە دا بەبێ پاڕانەوە و لە خودا داواکردن بۆ هەل نایەتەوە هەربۆیەش پێنج وەختی واجب و سێ وەختی سوننەت لەبیست و چوارسەعات دابۆ نوێژ تەرخان کراوە مەبەست لە سێ وەختە سوننەتەکە کات تاوهەڵاتێ «اِشْراق» وکاتی چێشتەنگایە «ضُحی» ولەنیوە شەوێش ڕا هەتا نوێژی بەیانیە ، ئەمانەوکەسەی کەبەوردی لەنوێژ حاڵی نەبووە و زانانیە بە نێوەرۆك وڕاستەقینەی نوێژ ، دەبینی لەغەیری وەختی دیاریکراو ، یازیاترلەو ، وەختێکی تایبەتی بۆپاڕانەوە دادەنێ و لەبەردەستی خودای خۆی دا دادەنیشێ ولێی دەپاڕێتەوە هەتاروحمی پێ بکاو ئەو قازانجەی کەئارەزووی دەکابۆی دەستە بەربکاو ئەوزەرەرەی کەلێی دەترسێ لێی دوورکاتەوە ئەئەوحاڵە تەشیاوو گونجاوی حاڵی ئیمانداری قورئانی نیە[1] ئەوقورئانەی کە کتێبی هیدایەتی خودایە و پڕە لە ئەمرکردن بەبەرپاکردن و بەڕێکی ئەنجامدانی نوێژ دیارە نوێژیش تەواوترین جۆری پاڕانەوەیە کە وابوو

---

١ـ بەڵگەی ئەوقسەیەش ئەوئایەتەیە لە سوورەی جومعە «فَإذا قُضِیَتِ الصّلواةُ فانْتَشِرُوا فی الْاَرْضِ وَابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللهِ . . . » دەگەڵ ئەوەی کەڕۆژی جومعە لەهەموورۆژەکان گەورەترە ووەختەکەشی لەهەموووەختێك مبارەکترە هێشتادەفەرمۆێ : کەنوێژ تەواو بوو وەدوای کاری دی کەون ، وەرگێر

ئینسانی زاناو تێگەیشتوو لەنوێژ هەردەمێك هەستی بە پێویستی دوعـا وداوا کـردن کردپرووده‌کاتـه نوێـژ وبـەرەو ئـەو وەڕێ دەکـەوێ جامەگەر کۆسپێك لەسەرڕێی کردنی نوێژ هـەبێ یاهـەل و مـەرجەکـە دەست نەدابۆ ئەنجامدانی نوێژی ڕێك و پێك و شـێنەیی وەك حاڵـەتی لەش پیسی یاشەرپارێبواری دەوحاڵەتانـه دا پێویـست ناکاتـەواوترین شێوەی پاڕانەوە بەکار ببردرێ بەلکوهەرجۆرێك هەڵسووڕا با داوابکاو بپاڕێتەوە لەبەرخودا مەسەلەن بڵـێ « اَستَغفِرُاللهَ سُبحانَ اللهِ وَالحَمدُ لِلهِ وَلااِلهَ اللهُ اکبَرُ وَلاحَولَ وَلا قُوَّةَ الاّ بِاللهِ یا سُبحانَکَ اللهُـمَّ وَبِحَمـدِکَ لا اِلـهَ الاّاَنتَ اَستَغفِرُکَ وَاَتُـوبُ اِلَیـکَ ». یـانی بەغـەیری فاتیحـا و تـەحیات وروکوع وسوجدەلەبەرخودا بپاڕێتەوە بەڵام ئەوشێوە نوێژ و پاڕانەوەیە بۆوەختی ناچاری جێی نوێژدەگرێتەوە بۆبەندەی ئیماندار . جالەسەرئەو پایە و بەوپێیەکەکوتمان لەباش حاڵی نەبوون لە نوێژە دوعا و پاڕانەوە لە دوای نوێژ . یانی ئەو کەسەی کە نوێژێ دەکـاو لـه دوای نوێـژێش دەپاڕێتەوە و بەرەوقوبلە لە جێی خۆی دوعایان دەکا بەو کارەی خۆی وانیشان دەدا کە نوێژی ڕاستەقینەی بەجێ نەهێناوە و ئەووەختەی کە نوێژەکەی کرد و وەتام و لەززەتی لی نەچێشتووە . دەنا دوعای دوای نوێژچ مـەعنای هەیە ؟ ئەتۆ کەمێك لەوەپێش دەحاڵی دوعا وپاڕانەوە دا بووی ڕووت دەخودای خۆت دابوو گفت و گۆ و ڕازو نیارت دەگـەڵ دەکرد ڕێگادەستت هەبوو کەهەرداوایەکی پێت خۆش بوو بیکەی ئەوە

نیه خۆت ئاماده کردووه بۆ پاڕانـهوه لـه تـهواوترین شـکڵ وشـێوهی دالهسووڕهتی فاتیحادا که داوا کردنـی هیدایهتـه بۆڕێگـای ڕاسـت و ناسـاندنی ڕێگاراستهکهشـه ، ئـهوجار ئـهتۆ ڕێگـات پێـدراوه و بهڕهوداندراوه بۆت که ههرچی پێت خۆشه داوای بکهی له پێش سهلام دانـهوهی نوێـژ داوه ههروهاڵـهروکوع و سـوجدان[1] دا ئـازاری هـهر دڵخوازێکی ههتهداوای بکهی . بهڵام تۆ دهوهختی خۆیدا ئهو داوایانه ناکهی و دوای سهلام دانهوهی بهوداوایانه خهریك دهبی . ئهوکهسـهی نوێژێ دهکا و دوایـه دهسـت بـه دوعـا دادهنیـشێ ولـهدوای نوێـژیش پاڕانهوهی دی بهپێویست دهزانێ کارێکی کردووه که دهکرێ بڵێین وهك ئهوه وایه که دین له سیاسهت جوداکاتهوه . مهبهستم ئهوه نیـه کـه بڵێم گوناهی گهیشتۆتێ یا له شوێن و پایه یهك ههڵکهوتووه کهوهك کابرای جیاوازیخواز له بهینی دین و سیاسهتدایه جابه دهسته نقهسـت ئهوجیاوازیهدابنێ یا به بێ دهستهنقهست بهڵکو دهڵێم دهوکاره دا که حوداکردنهوهی نوێژ و دوعایه لێکتروهك یارۆی لێـك هـهڵبڕی دیـن و

---

١ـ سهید سابیق له فیقهو سـونتهکهیدا ٨ حهدیسی بهسهنهدهوه هێنـاون لـهبارهی دوعـای نێوسوجدهدایهك لهوههشتانه ئهومیه که ئیمام ئهحمهد و مسلم نهقلیان کردووه « وَأَمَّا السُّجُودُ فَاجْتَهِدُوا فِي الدُّعَاءِ فَقَمِنٌ أَنْ يُسْتَجَابَ لَكُمْ » ج ١ لاپهرهی ١٦٦-١٦٧باسـی سـوجدهی نوێـژ — وهرگێڕ .

سیاسەت وایەو کارەکەیان وەك یەك دەچێ نەك بۆ خۆیان وەکویەك وانە .

ئەوکەسەی کە دین لە سیاسەت هەڵداوێژێ مەعنای ئەوەیە کەدین لەگۆڕەپانی ژیان دەردەکا ئەوکەسەش کە نۆیژێ دەکاو لەپاشان دوعایە دەکا و لەسەرجێی نۆیژێ دەپاڕێتەوە مانای ئەوەیە کە نۆیژ بە بەشێك لە ژیان دانانێ و پێی وایە شتێکی بێ پەیوەندییە دەگەڵ نیازەکانی نۆیژ کەر . چونکە ئیماندار دەبێ ڕێگای بەندایەتی بەردەوام ببڕێ و ئەوڕێ بڕینەو ڕاسان بۆ هەلگرتنی تەنیا هەنگاوێکیش مومکین نابێ ئیللا بەپشت بەستن بە . . . خودا نەبێ و بە نواندنی ئەوپشت بەستنە لە قالبی دوعا وپاڕانەوە دانەبێ مادام وابێ مەیدانی ژیانی ئیمانداری دەتوانی بلێی سەرەتا و سەردێرەکەی دوعایە ئەگەر وابێ دانانی دوعا وپاڕانەوە لەو دیوی چوار چێوە و جەغزی نۆیژ هەمان جودا کردنەوەی نۆیژ لە بەستێن و ڕاستەقینەی ژیان . نموونەی ئەوکارە لە زۆر مەیدانی دیشداڕوو دەدا . بۆمیسال لەنێو مسوڵمانان داهەنە کەسانێك کە نێوەرۆکی دەستووری غوسڵ و دەستنۆیژێ نازانن وزۆر شتی دیش لەوجۆرە حوکمانە دەیانبینی دەپێشدا هەموو چلك و چەپەرێك لەبەدەن لادەبەن جادوایە نیەتی غوسڵ و لابردین لەش پیسی دێنن و فەرزی غوسڵێ بەجێ دێنن.یا کابرا دم وچاوی خاوێن نیەلەپێشدا ئەوی دەشواوپاکی دەکاتەوە

جاپاشان دەسنوێژێ هەڵدەگرێ وبەو شێوە کارەدەری دێخێ کە دەسنوێژ و خۆشوتنی لەبەرلەش پیسی لە جەغزی ژیان وەدەرناوەو نەیزانیوە کە خودای دانا و بی عەیب

خۆشوتنی نیۆ بردووە بە «تَطَهُّر»[1] ودەسنوێژیشی نیۆ بردووە بەشوتنی دەستەکان و دم چاوو دەست بەسەری داهێنان و لاق شوتن . دیارە شوتن مەعنای «تَطَهُّر» کە (ڕادانی پیسیە ) دێنێتەجێ وە «تَطَهُّر» یش لە غوسڵی لەش پیسی دا هیچ شتێك لە سەرلەش ناهێڵێتەوە کە ئینسان نیازی بەلابردنی وی هەبێ بەکارێکی زیاد لەخۆشوتن و خۆ پاك کردنەوەی هەوەڵجار . ئەو کارە دووبارە کییە بە شتێکی سووك و هاسان دادەنرێ لە زاهیر داچ ئیشکالی هەیە کابرا لە پێشدا خۆی پاك و خاوێن بشوا پاشان بە نیەتی لابردنی لەش پیسی یابێ دسنوێژی ئاوی بەخۆی داکا ؟ بەڵام ئیشکالی زۆرە چونکە ئەوشێوەکارە دەبێتە هۆی بێ خەبەری ئینسان لە کاکڵ و نێوە ڕۆکی کارێکی کە ئەنجامی دەدا ئەوحیکمەتەی کەلەوکارەدایە دەرکی ناکاو کارە کەو حیکمەتە کەهاوئاهەنگ نابن و لەئاکامدا هەست بە لەززەت و تام لەوغوسڵ و دەسنوێژە ناکا . چونکە دەسنوێژی لە

---

١ـ لەئایەتی شەشی سوورەی مائیدەدا وەلە ئایەتی ٤٣ی سوورەی نیسا دا بەئیغتسالی نێو بردووە ـ وەرگێر .

خۆخاوێن کردنەوە هەڵاوارد دیارە لە ڕاستەقینەی ژیانیشی هەڵداوێری وەهەروەها غوسڵی لە ڕادانی پیسی جودا کردۆ تەوە و نوێژیشی لـە دوعــاو پاڕانــەوە هــەڵاواردووە وەکــردوو یەتــە شــتێکی جــودا لەپێداویستیەکانی ژیان و تەشریفاتی . هەروەها زۆر شتی دیش لـە ئـەحکامی ئیـسلام کـە لــە ژیــان بێگانــە کــراون و قــەدرو ڕێــزی سەرزارەکیشیان لیٚ دەگیٚری وەك پادشایەکانی دیگـۆڕی و تەشریفاتی کە هیچ کاریان بە کارو باری مەملەکەت نیە .

جــا لــە ســەرئەو پێوودانــەدەڵێین یــەك لــە نیـشانەکانی تێگەییشتنی ئینسانی لە نوێژیٚ ئەوەیە کە ڕاچەنیٚ بۆ نوێژ لەووەختە دا کە گرفتارێکی وای بۆ هاتۆتە پیشیٚ کە هەموو توانایی خـۆی بـۆ دیتنەوەی ڕێگاچارە بەکاربردبیٚ وسەرکەوتوو نەبوو بیٚ و بەرانبەریەگیر و گرفتەکەی دەستەوسان وبـیٚ دەرەتـان ڕاوەسـتابیٚ ، جائەگـەر وای هەست کردلەدەروونداکە دەبیٚ حەتمەن نوێژ بەرپابکەم بۆ ئـەوەی لـە نێو نوێژەکە دا هاوار لە پەروەردگارم بکـەم و هانـای بـۆ بـەرم هـەتا یارمـەتیم بـدات بـۆ کردنـەوەی ئـەوگریٚ پووچـکەیەو دەربـاز کـردنم لەوتەنگانەیــە . هــەروەختێك ئەبەوهەســت و هەڵوێــستەوە نوێــژی کردنەوە دەبێتە تێگەییشتولەکاکڵی نوێژ . یارەبی خودایارمـەتیمان بدا بۆ حاڵی بوون لە نوێژ بـەوجۆرەی کـە کـوترا وە هـیچ کۆسـپیٚگ

ئەیەتە سەر رێگان ئیللا یادی نوێژ بکەین و راچەنین و راپەرین بولای نوێژ و بە عینوانی هەوەڵین وگەورەترین چەك تاوی دەینێ . ئامین .

## زیکر و دوعایە کانی نێو نوێژ وەدوای نوێژ :

لێرە داشتێکی دیکەماوە کە زۆر گرینگە ئەویش میالات کردنە بە وزیکرو دوعایانە کەنوێژدە نێوە خۆی گرتوون . زۆر روون وئاشکرایەیەکێك لەوئاکارانەی کەدەبێ ئینسانی ئیماندار پێیان برازێتەوە زۆر یادگەردنی خودایە قورئان لەبارەی ئیماندارانی رزگاربو ودافەرمویەتی «وَالـذّاكِرِينَ اللهَ كَثيـراً وَالـذّاكِراتِ»[1] واتەپیاوانێ کەیادی خودای دەکەن بەزۆری وژنانی ئاواش ئەجری گەورەیان هەیە . ئیمانداریش بەبەجێهێنانی نوێژە فەرزەکان دەبێتە یادکەرەوەی خودا ئەگەر وای لێ بێت بزانێ چ دەڵێ دەنوێژەکەی دا . یادی خودا کردن بە اَللهُ اَكْبَرْ کوتن وسُبحانَ الله و اَلحَمدُلِلّه ولا اِلهَ اِلّاالله واَستَغفِرُ الله ولاحَولَ ولاقُوَّةَ اِلّا بِالله و سەلاوەت لێدان لە پێغەمبەر (ص) .بەوشتانە یادی خودا دەکا . زۆر پێویستە کە ئینسان گرینگی بدا بەوزیکرەی کە دەیکا دەنوێژە کانیدا ئەگەر دەحەدیس داچاوی پێدەکەوێ

---

١ـ ئایەتی ٣٥ لەسوورە ئەحزاب

کەفەرموودەی پێغەمبەر (ص) داواله ئیماندارەکا دەساوەی شەوو ڕۆژیکدا حەفتاجار داوای لێخوشبون لە خودا بکا[١] با مسوڵمان واگومان نەبا کەئەوحەدیسە داوای لێ دەکاله دەرەوەی نوێژ ئەوحەفتا ئەستەغفارە بکا بەڵکو بابڕوانێ لە هەوەڵەوە ئایا لە پێینج فەرزەکەی دا حەفتا جاری داوای لێخۆشبوون و گوناه داپۆشین کردووە یان نا ؟ ئەگەر کردبی ئەوە ئەرکی سەرشانی بەجێ هێناوە وئەگەر نەشی کردبی بازیاد بکالەسەر ئەوەندەی کە دەنوێژەکەی داکردوویەتی تاژمارەکەی تەواو دەکا . لەنیو نوێژێ داتەو ئەندازە«اَللّٰهُ اَکْبَرْ» هەیە کە کیفایەت بکا بۆ زیکری شەوو ڕۆژ لە نێو هەرڕکاتێکدا چەند جار اَللّٰهُ اَکْبَرْ دەکوترێ وەلەهەرنوێژێکدا چەندەهاتەڵلاهو ئەکبەر هاتوونە وەلە سەرجەمی نوێژە فەرزەکان داکۆمەڵیەك لە ئەڵلاهو ئەکبەر هەیە هەروەها لە نێو نوێژ داتەسبیحات و سُبحان الله یا سُبحانَ رەبییەیەکی زۆر هەیە وهەروەها ئەلحەمدولله و لاإلەألّاالله و سەلاوەت لێدان لەسەر پێغەمبەر (ص) وئەستەغفارێکی زۆر وزەوەند لە نێو نوێژدا هەنە . ئەوکاتەش کە نوێژ کەر لەسەرەتای نوێژ کەیەتی داوالەخودای خۆی دەکا کە دووری بخاتە بەینی ئەوو گوناهەکانی بەوێنەی لێك دوور کردنەوەی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوایان وەداوا دەکاپاکی کاتەوە و بیشواتەوە لە تاوانەکانی وەك پاك بوونەوەی پارچەی سپی دوای ئەوەی دەرکوعەکەیدا دەتوانێ ویۆی هەیە کەزیکرە نەقڵ

کراوەکان لە قورئان و حەدیس کە پڕن لـە باسـی تـۆ بەوئەستەغفار بخۆینیێتەوە ، وەکو«سُبحانَکَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِکَ، اَللَّهُمَّ اغفِرْذَنبِی کُلَّهُ دُقَّهُ وَ جُلَّهُ وَأَوَّلَهُ وَآخِرَهُ وَعَلانِیَهُ وَسِرَّهُ » وەلـەدوای تـەحیاتیش لـە پـێش سـەلام دانەوە دادەتوانێ هەرشتێکی کە دڵی دەخوازێ داوای بکا.

ئەوەش بڵێین کە لە پێشەوەی هەموودوعایەکی ئەستغفارهەڵکەوتووە چـونکە دوعایـابۆ وەدەسـتهێنانی قازانجـە یـا بـۆ لابردنـی زەرەرەکانەجائەستغفارو داوای چاوپۆشی کـردن دوعایـە بـۆ لابردنـی زەرەر و زیان داواکردنەبۆ لەناوبردنی شوێنەواری گوناهان لەسەردڵەکان ودەروونەکان. لەدوای نوێژێش سوننەتەسـێ جـار أسـتَغفِرُ الله بڵـێ . ئەبەو جۆرەی سرنج بـدا کەئەوئەسـتەغفارێکی زۆر دەنێـو نوێژەکـەی دادەکا جابا نوێژ کەر وردبێتەوە لە ژمارەی نوێژ فەرز و سوننەتەکانی ئەگـەر دەنوێـژە کانیـدا دەشـەووڕۆژ حـەفتا یـا زیـاتر لـە حـەفتا ئەستەغفاری کردبوو ئەوە تەواوە. ئەگەر واش نەبوو ئەگەر نوێژەکانی جۆرێك بوون کە شیست ئەستەغفاریان تێدابوو بادە ئەستەغفاران بکاو دەجار بڵێ : أستغفرالله . یان کەمێك زیاتر لە دەیان بڵێت بۆئـەوەی تـوانیبی بەیـەقینی لەشـەوو ڕۆژدا حـەفتاجار ئەسـتەغفار و داوای لێخۆشبوونی لە خودا کردبی یاکەمێك زیاتر لە حەفتاجار ئەستەغفار و داوای لێخۆشـبوونی لـە خـودا کردبـی یاکـەمێك زیـاتر لەحـەفتا لەبەرهێنانی جێی فەرموودەکەی پێغەمبەر (ص) .

وەئەگەر ویستی لە ماوەی شەوو ڕۆژێکدا سەد ئەڵلاهو ئەکبەری لێ بدا ، بەمەرجێك ئەوکارەی نەکاتە ڕەوشێکی هەمیشەیی تانەبێتە بیدعەت ونابێ خۆشی نیزێك کاتەوەلەژمارەیەکی کەلە حەدیس وکردەوەی پێغەمبەر دا(ص) نەهاتبێ . جائەگەرپێی خۆش بوولە هێندێك وەختان دارۆژی سەد ئەڵلاهو ئەکبەری لێ بدابا دەپێشدا بزانی چەند ئەڵلاهو ئەکبڕی دەنێو نوێژەکان داهەنە ئەگەر هەرئەوان سەتیان تەواو کرد ئەوە تەواوە ئەگەر تەواویشیان نەکرد بازیادبکا بە ئەندازەی کە سرێکەی تاسەت تەواو دەبێ . بۆ ئەڵحەمد و لیلا و سوبحانە للا و لاألە إلّاالله و سەڵەوات ناردن بۆ پێغەمبەریش (ص) هەروا بکا. بەڵام بۆکوتنی «لاحَولَ ولاقُوَّةَ إلّابِالله » لەوبارەیەدا چەند زیکرێك هەنەلەپاش نوێژێ کە هێندێك لەوزیکرەگەورەیە دێننەجێ جالەو زیکرانەی کەپەسندی شەرعینە لە دوای نوێژەکان ئەوانەن : سێ جارکوتنی «أستَغفِرُالله» و خوێندنەوەی ئەو دوعایە «اَللّهُمَّ أنتَ السّلامُ وَمِنکَ السّلامُ ط تَبارکْتَ ذاالجَلالِ وَالاِکْرامِ ط لاإلهَ إلّاالله وَحدَهُ لاشَریکَ لَه لَهُ المُلکُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَعَلی کُلِّ شَیءٍ قَدیرٌ .طلاحَولَ وَلاقُوَّةَ اِلّابِالله ط لاإلهَ إلّاالله وَلانَعبُدُ اِلّااِیاهُ،لَهُ النِّعمَةُ وَلَهُ وَلَهُ الفَضلُ وَلَهُ الثَّناءُالحَسَنُ لا الهَ إلّاالله مَخلِصینَ لَهُ الدّینَ وَلَوکَرِهَ الکافِرونَ » پێویستەنوێژی مسوڵمانی بەجۆرێك بێ کەکافران پێی قەڵس بن ودەسەڵاتدارانی زۆرەملی وخۆسەپێن ودەست وپێوەندەکانیان لەنوێژەکەی بترسێن لەبەرئەوەی کەئەویەتێگەییشتنەوە نوێژەکەی

دەکـاو دەچـێتە نێـو نوێژەکەیـەوە[1] لـەخودای خـۆی داوای یارمـەتی ودەستگرتن بکاھەتا بتوانێ کۆشکی نەگبەتی وقەڵای ستەمی حاکمان بلەرزێنێ ونیزام ودام دەزگاکانیان تێك و پیك بدا ولەجیێ واندا‌قانوون و حوکمی خوداوەند دابەزرێنێ . ئەبەو بیرو تێڕوانینە دەبێتە بەندەی خودا و بەندایەتی بۆوی قاڵ دەکاتەوە گۆی ناداتە قەڵسی و تـووڕەیی کافران و داگیر کەرانی نیزامی سیاسی و ڕامیاری . جادوای ئەو نوێژە و شـــــیارانە یـــــە بـــــە کوتـــــەو کـــــردوە دەڵـــــێ: « لاالهَ إلّاالله وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلى كُـلِّ شَـيْءٍ قَديرٌ . اَللّهُمَّ لا مانِعَ لِما أعْطَيْتَ وَلامُعْطِيَ لِما مَنَعْتَ وَلا يَنْفَعُ ذَاالْجَدِّ مِنْكَ الجَدُّ فَيَلاحِظُ . . »[2] جانوێژکەر دەبـینێ کـە لـە دوای ھەرنوێـژێك جارێـك لاحَوْلَ وَلا قُوَّةَ إلّا بِاللّهِ دەڵێت باھەر بەمەعناش بێتەجێ و خـودی لـەبزی وی نـەکوترێ . دیـارە لەشـەو وڕۆژدا پێنجـی بـۆ دێنـەجێ جانەگەربیھەوێ دەجاران وابڵێ با پێنجی دیکەش لەوەختێکی دیکـە دابڵێت . ئەگەر ویستی ئەستەغفارەکانی بگەنـە سـەتی ھـەروەك لـە

١ـ وەك ترسی ئەبو جەھل لە نوێژەکەی پێغەمبەری(ص) خوداو دەیکوت دەنگی کۆڕو کۆمەڵی قوڕەیشیان بدەم پشك چشکت کەن لە سەر ئەونوێژەکە خوا لەئایەتی ٦ ھەتا نۆزدەی سوورەی عەلەق داباسی کردووە . وەرگێڕ

٢- مەعنا کردنی ئەو دوعایانەن حەواڵەی خۆینەری خۆشەویست کردووە بۆ ئەوەی کتێبەکە زۆر درێژ نەبێتەوە و ماندووی نەکا . وەرگێڕ.

هێندێك حەدیساندا هاتووە بادە أستَغفِرُ اللهیان بۆ پێش نوێژی بەیانی دابنێ ئەگەر بتوانێ ئەودەمی لە خەوێ هەستێ وێڕا بگاتەودەیانە بلێت . ئەبەوجۆرە و بەوهەست وهۆشەوەبێ ئینسان خۆی لە نێو کەش و هەوایەکی نوورانی وڕووناك بەیاری خودا دەبینێتە وە . بەلام ئەگەر حەمیەت نەدا بەوزیکرانە ووابزانێ ئەووەختەی داوای لێ دەکرێ تۆبە وئەستەغفار بکاهەر دەرەوەی نوێژێ مەبەستە بێشك ئەوتام و چێژی نابێ کە لە نێو نوێژدا هەیەتی . وەختێك دەحالی داهاتنەوەی رکوعدا یا کڕنۆشی سوجدە دا دەلێ : «اَللّهُمَّ اغفِرلی» یاوەختێك دەڕاوەستانی نوێژێدا دەلێ : «اَللّهُمَّ باعِدبَینِی وَبَینَ خَطایایَ» یا باقی زیکرەکانی دی کەلەجێگای دیکەی نوێژ دادەخوێندرێن . جا جیا وازێکی زۆر هەیە لە بەینی وەی دا کە ئینسان نوێژ بەو هەست و شوعورە وە بکا کە هەر زیکرێك لە نوێژ دا بە شێکە لە وزیکرو دوعایانەی کە لێی داواکراوە و لە بەینی ئەوکەسەدا کە نوێژ بەوهەست و شوعورە وە ناکات .

لەوەی کە تا ئێستا کوتومانە وادەردەکەوێ کە نوێژ نایەتەجێ وجێ ناکەوێ هەتا نوێژکەر زاناو تێگەییشتوونەبێ بەوشتانەی کە دەنوێژ دا دەیا غوێنێتەوە سەرەڕای سەرنجدان بەوکردەوانەی کەلە نوێژ دائەنجامیان دەدا ئەگەر وابوو لە سەر نوێژکەر لازمە دەکاتی ڕاوەستانی فاتیحا خۆیندنداوای دابنێت کەدوای ڕوو

وەرگێڕانی لەهەموو فەرمانڕەوایانی پووچ و بەتاڵ هەستاوە و بەرەو ڕووی فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی خۆی دەستەونەزەر ڕاوەستاوە خودادەبینێ وئاگای لەهەمووهەست و خوستی وی هەیە[1] . شتێکی چوان و بەجێیە پێش ئەوەی بڵێ «اَللّٰهُ اَکْبَر» وابێنێتە بەرچاوی کەسەرزەوی پڕەلەفەرمانڕەواو حاکمانی سەرەڕۆ کە هەموئیددیعای گەورەیی بۆ خۆیان دەکەن ئەوداگیر کەرانەی کە ئەگەر بەزمانی قاڵیش نەیڵێن بەزمانی حاڵ وانیشان دەدەن کە داوای بەشێك لە خودایەتی دەکەن لە لایەنی یاسادانان و هێنانە ژێر فەرمانەوە و هێندێکیش لە پیاوانی ئایینی ئیددیعادەکەن کە لەبەشی هاوار لێکراوی و فریاد ڕەسیدا کە تایبەتی خودان ئەوانیش بەشدارن . بائەوەی لەبەرچاوبێ کە ئەوانەلەدەوران پشتی هەموو داوای گەورایەتی و گردنکەشی دەکەن بەڵام دوای ئەوخۆ هەڵکێشانەش ئەو هەموویان وەلادەنێ و فڕێیان دەدات و دەڵێ : «اَللّٰهُ اَکْبَر» خودای تاقانە گەورەترە لە وجاڵجاڵۆکەو وشێللاقانە[2] ئەوبەوتەرزەنوێژ دابەستنە هەموان

---

١ـ ئیشارە بەوئایەتەیە کە دەفەرمێ «وَتَوَكَّلْ عَلَى الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ الَّذِي يَرَاكَ حِينَ تَقُومُ . وَتَقَلُّبَكَ فِي السَّاجِدِينَ» وەرگێڕ ـ سورەی شعرێو ئێیە(٢١٧ هه تا ٢١٩)

٢ـ مەبەست بێ هێزی و ترسەنۆکیە لە کاتی خەتەردا . وەرگێڕ .

وهلادهنێ و لهدڵ و مێشکی دهچـنهدهرێ و ڕوودهکاتـه پـهروهردگاری خۆی بهڕاسته و ڕاست و ملکهچی «حَنیفاً مُـسلِماً» وهڕاوهسـتانهکهی مـهعناداردهبێ . هـهروهها پێویـسته لهڕکوعیـشدا سـرنج بداتـه ئهوداهاتنـهوه و دوولابوونـه وهیـهو بهندایـهتی بۆ خودازیـاتر بـێ و ههروههالـه سهرکردنهسـهرعهرزی ودانیـشتن لهسهرچۆکان بویـهینی سوجدهکان وتهحیات و لهبهرز کردنهوهی دوودهستهکانی بۆراگهیاندنی گهورهیی خوداوگرانی و سهنگینی وی لهلای بهندهکهی .

## بهڵگهی قورئانی لهسهر ئهوهکه نوێژ کهر مانای نوێژ بزانی

لهغـهیری ئهوکارانـه شـدا بـهگوێرهی حـهڕه کهوسـهکهنه بیربکاتهوه . بهکورتی پێویسته ههروهتیهکی کهدهنوێژ دادهیلێ فکر لـهماناو مهنزوورهکـهی بکاتـهوه ئـهوکاره واجبـهو سووکایهتی وبـێ مبـالاتی بهومهبهسـتهحهرام وگوناهـه و لهویاساوڕێـسایانه بهدهرهکهزانایانی ئوسوول و شهرعزانهکان دایان ناوه چونکه یـهکێك لهوقاعیـدهو ڕێسایانه ئـهوه یـه کهنـههی بۆقهدهغهکردنـه مهگـهر بهڵگهیهك لهدهست دابێ ونههیهکهی لادات بۆمهبهستێکی دیکانـه . جالـهو ئایهتـهدا کـه دهیخوێنینـهوه هـیچ بهڵگـهو لادهرێـك نیهلهقهدهغهکردنهوه بۆلای مهباح کردن یا مافی ههڵبژاردنی بهئیشتیا تهخییر ئایهتهکه ئهوهیه «لاتَقرَبُوا الصَّلواةَ وَاَنتُمْ سُکاری حَتیَ تَعلَمُـوا

**ماتَقُولُونَ**[١] »لێکدەرەوانی قورئـان و زاراوە زانـانی عـەرەب ڕوونیـان کردۆتـەوە کـە«سُکْر» واتـە (مەسـتی) کەچـاوگ وبـەمانای(سـوکارا) یەهەریەومەستیە ناگوترێ کـە بـەهۆی خواردنـەوەی شـەڕاب و مـەی پەیدادەبێ ٢ بەڵکە سـەکر بـەمانا شـێوان و ئـاڵۆز بـوونی مەسـت و هۆشی ئینسانە بە جۆرێك کـە فکـری بـڕواو ئـەوکارەی کـە دەیکایـا ئەوقسەی کەدەیڵێت یا ئەوشتانەی لە دەورو بەری دەگوزەرێن لە دڵ و مێشکی داجێگیر نەبن و هۆشی لە سەرنەبن کەوابوو دروست نیە بـۆ ئینسانی کە لە نوێژێ نیزیك بێتـەوە بـەحاڵی بـێ وازی وبـێ هۆشـی جاهەربێ هۆشیەك بێ چ بێهۆشی مەی بێ یـا بـەهۆی تـووڕەیی یـا هەواو هەوەس یـا سـەرقاڵ بـوون بـەدنیاوە ئاگـای لەخۆنـەبێ یـا بـە هۆیەکی وەك ئەوانەوە.

کـەوابێ واجبـە دەپێـشدا دڵـی لەهـەموو مەشـغەڵەیەك وسەرمەستیەك پاك کاتەوە جـادوای ئـەوخاوێن کردنەوەیـەی دڵیـە ، کەبۆی هەیە بۆلای نوێژێ بچێ «**لاتَقْرَبُوا الـصَّلوةَ حَتَّـى تَعْلَمُـوا مـا تَقُولُــونَ**» بـۆ ئـەوەی بـزانن چ دەڵـێن دەبـێ سـەرحاڵ بـن و بـەپێی ئەومەعنایە ئەومەنع و نەهیـە لـە نیزیـك بوونـەوە ، کـە بۆقەدەغـە

---

١ـ ئایە ٤٣ سورە نسێو .

٢ـ بەڵگەی ئەوقسەیەش ئایەتەکان ١٥ و ٧٢ی سوورەی حجر و ئایەتی ١٩ سوورەی قافە «سُکِّرَتْ اَبْصارُنا. . .» «لَفی سَکْرَتِهِمْ یَعْمَهُونَ » « وَجاءَتْ سَکْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِ. . . » وەرگێڕ.

کردنەهـەر بەردەوامـەوڕووی دەخـەڵك دایەهـەتا دەگەنـە حاڵـەتێك کـەدەزانن چ دەڵـێن و ئـەوەی بـەزمانیان دادێ بەدڵەوشیارەکەشـیان داتێپـەڕێ . بەوڕوونکردنـەوە عیلمیـە دەزانـین کـە هـەوەڵین ئـەرکی سەرشانی بەندەی بڕوادار بەخودا ، ئەوەیە کە بزانی چ دەکا و چ دەڵێ دەنۆیژەکەی دا ، وەئەوەش دەزانین کە ئـەرکی سـەرەکی پێـشەوایانی ڕێگای خودا پەرستی ئەوەیە کە کاکڵ و ڕاستەقینەی نۆیژ و چۆنیەتی بەرپاکردنی نۆیژ فێری بانگ کراوان وشاگردەکانیان بکەن . هـەروەك چۆن ڕواڵەت خوازو زاهیربینەکان زۆرتر گرینگی بەلەبزوقالـبەندەکـان دەدەن و دەیانهەوێ خەڵـکی فـێری ئەوەی بکەن کە چـۆن صـاد ولاد وگی وڤی وژال وزی وباقی پیتەکان وەخۆینن.

بەڵێ ، واجبە لەسەر ئالاهەلگری ئیسلام کە هەوەڵین گـاری لـەپاش ڕاسـتکردنەوەی بۆچـون و سـاغکردنەوەی پایـەکانی بـاوەڕی شـاگردەکەی ،وە هـەوەڵین کارێـك کـە لـە مەیـدانی ڕێنـوێنی بـۆ کارەباشەکان دەیکا ئەوەیە کە فێری نۆیژی ڕێك و پێکی بکا بە فێـر کردنی نێوەرۆکی نۆیژو بارهێنانی بەجۆرێك کە لە کردار و گوفتارێك کە لە نۆیژ دادەیانکا حـاڵی بـێ و تێیـان بگـات . ئەگـەر کـادرێکی تێکوشەری ئیسلام سەرکەوتن وەدەست بێنی لەحاڵی کردنی تەنیا یەك شاگرد بۆ باش بەڕێوەبردنی نۆیژ باچەند سـاڵیش بخایـەنێ ، کـارێکی گەورە و گرینگی ئەنجام داوە . وەئەگەر پێشڕەوێکی ئیـسلام بتـوانی

یەك پەروەردەکراو بکاتە نوێژ کەرێکی بەهۆش وگۆش و سەرحاڵ لە نوێژدا، بێشك ڕێگای خۆش کردووە بۆ دەستەبەرکردنی زۆرێك لەومەبەستانەی کەئەو لە حەولیان دایە چونکە لە دوای بەڕێوە بردنی بە جوانی نوێژە،کە دێتەجێ زۆربەی ئەو شتانەی کەبەبێ نوێژی بەڕێ وجێ نایەنەجێ . چۆن گومان لەوقسانە دەکرێ دوای چاوبڕینە دوعاکەی پێشە وای ئیمانداران کەحەزرەتی ئیبراهیمە(ع) ئەوکاتەی کە لە پەروەردگاری خۆی پاڕاوە و فەرمووی **«رَبِّ اجْعَلْنِی مُقِیمَ الصَّلَواةِ »** واتەئەی خودای من بمکەنوێژکەرێکی ڕێك و پێك وڕاست ودروست بەندەیەکی هێندە نیزیك لەخودا ئەوداوایە دەکالەپەوەردگاری خۆی ، یانی ئەگەر ئەو حالەتەم بۆ پەیدابێ هەموو شتێکم وەدەست دەکەوێ . ئەگەر لەسەراسەری قورئان داهیچ ئایەتێك نەبایە بۆ دەرخستنی پلەوپایەی نوێژ بێجگەلەو ئایەتەئەوەندە کیفایەت بوو بۆڕاگەیاندنی گەورەیی نوێژ و بەرزی مەقامی ئەومناجاتە، دەبا جارێکی دی پێکەوە ئایەتەکە بخوینینەوە : **«رَبِّ اجْعَلْنِی مُقِیمَ الصَّلوةِ وَمِنْ ذُرِّیَتِی رَبَّنا وَتَقَبَّلْ دُعَآءِ»**[1] دەبینین لەئاخیری دوعایەکەی دادەڵێ **«رَبَّنا»**ئەی خودای ئێمە چونکە دوعای بۆ نەسل و نەوەشی کردووە کە خودا بیانکاتەنوێژکەری چاك و باش . ئەگەر بەوردی سرنجی قورئان بدەین تێدەگەین کە خودای پاك و بێ ئیرادبۆن بەیان دەکا کە مەبەستی

١ـ ئایەتی ٤٠ لەسوورەتی ئبراهیم .

دوایی و ئاخرین بەرهەمی جێگیرکردن و دامەزراندنی بەندەباش وبۆخوداگونجاو پشتیوانی دینی خودا لە سەرزەویدا، بەباشی و ڕێك و پێکی کردنی نوێژ ودانی زەکات و دەستووردانەبە چاکە و نەهیکردنیشە لە خراپە وەك فەرموویەتی : «**وَلَيَنصُرَنَّ اللهُ مَنْ يَنصُرُهُ إِنَّ اللهَ لَقَوِيٌ عَزِيزٌ. الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقامُوالصَّلواةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالمَعْرُوفِ وَنَهَوْ عَنِ المُنكَرِ...**»[1] دەستووردان بەچاکە ونەهی لە خراپە لە پێش هەموو شتێك دادەستووره بەنوێژی ڕێك و پێك و زەکاتی جوان و لێك ونەهیشە لە هەرکارێکی کە دژی ئەودووانەیە.[2]

## گەڕانەوەیەك بۆ سەرباسی وەختەکانی نوێژ

لەباسی حیکمەتی نوێژی بەیانیدا کوتمان ، ئەوبەندەیەی کە گرفتاری خەوبووە لە شەودا وەختێك وەخەبەردێ و بەسەرسەرهەڵدانی سیوادی بەیانیدا ئاگادار دەبێ و دەبینێ کەئاڵ و گۆڕێك بە سەر دنیا داهاتووە وشەوو تاریکایی پشتیان کردووە و ڕۆژ و ڕووناکایی خەریکن دێنە دەرێ بە دیتنی ئەو گۆڕانکاری و دیمەنە دەکەوێتە بیری ئاڵ و گۆڕی گەورەی قیامەت و هەست دەکابە لێپرساوی خۆی وڕادەچەنێ

١ـ ئایەتی ٤١ سوورەتی حەج

٢ـ هەرخودی نوێژ بۆ خۆی ئەمر دەکابەچاکە و نەهیش دەکا لە خراپە وەکونەو دوئایەتە دمیگەیێنن :«أَصَلواتُكَ تَأمُرُكَ اَنْ نَترُكَ مايَعْبُدُ آباؤُنا . . .» ٨٧ هود «اِنَّ الصَّلواةَ تَنْهى عَنِ الفَحْشاءِ وَالمُنكَرِ...» ٤٥ عنكبوت وەرگێڕ .

بۆ گرتنی عەزمی جەزم لەسەر بەندایەتی خودا و ئەو عەزمەش وا دەخوازی کە بەندەی خودا پێش لە هەموو شتێك نوێژ بەرپابکا بۆ ئەوەی دەنوێژ دا داواله پەروەردگاردکەی بکا ئیمکاناتی بەندایەتی بۆ پێك بێنێ وکۆسپەکانی سەرەڕێی بەندایەتیشی بۆ لابەرێ . هەربەوجۆرەیە لە وەختی هەرنوێژیکدایانی وەختی دیاری کراو بۆ نوێژ کە پێنجن ئاڵ و گۆڕێکیان هەرتێدایە ، دەنیوەڕۆ یە دا ڕۆژ لە ویەرەی ئاسمانەوە دەپەڕێتە وەبۆ ئەویەروبەواتای قورئان(دولوك) دەکاو دادەماڵدرێ ، لە ئێوارێ دازەرد هەڵدەگەرێ ولەرۆژ ئاوابوون داسوور هەڵدەگەرێ و لەوەختی عیشایە داسوورایی لای ڕۆژئاوا خەلاس دەبێ وتاریکایی توند کە قورئان بە «غَسَقِ» نێوەدەبا پەیدادەبێ . جالە تەواوی ئەووەختانە دا ئاڵ و گۆڕ دەبینێ و هەست بەلێپرساوی دەکا و پێداویستی نوێژی دێتەوەیاد .

بەلام وەختێکی دیکەش هەیە کە ئاڵ و گۆڕی دنیای تێدایە و ئەگەر لە بەروەزەحمەت پێخستنی خەلکی نەبایەلەدینداری داکە دینی خودای نایهەۆی ئەوتەنگانەیە بۆ لایە نگرەکانی بێینێت بێگومان خودا لەوەختی ئەوئاڵ و گۆڕەشدا نوێژی واجب دەکرد ئەویش وەختی هاتنە دەری ڕۆژە لە کاتی ئاوهەلاتێدا بەوتەی قورئان «إِشْرَاقْ » بەلام لەبەرئەوەی کە ماوەی بەینی ڕۆژهەلات ونیوەرۆیەوەختی سووڕانەوەو جوولانەوە یە بۆوەدەست هێنانی بژیوی هەروەك قورئان وادەفەرمۆی :

«إِنَّ لَکَ فِی النَّهارِ سَبْحاً طَوِیلاً » لەبەر ئەومەسەلەیە لەسەرباوەڕداران فەرزنەکراوە کە لەووەختە دا نوێـژی ڕەسمـی بکـەن بـەڵام پێویـستە مسوڵمان لەوکاتەدا کە ڕۆژتەواو هاتەدەرێ تەسبیحاتی خودای بەزمان بکـا چـەند سُبحانَ الله یـەك بڵـێ چـونکە خـودا فـەرمۆی بەڕاسـتی حەزرەتی داود (ع) لەئێواران وتاوهەڵاتێ داتەسبیحاتی خودای دەکرد وەهەروەها خوا بەپێغەمبەرەکەی ئاخر زەمان (ص) دەفـەرمۆی :«إِصْبِرْ عَلیمایَقُولُونَ وَاذْکُرْ عَبْدَنا داوُدَ ذَاالأَیْدِ انَّهُ أَوابٌ . انّا سَخَّرنَا الْجِبالَ مَعَهُ یُسَبِّحْنَ بِالْعَشِیِّ وَالْاِشْراقِ .ﻁوَالطَّیْرَ مَحْشُورَهﻁکُلٌّ لَـهُ أَوابﻁ» فـەرمان دان بەپێغەمبەری ئاخرزەمـان(ص) کـەیادی داود(ع)بکـا بـۆ ئـەوە نیـە کـەیادی بەسـەرهاتێکی مێـژوویی ڕابـردوو بکـا بـەڵکو بـۆ ئەوەیـە کەچاولەوی بکاو ئەو کارەی ئەو دەیکرد ئەویش بیکـات [1]جاکـەوابوو پێویستەئەویش لەتاوهەڵاتی داتەسبیحاتی خودای بکـات بـەوجۆرەی کە داود دەیکرد هەروەهایە هەرکەسێك کەبەوئایەتانەقـسەی لەگـەڵ بکرێ.[2] دەبێ ئینسان لەکاتێ هاتنەدەری ڕۆژدابـەوردی سـرنج بـدات چونکە ئەوە ڕۆژ بەوهەمۆ بەرەکەتەی کە پیێوە یە هاتۆتە سەردنیایە و گۆڕانێـك دروسـت بـووە جـادوای ئەوسـرنجە تەسـبیحات بکـا،

---

١ـــ «أُولئِـکَ الَّـذینَ هَـدَی الله فَبِهُـداهُمُ اقْتَـدِهْ . . .» سوورەی ئـەنعام ئایـەی ٩٠داودیـش یەکێکەلەئیشارە پێکراوان . وەرگێڕ.

٢ـ لە کتێبەکانی ئەحکامیشدا باسی سوننەتی ئیشراق کراوە . وەرگێڕ

تەسبیحاتیش هەروەك کوتمان نیوەرۆکە کەی (هەڵاتنەلەوناتەواویەی کە تێیدایە بەرەو کەماڵ و تەواویەت) یانی مەلەکردن لەهەموو مەیدانەکانی ژیانی ئازماییشی و پەلەکردن لە کە میوە بۆلای زیادی و بەرەو خودا غاردان ، جانەوحاڵەتە بەکوتنی «سُبحانَ الله»یاهاومەعنای وی دەردەبڕێ . پێویستەلەو وەختیدا بەوردی ئاوڕیش بۆلای کێوەکان و باڵندەکان بداتەوە ئەودەمەی چاودەبڕێتەهاتنەدەری ڕۆژ و هاوکات لەگەڵ وەسەرکەوتنی سُبحانَ الله دەڵێ وخۆی لە نێوتیشك دانەوەی کێوەکان و زریوە زریو و باڵەپڕژەی باڵندەکان دادەبینێ تامێکی تایبەتی لەوزیکرە دەچێژێ . ئاخر کێوەکان لەکاتی تاوهەڵاتێدا گرشە گرشێکی تایبەتیان هەیەو باڵندەکانیش لەوکاتەداهات و چۆو چەقڵەسەمایانە ودیمەنێکی سەرنج ڕاکێشیان هەیە پیاو ئەگەر ئیشتیای لێ بێ دەتوانێ ئاوڕیان وێدا و هاوڕێی زیکرەکەیان بێت . جابەوشێوەیە حەوتیەکی ئەوحەوت وەختە بەنرخەی هێناوەتەجێ کەدوویات دەبنەوە و لەشەوڕۆژ دا دەگەڕان دانە. ئەوحەوت وەختە بریتینە لە نۆیژی بەیانی و تەسبیحاتی تاوهەڵاتێ و نۆیژی نیوەڕۆیە و نۆیژی ئێوارێ و نۆیژی شێوان و نۆیژی خەوتنان و نۆیژی زیادی شەو دوای تاریك داهاتنی بەتوندی وڵات . ئەوەش بزانین کە نۆیژی وەتر و وەتروشەو ونۆیژ وشەو بێداری ویاقی نێوەکانی دیکەی لەو بابەتە مەبەست لە هەموان یەك شتەئەویش

ئەونۆیژەیە کە دروستە بەیەك ڕکاتی و زیاتر لە یەك ڕکات تایازدە ڕکات بکرێ . ئەبەوجۆرە بەندەی خودا دەتوانێ لە هەرشەوو ڕۆژێکدا حەوت جار بۆلای خودای خۆی بگەڕێتەوە یادی بکاو پەیوەندی دەگەڵ خودای خۆی ئەوا بەردەوام وپتەو بێ عالە هیچ بەلایەك پێی بوەستێ وشکستی بدات یاکەند و کۆسپێك سەرڕێی لێ بگرێ . چونکە بێشك ئەوکەسەی کە دەیهەوێ داوای کۆمەگی لەخودای بکابە گرتنە پێشی سەبرو خۆ ڕاگری ونۆیژ ، ئەوکەسەلە سەر رەوەی گیر و گرفتەکانە و لەکەند و کۆژە قایمتر دەبێ و هیچ تەنگانەیەك ناتوانێ بەچۆکی دابێنێ و لەئەنجامدانی ئەرکەکانی شلی کاتەوە .

## چۆنیەتی کۆمەگ وەرگرتن لە خودا بەهۆی نۆیژ

پێویستە مسوڵمان نۆیژێ گرێ بدالەڕاپەرین و بانگەواز و بەربەرەکانی زۆر داران و حاکمە سەرەڕۆیەکان . چونکە خوا لە قورئان دانۆیژی دەگەڵ ئەومەبەستانە جۆش داوە . تاکرێ مسۆڵمان بەبێ ئەوهەست و فکرانە نۆیژ بکات . بەڵکو دەبێ وابزانێ کە لە حاڵی نۆیژ دا ئەوە لە مەیدانی شەڕو بەربەرەکانی دایە دەگەڵ خودا دا تا شراوو باتڵەکان ودەسەڵاتدارانی داگیر کەری حوکم . دەبێ وای دابنێ کەلەسەنگەری شەڕو تێکهە لچوون دایە بەلام نیازی لێگدالێگدای هەیە بەکۆمەگی پەروەردگارەکەی بۆ یە هەر بەین نابەینێکی ڕو

دەکاتــــە ماڵــــەخودای و داوای زاد و تۆیــــشەی پێویــــستی لــــی دەکاودەگەڕێتەوە مەیدانی شەڕ وەك ئەوسەربازەی کە گوللەو ئازوقەی لێ دەبڕێ و بێستم دەکا بۆفەرماندەکەی کەکۆمـەگی بـۆ بنێـرێ . «فاصبِو عَلی ما یَقُولُونَ » ئەو جوملەو وێنەی وەی زۆرن لـە قورئـان دالە و جێگایانەی کە ئەمر بە تەسبیحات و حەمد و ستایشی خودا و نۆیژ کراوە بۆ وێنە لە سووڕەتی (قاف) دا دوای بانگەوازی خەڵك بـۆ باوەڕهێنان بە دوارۆژ هاوڕێ دەگـەڵ حیکمـەت و لێزانـی وەبەکـەڵك وەرگرتن لە نیشانەکانی جیهانی و ئینسانی وئامۆژگاری دڵسۆزانە و دڵگەرم کـردن بـە باسـی بەهەشـت و ئـەوەی کەتێیدایـە و ترسـاندن لەئاورو ترساندن لە گرفتاربوون بە چارە نووسـی گـەلانی نافـەرمانی پێشوو ، دەست دەکا بەکێشەو ومسوڵمانی هەڵگری ئالای بانگەوازی بۆلای خوداش ڕێنوێنی دەکاکە بەگۆێی بڕوایان دابچێ و بەوشێوەی کە جوانترین و دڵسۆزانەترین شێوەی وت و وێژە لەگەڵیان بچێتەمەیدانێ . کە ئەۆ نموونەیەی سووڕەی (قاف)یەکێکە لەوشێوەجوانانە و هاوڕێیـە دەگـەڵ لێزانـی و ئامۆژگـاری جـوان . جالەسـەرەتای ئەوڕێنوێنیـە دائاوادەفـەرمۆی : « **وَلَقَدْ خَلَقْنا السَّموات وَالْأَرْضَ وَمابَینَهُما فی سِتَّهِ أیّامٍ وَما مَسَّنا مِنْ لُغُوبٍ** »یانی قیامەت ڕوودەدا و هیچ گومانی تێدانیە و هیچ ئەولاوئەم لای تێدانیە ئێمە دەتوانین دنیـای دی بێنینـە جـێ چـونکە توانیمـان لەهەوەڵـەوە ئاسمانـەکان وزەوی پـان و بـەرین و

مەعبەینی وانیش بەدی بێنین جانەگەر وابوو «**فَاصْبِرْعَلی ما یَقُولُونَ وَ سَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّکَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الغُرُوبِ . وَمِنَ الَّیْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبارَ السُّجُودِ** » واتە خۆت ڕاگرە لەسەر ئازاری قسەو هەڵوێستی ناخۆش و نالەباری بەرهەڵستکاران وبۆ بەربەرەکانی ئاژاوەکانیان بەپەلەبۆلای خودای خۆت هەڵێ بەحەمد و سەناو تەسبیحاتەوەلەپێش هاتنەدەری ڕۆژو لەپێش ئاوابوونیدا . وەلەشەویشدا بەپاکی یادی خودا بکەو لەدوای کڕنۆش بردنەکانیش دەبینین کە فەرمان دەدا بەخۆڕاگری و بەربەرەکانی ئەوە مانای ئەوەیە کە بەندەی قسەلەگەڵ کراو بەوئایەتانە لە مەیدانی تێکهەڵچوون وبەگژداچوون و تێکۆشان دایە ئەمری پێدەکابە مانەوە لەسەر حەقق و تێ نەشکان و قبوڵ نەکردنی شکست وەرێنوێینی دەکابۆ ئەوەی کە کۆمەگی لە خودای خۆی وەریگرێ بە پەیوەندی لە گەڵ گرتنی بەتەسبیح و ڕاگەیاندنی ناتەواوی خوی وتەواویەتی خوداوە ستایش و ڕازاندنەوەی خودا بەنێوە جوانەکانی و وەبیرهێنانەوەی هەمیشەیی خودا .

لە سوورەی « تاهاش» داهەر بەوجۆرەی باس دەکا پاش ئەوەی کە باسی کێشە دوورو درێژەکەی حەزرەتی مووسالەگەڵ فیرعەونی زۆر دار و سامیری جادووکار و گەلی فریو دراوو ساکار ، بۆ پێغەمبەری دەرگیر لەگەڵ زۆر دارانی زەمانی خۆی کە حەزرەتی محەممەدە(ص) دەکا. دەفەرموێ : ئەی محەممەد مادام وایە «**فَاصْبِرْعَلی ما**

**یقُولُونَ وَ سَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّکَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِها . وَمِنْ آنـآءِ الَّیْـلِ فَسَبِّحْ وَ أطْرافَ النَّهارِ لَعَلَّکَ تَرْضـی»** جـادوای ئەوچەکدارکردنەبچـەکی پەیوەنـدی لەگـەڵ خـودا بـۆ هێزوەرگـرتن لـەرێگای بەندایەتیـدا ، دەفـەرمۆی : «**ولاتمدّنّ عینیک إلی ما متعنابه أزواجا**» واتـە دەسـتەی جۆراجـۆر لـەکافران کـە پێکـەوە پایـەی ژیانیـان پێـك هێنـاوە جانەونێعمەتانەی کەخودا داویەبەچینەجۆراوجۆرەکانی کافران سـرنجی تۆ بۆلای خۆیان ڕانەکێشن «**زهره الحیوه الدنیا لنفتـنهم فیـە ورزق ربّک خیرو ابقی . وامر أهلک بالصّلواه و اصـطبر علیهـا**» واتـە لەسـەر ئەوکردەوەو ئەدوعادەتە بێنەوە ـ چونکە ماڵ و منـداڵ دایـمنیازیـان بەوریاکردنەوە بۆنۆیژ و یادی خوداهەیـە «**لانسئلک رزقا نحن نرزقـک**» کەوابووهەر پشت بەئێمە بسپێرە «**والعاقبه للتّقوی**» سەرکەوتنی دوارۆژ بۆ خودا پەرستانە . لەسوورەتی (حیجریش )دا لە لای ئاخیری سوورەکە دا لەوێنەی ئەو جێگایەی سوورەی (تاها) دا دەفەرمووی : «**وَماخَلَقْنَا السَّموات وَالْأرْضَ وَمابَیْنَهُما إلّا بِالْحَقِ وَاِنَّ الساعَةَ لَاتِیَةٌ فَاصْفَحِ الصَّفْحِ الْجَمیلَ ـ فَاصْبِرْ عَلی مایَقُولُونَ إنّ رَبَّکَ هُوَ الْخَلّاقُ الْعَلیمُ**» خۆت ڕاگـرە لەسـەر قسەناخۆشەکانیان چونکە ئێمـە توانـایی ئـەوەمان هەیـە کـە ئـەوان زیندوو کەینەوە لە پاش مردنیان وەلەودنیایەشدا شتێکمان داوە بەتۆ کە دەتوانی یارمەتی پێ وەدەست بێنی لەو مەیدانی بەربەرکانیـەداو بیکە یە ئامراز و چەکێك بۆ بەرەنگاری وڕوو بەڕوو بوون لەگەڵ کافران

دا « وَلَقَدْ آتَیْناکَ سَبْعاً مِّنَ الْمَثانی وَالْقُرآنَ الْعَظیمَ. لا تَمُدَّنَّ عَیْنَیْکَ إلی ما مَتَّعْنا بِهِ أزواجاً مِّنْهُمْ وَلا تَحْزَنْ عَلَیْهِمْ وَاخْفِضْ جَناحَکَ لِلْمُؤْمِنینَ »[1] واتە : بێگومان حەوت شتی داوەبەتۆ کە دێن و دەڕۆن و دووپات دەبنەوە وەقورئانی گەورە و پڕ لە حیکمەتیشن داوەتێی . کەوابوو چاوەکانت هەڵ مەبڕە بۆلای ئەوکەل و پەل و کالایانەی کە تاقمە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەی کوفرمان پێ دڵخۆش وڕابۆیر کردووە وەهیچ غەمێکیان لەسەرمەخۆ و باڵی بەزەیی و دڵسۆزی بۆ ئیمانداران رابێخە. لەسوورەی «طاها» دافەرمووی :«فَاصْبِرْ عَلی ما یَقُولُونَ وَ سَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّکَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِها . وَمِنْ آناءِ الَّیْلِ فَسَبِّحْ وَ أطْرافَ النَّهارِ لَعَلَّکَ تَرْضی وَ لا تَمُدَّنَّ عَیْنَیْکَ إلی ما مَتَّعْنا بِهِ أزواجاً مِّنْهُمْ . . . » لەسوورەی «حیجر» یشدا دەفەرمۆی: « فَاصْفَحِ الصَّفْحَ الْجَمیلَ . . . وَلَقَدْ آتَیْناکَ سَبْعاً مِّنَ الْمَثانی وَالْقُرآنَ الْعَظیمَ . لا تَمُدَّنَّ عَیْنَیْکَ إلی ما مَتَّعْنا بِهِ أزواجاً . . [2]» بە لەبەریەك دانان و لەکن ڕانانی ئەودودەستەئایەتەی سوورەتی تاها و حیجر دەتوانم بڵێم ، بابەیەقینی و ڕاشکاویش نەبێ کەمەبەست لە «سَبْعُ الْمَثانی» تەسبیحات و ستایش

---

١ـ ئەومەتڵەبە لە ٢١٤ و ٢١٥ سوورەی شوعەراش داهاتووە : « وَأنْذِرْ عَشیرَتَکَ الْأقْرَبینَ . وَاخْفِضْ جَناحَکَ لِمَنِ اتَّبَعَکَ مِنَ الْمُؤْمِنینَ » وەرگێڕ

٢ـ ئایەتی ٢٨ ی سوورەی کەهفیش ئەودو مەبەستانە بەهێز دەکا « وَاصْبِرْ نَفْسَکَ مَعَ الَّذینَ یَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَداةِ وَالْعَشِیِّ یُریدُونَ وَجْهَهُ وَلا تَعْدُ عَیْناکَ عَنْهُمْ تُریدُ زینَةَ الْحَیوةِ الدُّنْیاءَ » وەرگێڕ

و یادکردنی خودایه لەوحەوت وەختانە دا کە لە «طاها» داباسیان لیٚ کراوە چونکە ڕاوێژ و بەستێنی ئایەتەکان هەم لـە سوورەی «طاهـا» وهـەم لـە سـوورەی «حیجـر» دائەوەدەگـەیێنن . مـادام وابولەسـەر مسوڵمانی واجبە بەتایبەت مسوڵمانی دەعوەتکەر گەنۆیژیٚ وەکـوو چەکێکی کاریگەر چاوڵی بکالە گۆڕەپانی بانگەوازیـدا و لەمەیـدانی کـارو جووڵانەوەیـدا . ئەوکەچۆتەشـەڕی بیٚ ئـەمانی مـان ونـەمانی تێکڕای تۆ غیانگەرانی زەمانی وفەرمان ناڕەوایانی پووچ و خۆخوانی ڕۆژگار، بیٚ گومان هێزی چەکی بەرچاوو ماددی وەکوو وانـی نیەکـە وابوو دەبیٚ چەکێك وەدەست بێنیٚ کە بەتەنیٚ بەربەرەکانی هەمووچەك وچۆڵی وان بکات ئـەوکارەش بـەوەی دێتـە جـیٚ کەمـسوڵمان هێـزو توانایی لەپەروەردگاری خۆی وەرگریٚ جازاڵ دەبیٚ بەسەر هەموو هێزو سپای فەرمانڕەواناڕەواکان دا . جادوای ئەو پەیوەندیە پتەوو لـەپایان نەهاتووە لەگـەڵ خـودا ئەگـەر زاڵمەزاڵـەکان توانیـان ئـازارێکی پـیٚ بگەیێنن تەنیا دەتوانن لاشەی پێکهاتوولە گۆشت و خۆین و دەماری ئـازار بـدەن ئـەمما ڕوح و گیـانی لەدەستڕەسـی وان دووره ونایگـەنیٚ تەنانەت جاری واهەیە کەلاشەی ئیماندار ئەشـکەنجەدەدەن بـەجۆرێك کەلەت لەت و پشك پشکی دەکەن بەڵام لەهەمان کات داڕووحەکـەی لەسەرەوەی ئاسمانان ڕا پێیان پێدەکەنیٚ و گاڵتەیان پیٚ دەکا . بەڵیٚ ، بەبیٚ نۆیژی قورئانی و بەبیٚ پەیوەندی گرتن لەگەڵ خودای خاوەن هێز

له ڕێگای نوێژەوه هیچ کات ئینسان ناتوانێ زەفەر بەیەك گرفت و کۆسپیش بەرێ هەتا دەگا بەوهەموو داوو کۆسپەکانەی کەقسەی لێ ناکرێ دێته سەرڕێی مسوڵمانی بەخەبەرووه خەبەر هێنەر ، هەر بەوخاترەشه کەزانای بلیمەت کوڕەکەی ڕێنوێنی دەکابۆ باش بەجێ هێنانی نوێژ و فەرمانی پێدەدا کە ئەمر بەچاکه وبێزاری لەخەراپەڕابگەیێنێ دوای ئەوشته ئاماژە بەوه دەکا کەلەسەر ئەوئەمر و نەهیە تووشی کۆیرەوەری دەبێ وگرفتی زۆری دێتە سەرڕێیه ولەسەری لازمە کە خۆراگربێ و خاوەن ئیرادەو ورەی پۆلایین بێ جابەوچەند ئامۆژگاریه پێکەوه چەسپاوه ڕوونی دەکاتەوه کەڕێبازی بانگەوازی ئیسلامی پڕەلەگیر وگرفت وکەندو کۆسپ وەکەسێك دەتوانی بەسەرئەوگرفت و کوسپانه داسەرکەوێ وئەژنۆی نەفیزێ کەپەیوەندی قایم و مەحکەمی دەگەڵ خوداهەبێ . بەڵێ ، ئەوهۆزان و بلیمەته کەخواقسەکانی بەحیکمەت نێوه دەبا و بۆ هەتا هەتایە لە کتێبی خۆی داتۆماری کردوون لوقمانی حەکیمە .

ئەوزاناخوداناسەدوای ڕاست کردنەوەی بیرو باوەری کوڕەکەی سەبارەت بەخودا لەهەوەڵین ئامۆژگاری بابانە و دڵسۆزانە داکەدەفەرمۆی : « یابُنَيَّ لا تُشرِكْ بِاللهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظيمٌ » ئەی ڕۆڵەم هاوبەش بۆ خودا بڕیارمەدە چونکه بێگومان ئەوکارە ناهەقێکی گەورەیە . پاشان خودای گەورە بۆ خۆی لە جیانی لوقمان (ع) باسی چاوەدیری دایك و

باب دەکاهەتاکوڕەکەی بابی تۆمەتبار نەکا بەقازانج خوازی و ئیمتیاز تەڵەبی . چونکە دەکرێ کوڕەکە بڵێ بابم بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەووەسیەت وسفارشەیە دەکا هەربۆیە خودای حەکیم و کارجوان لێرە دادەفەرمۆی ئەوەیان بەئەستۆی من و ئەتۆ لێرە هیچ مەڵێ جا خوا سفارش دەکا بەپاراستنی مافی دایك و باب ورِوونی دەکاتەوە کە دوای بەجێ هێنانی بەندایەتی خودا ئەرکی ڕاگەییشتن بەدایك و باب دێتە سەرشانی ئینسانی . جاپاشان نۆرەی حەزرەتی لوقمان دێتەوە کە بەندەکانی دیکەی پەندەکەی باس بکا بۆیە دووهەمین شتی بنەڕەتی لەبیر و بۆ چوونی مسوڵمانەتیدا باس دەکات کەباوەڕدامەزرانەبە ڕۆژی دوایی و ژیانەوەی دوای مردن و حیساب و پاداش دانەوەیە . وەك دەفەرمۆی : «یا بُنَیَّ إنَّها إنْ تَكُ مِثقالَ حَبَّه مِنْ خَرْدَلٍ فَتَكُنْ فی صَخْرَهٍ أوْ فِی السَّمواتِ أوْ فِی الـأرْضِ ، یَـأتِ بِهـاالله إنَّ الله لَطیـفٌ خَبیـرٌ » لەپاش ڕاستکردنەوەی باوەڕو جیهانبینی هەڵی ڕاستکردنەوەی خووخدەو ڕێنوینی کەسانی دیکەو کردەوەی خویەتی یانی ئەی کوڕەکە. جاهەوەڵین کردەوەیەك کەدەبێ بەندەی ئیمانداربیکات بەرپا کردنی نۆیژە بۆیەلوقمانیش (ع) دوای باوەر بەخودای تەنیا و ڕۆژی دوایی دەفەرمۆی : «یابُنَیَّ أقِمِ الصَّلواهَ » ئەی ڕۆڵەکەم نۆیژ بەچاکی بەجێ بێنە جادوای بەجێ هێنانی نۆیژ بەچاکی و تەواوی ئینسان ئامادەیی پەیدادەکابۆپێشەوای وبانگەوازی بۆلای خودابۆیەفەرمووی :

«وأمُرْبِالمَعْروفِ وانْهَ عَنِ المُنْكَرِ واصْبِرْ عَلى ما أصابَكَ إنْ ذلِكَ مِنْ عَزْمِ الأُمُورِ »[١] یانی بەرێنوێنی خەڵك و دەستووربدە بەچاکە و نەهی بکە لەخراپە و ناحەزی و خوشت ڕاگرە لە سەرئەو ئازارەی کە لە ڕێی ئەوئەمرونەهیەدا بۆت دێتە پێشێ بەراستی ئەوئەمر بەچاکە و نەهی لە خراپە و خۆڕاگری و ئیستیقامەتە لەکارە گەورەکانە . جاپاش ئەوە شارەزای دەکا کە خۆی بپارێزێ لەوعەیبانەی کەلەکەداری دەکەن لەمەیدانی بانگەوازیدا «وَ لاتُصَعِّرْ خدَّكَ لِلنّاسِ . . . » ئایەتی ١٨ و ١٩ی سوورەی لوقمان .

## دیسان گەڕانەوە بۆ سەروەختەکانی نوێژ

جاریکی دیکەش دەیڵێمەوە هەروەکو لە سەرەتای باسەکەدا کوتم زۆر پێویستە کە نوێژ کەر وردبیتەوەو تێبفکرێ لەوئایەتانەی کەدەوان دادەستوور دراوە بەنوێژ بەشێوازی جۆراو جۆر و نوێژەکەش پەیوەند دراوەتە بەوو ختەنێوبراوانە کە لە پێشداباس کران ، چونکە لەقورئان داوشەوڕستەی جۆراو جۆر هەیە بۆ گرێدانی نوێژ بەوەختی تایبەتی خۆیەوە لەشەووڕۆژدا جا هەر جێگایەی ئاماژە دەکات بۆ تایبەتمەندیەك لەتایبەتمەندیەکانی نوێژ ، بۆیە لازمە نوێژکەر وردبێتەوە لەوگوفتار وقەوارانەی کەبەیان و باسی نوێژیان پێ دەکرێ و

---

١ـ ئایەتی ١٣ هەتا ١٧ سوورەتی لوقمان

پێویسته راز و نهێنهکانی ئهووهختانه بهپێی تاقهت وتوانالێك داتهوه و تێبکوشیٚ لهجهوههریان تام و چێژ وهرگرێ . بۆ وێنهئهو وهختهی که لهقورئاندا دهگاته ئهوئایهته «**وَاذْكُرْ رَبَّكَ في نَفْسِكَ تَضَرُّعاً وَخيفَةً وَدُونَ الجَهْرِ مِنَ القَوْلِ بِالغُدُوِّ وَالآصالِ** » لازمه لهمهعناو مهبهستی «**غُدُوُّ**»و «**ئاصال**» ورد بێتهوه وه فکر له پهیوهندی ئهو دووکاته لێك جودایه دهگهڵ یادی خودا بکات ئهگهر ئهواورد بێتهوه ڕهنگه حیکمهت و رازی واجب کردنی نوێژ لهو وهختانه دابزانیٚ .

یان ئهو دهمهی که ئهو ئایهتهی دهخوێنێتهوه «**وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبلَ طُلُوعِ الشَّمسِ وَقَبْلَ الغُرُوبِ** »دهبیٚ سرنج بداته چۆنیهتی پێش ڕۆژ ههڵات و پێش ڕۆژ ئاوابوونیٚ . ههربه وڕه واڵه بڕواته پێشیٚ لهباقی جێگایهکانی دیکهدا دیاره زۆریش . بهلێ ، لهسهر خاوهن باوهڕی ئیسلامی واجبه کهمات و بێدهنگ بیٚ و بهتێفکرینهوه لهووهختانه ، ڕامێنیٚ . بێگومان پاش بهینێك خوا دڵی ئاوهڵادهکاتهوه بۆ گهییشتن به نهێنی ودهلیله دلگرهکانی ئهودهم و کاتانه . بۆ سهلماندنی ئهوقسهیهش ئهفهرموودهیهی خودا بهڵگهیه«**يا أَيُّهَا الَّذينَ آمَنُوا إِنْ تَتَّقُوا اللهَ يَجْعَلْ لَكُمْ فُرْقاناً وَيُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّئاتِكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللهُ ذُوالفَضْلِ العَظيمِ .**» سوورهی أنفال ایه ٢٩ ئهی ئهوکهسانهی کهباوهڕدارن ئهگهر خودا بپرستن تهرازووی ههق و بهتاڵ ناسین و لێك جوداکردنهوهی کاکڵ و توێلك و وبۆپهیدادهکاوهلێتان دادهماڵیٚ چلکی گوناهان وهگوناههکان

بۆئیۆه دادهپۆشی ، بێ گومان خودا خاوهنی چاکهی زۆرو گهورهیه . یارهبی خودائهمهو ئهنگۆش لـه نوێژکـهرانی بـههۆش و گـۆش قـهرار بداوله دهستهی زۆر بهیادی خودا بوانن برپارلهسهربدا .

## حیکمهتی ژمارهی ڕکاتهکانی نوێژ

ئهویهیانهولهخهوێ ههستاوی و دهتههوێ نوێژی سبهینێ بکهی لهبهر ئهوهی که ههوهڵی ڕۆژهو ئینسان لهحاڵهتێك دا نیه کهکاری وهك گوناه و نافهرمانی خودای تێدا کردبێ نیـازی بـهدووپات وسـێ پـات کردنهوهی ئهوزیکرو تهسبیح و سهنایانهنیه که دهبێ بیانکالهوههوهڵی کارو جوڵانهوهیه دا . بهڵکو دووڕکاتی بهسهبۆ داوای یارمهتی له خودا که کوسپـهی سهرڕێی بهندایهتی لـێ لابـدا بـه لاَم لهنۆیـژی نیـوهڕۆو نۆیژهکانی دیکه دا ههل و مهرج جۆرێکی دیکهیه ئهوه چهند سهعاته دهگهڵ گێرو گرفتی ژیان تێکهڵا و بووه و دهگهڵ خهڵکی چۆراو جـۆر سهرو کهللهی لێك داوه جارو بـارهش گونـاه و بـێ ئـهمری خوداشـی کردووه و زهحت و فشاری بهرپێچوونیش لهوێ ڕاوهستێ و لهوانهیه زۆر بۆنهو بیانووی دیش ههبن کـه ببنـه هانـدهربۆ زیـادکردنی نیـازو لـه ئاکامدا بردنهسهری ژمارهی ڕکاتهکان ههتابۆ خـۆی دهڵـێ : بهسـه ، دهڵێ : جارێ ئهوهنده بهشم دهکا و دڵنیام دهتوانم بهوئهندازه تۆشه و پێخۆره بگهمـه قۆناغی دوای ئهوه و هێزم لێ نهبڕێ .

## حیکمەتی تەحیات :

بەڵێ ، کوتمان لە نوێژی سپحەینێ دا دوو ڕکاتی بەسەبەڵام دوای ئەو دووڕکاتە دەبێ تەخت دانیشێ هەتا دەسکەوتەکانی ئەو دووڕکاتە دەسك دەسك بکاو لێکیان هەڵاوێرێ و هەرشتەی لە جێگای شیاوو شایانی خۆی دابنێت . لەپێش هەموو شتێك دابەشی خودا جودا دەکاتەوە و دەڵێ : «اَلتَحِیَّاتُ لِلّـهِ » ئەوە بۆ خودا لە و لایە دادەنێم چونکە لەیەکەم سرنج دامنەتی گەورە و چاکەی خودا دەبینێ کە دەگەڵ وی کردووە دەستی گرتووە بۆ ئەوکارەگەورەیەو وهەل و مەرجێکی بۆ پێکهێناوە کە بتوانێ نوێژ بۆ خودا بکا و ڕێگای داوە بچێتەلای ژوور و بۆ حوزوور خودا و لێی بپارێتەوە تا پێداویستیەکانی بەندایەتی بۆ دابین بکاو گیرو گرفتەکانی سەرڕێیە شی بۆ لاببا دیارە ئەئەوە چاکە و منەتێکی گەورە یە و ناکرێ مەمنونیەتە کەی بە تەواوترین شێوەبە گوفتار و ڕەفتاردەرنەبڕێ .

## لێکدانەوەی تەحیات

« التَّحِیَّاتُ لِلّهِ »هەموو زیندەبادەکان وپایەداربوونەکان بۆ خودانە، لەڕوانگەی ڕیزمانی عەرەبیەوە وشەی «تَحِیّاتُ » جەمعەوتاکەکەی کەلیمەی (تەحییەتە) کەچاوگ و مەسدەری «حَیّایُحَیی» یە ، وشەی «حیاة» لەبنەڕەت دایانی فلان کەس فلان کەسی زیندوو کردەوە و ژیانی پێ بەخشی . ئەوە وەختێك دروستە کە

فێعلەکەبۆ خودا بەکاربردرێ ، بۆ وێنە عەرەب دەڵێن : «حَيّـى اللهُ فُلاناً » یانی خودا فلانکەسی زیندووکردەوەو وای لیّ کردکە بژیت بەڵام ئەو وەختەکە بۆ غەیری خودا بەکابردرێ بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە غەیرەز خودا کەس ناتوانیّ ژیان ببەخشێ ، وشەی « حَيَّاهُ بەمەعنای دوعـای پایـەداری کـردن دەبیّـت یـانی « حَيّـافُلانٌ فُلانـاً » یـانی کابرابەکابرای کوت خودا پایەدار و ڕاوەستاوت کا . بەو شێوەیەوشەی (تەحییـەت ) کـە کـۆکراوە کـەی دەبێتـە «تَحِيّـاتٌ» مـەعناو مەبەستەکەی دەبێتە دوعاو ئارەزووی ژیان و بەردەوام بوون بۆ یەکێك . جابەخاتری ئەوەی کەمان و ژیانی کەسێك ئەودەمەی خۆشەویست و خوازراودەبیّ کە پڕ بیّ لە چاکەوکارانی بەسوود واباوە کە هیچ کـات خـەڵك ئـارەزووی ژیـان و تەمـەن درێـژی بـۆ ئینـسانی بـە دناکـەن بەڵکەمەرجی ئەوکارە ئەوەیـە کـە دەبـێ دوعـابۆ کـراو ئینـسانێکی بەکەڵك بیّ بۆ خەڵك و بەڕێز و شایانی قەدرو ڕێز لێگرتن بیّ . جا بەو هۆیەوە وشەی «تَحِيَّة» لەنێو خەڵکدا هاوڕێیە لەگەڵ قەدرو ڕیزلێنان کەوابوو (تەحییەت ) یانی (تەعزیم ) وبەگەورەزانین و بە حورمەتەوە نێو هێنانی یەکێك . جائێستا «اَلتَّحِيـاتُ لِلّـهِ »مانـای ئەوەیـە کـە تەواوی قەدر گرتنەکان و بەگەورە نێـو هێنانـەکان دەربەسـت لـە بـۆ خودانە . وەك ڕێـز گـرتن لەشـێوەی بەپێوەڕاوەسـتان ، ڕێزلێنـان بـە حاڵەتی دولاهاتنـەوە ، قـەدرلێنان لـە شـکڵی کرنـۆش ، ڕێـز لێنـان

دەقالبی دوور گرتن لەنەفس و پێهەڵکوتن بە نێوی جوان لێ هەڵدان ،بەکورتی ڕێزلێنان بە هەموو ئەوشێوانەی کە تا ئێستا ئەنجامم داون یانی لەوکاتەوە ڕاست بوومەتەوە بۆ نوێژ و کوتوومە : «اللهُ اَكْبَـرْ» تادوای سوژدەی دووهەم لەڕکاتی دووهەم هەمووی بۆ خودایە.لێم ڕوونەکە هیچ شێوە یەکی جوان و بەجێ لە قەدرلێنان نەماوە ئەوە کە هەتا ئێرە ئەمن بەجێم نەهێنابێ بە دڵم،بەزمانم ، بەئازارو ئەندامەکانی بەدەنم ڕێزگرتنم بە جێ هێناوە جا ئێستا بەڕاشکاوی دەڵێم : هەموو شکڵ و شێوەیەکی جوان و لەباری ڕێزلێنان پێشکەش بە بارەگای خودا بێت وەهەروەها پارانەوە کانیش بۆ خودانە ئەوپارانەوە و نوێژانەی کە دە نێواندا داوالەخودای دەکرێ بۆ دابین کردنی قازانج و نێعمەتەکان و لابردنی زەرەر و زەحمەتەکان ساغ و خالیس بۆ خودا و لەکەسی دی چاوەڕوان ناکرێن . «وَالطَّيِّبَاتُ» واتە کردەوە و خاوێنەکان ئەوکارەپاك و بەدڵانەی کەئینسان تەنیا بەخاتری خودا ئەنجامیان دەدا و خوداش وەریان دەگرێ «إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ» واتەقسەی پاك و خاوێن بۆلای خودا وەسەر دەکەوێ ، کردەوەی چاکیش خوابەرزی دەکاتەوە بۆلای خۆی ، جازیکرو و کردەوە خاوێنە کانیش بەتایبەت بۆ خودادەکرێن . ئەودامەزراندنی «تَحِيَاتُ» و «صَلَوَاتُ» و«طَيِّبَاتُ» بەوشێوێیە ڕیزکردنێکی سروشتی و دڵڕفێنە ، چونکە ئەوسێ کارەیەك لە دوای

یەکن ، لەهەوەڵەوە خودا بەگـەورە دەزانـی پێت وایـە چـونکە دارای هەمووڕەحمەتەشایانی هەموو ڕێز و حورمەتێکیشە بۆ یە هەڵوێستێك دەگـری لـە ڕاسـت ئەوکـەدەبێ بەنـدە لـە بەرامبـەر خـاوەنی خۆیـدا ئەوهەڵوێستە بگرێ و بەس .ئەویش هەڵویـستی حەمـد و ستایـشە و بەستنی پەیمانی بەندایەتیشە . لەپلەی دووهەم دا نوێژ بۆ خودا دەکەی و بەونوێـژە داوای لـێ دەکـەی کـە ئیمکاناتـت پـێ بـدات و وات بـۆ هەڵسووڕێنێ کە بتوانی ئەرکەکانی بەندایەتی بەجێ بێنی . جالەپلەی سـێهەم داکـردەوە جوانـەکان و قـسە قـاڵ و پتـەوو پـشتگیری کـراو بەکردەوەکانی باش و بۆ خوداکراو، بەئەنجام دەگەیێنی ، جاهـەمووی ئەوسـێ کارانـە بـۆ خـودا دەکـرێن . لـەکۆتایی ئەولێکدانـەوە یـە دادەمهەوێ بڵێم : ئەوشێوەیە کە کوتمان یانی «**اَلتَّحِيَاتُ لِلّٰهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَـاتُ**» راسـترین ڕیوایەتـە بـۆ تـەحیات ،لەوبابەتـەوە لـەبزی دیکانـەش هەنـەو ڕیوایـەتی بێجگەلـەوەش نـەقل کـراوە بـەڵام ڕیوایەتەکەی ئیبنومەسعوود کەئەوەی ئێمەیـە لـە هـەموان راسـتترو دروستترە .

## سڵاو ناردن بۆ پێغەمبەر (ص)

بەوتەحیاتە پاك و تەواوە ئەتۆ قەدرو ڕێزی خودای خـۆت بـە وجۆرە کە شایانیەتی ، گرتووە ئـەمما واجبـە لەسـەرت کەئەوکەسـانە بێنێوەیـادت کـە دەسـت و دەوریـان هـەبووە دەپوختـەبوونی تـۆ داو

گەییشتنت بەوپلەو پایە لە خودا ناسیدا ، پێت وایە ئەگەر پێغەمبەری خودای (ص)نەبایە ئەتۆ دەتتوانی بگەیە ئەوجێگایە ؟ بێگومان نەتدەتوانی . ئەو پێغەمبەرەی کە لەسەر تاوە خەبەر و باسی هیدایەتی لە خودا وەرگرتووە و لە دڵ و حافیزەی خۆی داڕاگرتووە و پاشان ڕێی ڕاسپاردەیی داگرتووە و بەساغ و سەلیمی بەگۆیی دڵی تۆی گەیاندووە ڕێی خودا پەرستی خالیسانەی بۆ ڕووناك کردووی ، چۆنیەتی بە جێهێنانی نوێژ و لە خودا پاڕانەوەی فێر کردووی ، ئەتۆش وەدووی کەوتووی و گەییشتوویەتە ئەوڕادەیەکەدڵت دامەزراوە . دووپاتی دەکەمەوە تایا ئەتۆدەگەییشتیە ئەوتێگەییشتنە ڕاست و دامەزراوە لە دین ، ئەگەر تێکۆشانی بێ و چان هەڵگرتنی باری قورسی وەخەبەر هێنانی خەوگرانان و خۆماندووکردنی پێغەمبەر نەبایە(ص)؟ بێگومان نەتدەتوانی . کەوابوو جێی خۆیەتی یادێکیش لە پێغەمبەر و زەحمەتەکانی بکەی بەوجۆرە کە خودا و پێغەمبەر(ص) پێیان کوتووی و پێی ڕازین کە داوای سەلامەتی و ڕەحمەت و بەرەکەتە، بۆیە دەلێێ : « **اَلسَّلامُ عَلَيْكَ اَيُّهَا النَّبِىُّ** » (ئەتوش خودا سلامەتت کائەی پەیامهێنەر) قسەی دەگەڵ دەکەی نەك لەبەر ئەوەی کە لە کنتە و لەڕووی ئەوەی کە گۆیی لە کوتننتە ، بەڵکە لە دڵی خۆت داحازری دەکەی و وای دادەنێی ڕوو

بەڕووتــە[١] هــەتا دوعاوســەلامەکەت بەگــەرم و گــوڕی بــی بــەڵێ چەپکەگوڵی پێشکێشی پێغەمبەر(ص) لەوسەفەرە پڕ زەفـەرە دا کـە نوێژە ، داواکردنی سەلامەتیە «**اَلسَّلامُ عَلَیکَ** » خودا سـەلامەتت کـاو بە دووربێ لە هەرچی دەرد و ئافاتە ، لە هەرچی بەڵایـە و دەگـونجێ بێتەسەر ڕێگات لەڕۆییشتن بەرەو پەروەردگارت دا هـەم لـە قۆنـاغی ژیانی ئەو دنیایەتدا ، هەم لە دەورانی دوای مردن و وەفاتت تاوەختی وەڕوح هاتنەوەت هەمیش لە قیامەت و بەهەشتێدا . «**اَلسَّلامُ عَلَیکَ** » خوا بتپارێزێ لەگشت ناخۆشی و بێزێ .

## باسی ڕەحمەت و بەرەکەت و جیاوازی نێوانیان

چونکە داوای سەلامەتی کردن بۆ یەکێك تـەنیا لایـەنێك لـە خێر و خۆشیەکان وەدی دێـنێ کەلایـەنی (سـەلبی) ودارنـینی دەردو ئافاتە، پێویستە بەهرەمەندیش واتە (ایجابی) بـە دوعـایـە کـە تـەوە زیادکەی بۆیە دەڵێـی «**وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَکاتُهُ**» وەهـەروەها ڕەحـمـەت و

---

١ـ ئەو روو تێکردن و دواندنە وەکوو ئەو ئایەتەی سوورەی الواقعە وایە «**وأمّا اِنْ کانَ مِنْ اَصحابِ الیَمینِ. فَسَلامٌ مِنْ اَصحابِ الیَمینِ** » تەیفەرموو:«**فَسَلامٌ لَهُ**» هەرچەندە پێشدافەرمووی «**اِنْ کانَ** » وەوەکوو«**اَوْلی لَکَ فَاَولی**» وایە و ئێیە ٣٤ سورە قیامەت ،ئەۆقاعیدەیە «**استحضاری غە یـری موشاهە دی**»لێ دەڵێن ، بڕوانە کتێبی جواهر البلاغـەباسی تعریـف **المـسند الیـة بالاضـمار** « تنبیهات» وەرگێر .

سۆزی خوداشت لەسەربێ ئەی پێغەمبەر(ص)، هەرچەند ڕەحمەت دووربوون لەئافاتیش دەگرێتەوە بەڵام چونکە لەگەڵ سەلام داهاتووە تایبەتە بە دەستەبەر کردنی قازانجەکان چونکە دەفعی زەرەر کەبەشێکە لە مەعنادوو قۆلیەکەی ڕەحمەت بەوشەی سەلام دێتەجێ . کەوابێ «وَرَحمَةُ الله » یانی هەرشتێکی کەقازانج وپێشڕەفتەبۆ ڕۆییشتنت بەرەوخودای خۆت لەوچواربڕگە وقۆناغەباسکراوە لەباسی سەلام دا ، لەسەرتۆبێ و بەسەرت داهەڵڕژێ و خودا بتداتێ . بەڵام ئەو ڕەحمەتە بەبێ دەوام و مانەوە بەس نیە چونکە جاری وایە ئینسان ڕەحمەتێگـی بەهرەوەری لەدوای دوور بوون لەبەڵاوەدەست دەکەوێ بەڵام زۆر خۆناگرێ و بەرەکەت و دەوامی نابێ و تەواو دەبێ و ئینسان دەچێتەوە نێوناخۆشی و ئافەت . دیارە ئەو وەزعەش شتێکی جوان و دڵخوازنیە کە وابوو لازمە لەسەرتۆی شوێنکە وتووی پێغەمبەر(ص) کە دوعایە بکەی بۆ پێشەوا زەحمەتکێشە خۆڕاگرەکەت بەنەبڕانەوەی نێعمەتی خودا لەسەرەوی بۆ ئەوەی ئەوڕەحمەتەش وەك زەحمەتەکەوبەرهەمەکەی هەتا هەتایەبێ . پەس «وَبَرَكاتُهُ»یانی ڕەحمەتە بەربڵاو وبەردەوامەکان هەڵڕژێنە سەرتۆو دەنێوە خۆت بگرن .

## سڵاو ناردن بۆ بەندەکانی خودا

دوای ئەوەی کە قەدرو ڕێزی شیاوو تەواوت لە پێغەمبەرنا(ص)و سپاسی زەحمەتەکانت کرد چونکە کەسێك سپاسی

زەحمەتی خەڵکی نەکاسپاسی خوداش ناکاو نەیکردووە ، جادوای دەستخۆشانەت بە پێغەمبەر(ص) ئاورێك وەئەولاولایان دەدەیەوە و دەبینی کەزۆرێك لە بەندەگانی خودا دەورو ڕۆڵی جۆراو جۆریان هەیە و هەبووە لە خۆشکردنی ڕێگاو پاك کردنەوەی پێشت بۆ ئەوهی تۆ بگەیەنەوێلە و پایە ئارامبەخشە. ئەوبەندە چاکانەی خودا کە هاوچەرخی تۆن هەموو یان نەخشیان هەیە لەوپڕۆژەیە . خۆئەگەر هاوکاری و یارمەتی وان نەبایە لە سەر چاکە و خۆپاراستنت لە خراپە هەرگیز ئەوهەل و دەرفەتەی کە بۆت ڕەخساوە و لەسایەی و یەوە گەیێشتوویە تە ئەومەقامە کە هەموو شتێك وەکوو خۆی دەبینی ، بۆت هەڵنە دەسووڕا . لەپێش ئەوهاو دەورانەشت دامسوڵمانانێك هەبوون کە ئاڵای ئیسلامیان بە دەستەوە گرتووە و بوونەتەپیش قافڵەی ئێوەش و هاوچەرخەکانیشو خۆئەگەر پێشڕەوە ڕابردووەکان نەبان ئەوهیدایەتە نەدەگەیشتەدەست ئێوە کەوابوو وەپێشکەوتنی ئەوان بۆ ئیمان ودەست پێشخەری وان و تێکۆشان و کۆڵ نەدانیان لە ڕاست سەختی و دژواریەکان داڕێگای تەخت و یەکسەرە کرد ووە وا ولێ هاتووە کە بتوانن بەوێلە بەرزەبگەن بەڵێ : « **اَلسَّلامُ عَلَینا وَعَلی عِبادِ اللهِ الصّالِحینَ** »(سەلامی خودا لەسەرئێمە شولەسەر بەندە چاکەکانی دیکەی خوداش بێ ) لەسەرخۆمان و هەربەندەیەکی کە ئێستا زیندووە لە سەر ڕووی زەوی وەلەسەربەندەباشەکان بێ ئەوانەی

که دەپێشدا ئیمانیان هێناوه له حەزرەتی ئادەمەوه(ع) هەتا دوایین ئیماندارکەمردووه پێش ئەودوعایە. جائینسان بێ یا جنوکه یا فریشته بێ دیاره فریشتەش بەندەی بەرێزی خودان . بێجگەلەوانەش هەربەندە خودایەك هەبێ وەبەر ئەوسەلامەی کەوێ چونکه هەموویەك کۆمەڵن ودەبێ وێکرا بەشدارین له دوعای خێرو ئاوڕبۆسەریەکتر بدەنەوه . بەڵێ ئەوبەوتەحیات و سەلامانه ڕێزی هەرخاوەن ڕێزو حەقدارێکت له بواری وەدەست کەوتنی هیدایەت و پلەو پایەت گرتووه بەورێز لێنانەی که شایانی هەرحەقدارێکه .

## شاده هێنان به خودا

ئیستا چ ماوەتەوه ؟ چ قسەیەك ماوه بیکەی له کۆتایی ئەوسەفەره خۆشەدا؟ دەبێ بڵێم ئەوەماوەکه تۆ بەوشیاریه وه وبەزمانی خۆت ئیقرار بکەی بەوراستیەی که پێی گەییشتووی و تێی گەییشتووی لەوسەفەره گرینگه دا . دان بەوه دابنێی که تۆ شاهید و ئاگاداری کارێکی گەوره و شتێکی گرینگی ، لەو ڕاسته قینه یه به دڵ حاڵی بوو یه و ئەوه ئەتۆ ئەلعان ئیعتراف دەکەی بەوشتەگەورەیه . لەسەر ئەو ڕاستیه ڕیشەداکوتاوه ئاگاداری و له مێشك و دڵت دا دامەزراوه هەربۆیه گەواهی بەزمانیش بەوهەقیقەتە بەرزه دەدەی . «أشهَدُ أنْ لاإلـهَ إلّـا اللهُ» وشەی «أشهَدُ » لەبنچینه دالەوشەی «شَهادَه»داتاشراوه شەهادەتیش بەبێ شوهرود نایەته جێ شوهرودیش

بەمانا حازر بوون و ورد بوونەوە لەو شتەیە کەلەبەر چاوتە ، لەکن شتێك حازر بی ولێی خوربیەوە ئەوحالە تەتەواوترین شکڵ و شێوە زانینەوە بەهێز ترین پلەی زانستە . چونکە ئەگەر لە کن شتەکە بیولێی ورد نەبێوە بەوجۆرە کە لازمەلێی حالی نابی بە پێچەوانەش ئەگەر لە شتە کە بڕوانی بەلام لەبەردەستانت نەبێ دیسان بەوجۆرەی کە پێویستە زانیاری پێ پەیدا نا کەی .

بەلام بە حازر بوون و دیقڤەت لێکردن لە هەرشتێك دەتوانی بگەیە بە هێزترین پلەی ئاگاداری لەوشتە . تێگەیشتن لەهەرشتێك بە گۆیرەی ڕاستەقینەی حالی ئەوشتەیە دەرك کردنی شتی لاشەیی بەحالی بوون لە لاشە و قەوارە یەتی وەدەرك کردن وفامی بوونەوەری بێ لاشەو نادریاریش بەڕەوان و دلە، کەوابوو دەرك کردن و زانینی هەقیقەتی لاإِلهَ إِلَّااللهش بەدڵ و دەروونە . گەواهی دەدەی وبەوریایی و تێگەیشتنەوە دەلێی :« لاإِلهَ إِلَّاالله» لە کاتێك دا سەفەرێکی پڕخێر و بێرت لەپەستایی غەیری خوداوە بەرەو بەرزایی لای خوداوە دەست پێکردووە و گەییشتوویەتە جێگایەك کەلە حوزوور خودادا دانیشتووی وکۆلێکت زانیاری لەبارەی تەنیایی خودادا پێیە و سەرهەلدینی و دەلەی ئەوە ئەمن دەق و کاکلی بێ شەریك بوونی خودام زانیوەو تامم کردووە جا ئێستا وەختی وەی هاتووە کە ئەمن شایە دی بەوزاندراوەی خۆم بدەم تێگەیشتووم کەمافی فەرمانڕەوایی و پەرستراوی تەنیائی

خودایه و بۆ غەیری خودانیه جانەوه ئەمنم که دەودەمەی دا گەواهی دەدەم کەمافی فەرمان دەرکدن و پەرستراو بوون هەربۆ خودایەوه له بۆ غەیری وی نیه . وەشایەدی دەدەم که ئەوداواکارانی فەرمانڕەواییـیـه کەداگیرکەرانی دەسەلأت و دەستووردەرانی بەغەیری کتێبی خودان و داواکەرانی نێو بژایەتی بەینی خودا و بەندەگانی خودان ، ئەوپۆست و مەقامی فەرماندەر کردن و کردنـی خـەڵکی بـه بەنـدەو ژێـر ئـەمری خۆیان ، داگیر کردووەبه ناهەق و ئەوان شیاوو شایانی ئەوجێگایەنین و دەبێ بۆ خودابگێر درێتەوه . بڕیاردەدەم بەدڵ و مێشك و زمانم ئیقرار دەکەم که هیچ فەرمان دانەرو شیاوی پەرستن نیه ئیللا خودای تاق و تەنیانەبێ چونکەپەرستراو دەبێ دارای هەموو قازانج و ڕەحمەتێك بێ و بیشی بەخشێتەوه و خاوەنی ڕۆژی جەزاو پاداش بێ دیاره بێجکه لـه خودای تەنیاش کەسی دی ئاوانیه که خاوەنی هەمووڕەحمەت و لادەری هەمووزەحمەت و حیـسابگەری ڕۆژی قیامـەت بـێ کـەوابوو هەرئـەو فەرمانڕەواو جێگای هیواو پرستراوه .

## شادەهێنان بەپێغەمبەر(ص)

گەییشتن بەوشادە هێنانە بە خودای تاق و تاقانە بە هۆی کێ بووه و کێ بەوپلەیەلە یەقینی گەیاندووی ؟ ئایا ئەتۆ ئەرادەت توانی بگەیەئەو ڕاستیە و گەواهی لە سەربدەی ئەگەر ڕەسووڵ و راسپاردەی

خودایئەوشتەی پێ گەیاندبای و لەدڵی نەگەیاندبای ؟ بۆی ڕوون نەکرد بایە وەو ڕێگای بەرچاوی تەخت نەکردبای بۆ وەی ئەو هەقیقەتەی بزانی و شاهیدی پێ بدەی ؟ بێگومان نەتدەتوانی . بەڵام ئەتۆ بە پێگەیاندنی ڕوون وبێ گەردی ئەو پێغەمبەرە (ص) گەیشتوویەتە ئەو هەقەقە دەقتاودەقە ، وەهەروەها لە جێگای شایەدی دان بە و هەقەقە نیشتە جێ بوو یە جالە و ڕوووە وەلە هەقیقەتێکی دیکەش وەك ئەوە حاڵی دەبی و گەواهی پێدە دەی و دەلێێ : « وَاَشْهَدُ اَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ » دەکەویە یادی ئەوەی کە ئەو پێغەمبەر (ص) ڕاسپاردەیە بۆ خۆشی بەندە و فەرمانبەرداری خودایە بۆ یەلەپێش هەرشتێکدا ئەو قسەیە دەکەم هەتا لەبارەی پێغەمبەردا (ص) بە هەڵەنەچم و بە شێك لە خودایەتی و پەرستراوی بۆ ئەو دانەنێم . بەڵێ محەمەد(ص) بەندەی خودایە و لە هەمان کاتیشدا ڕاسپاردەی خوداشە وە ئەمن یەقینم هەیە و دڵم خاترجەمە و خەیاڵم تەختە لە سەر ئەوەی کەمحەممەد(ص) ناردراوی خودایە چونکە ئەگەر وانە بایە ئەمنی سەرلێ شێواوی نەدە گەیاندەئەو دەرەجەیە چونکە ئەو کەسەی کە بە ڕاشکاوی و ئیددیعاوە دەڵێ: ئەمن ڕاسپاردە مە لە لایەن خاوەن دەستوورێکەوە . ناردراوە بۆ لای تۆ بۆ ئەوەی بتگەیێنێ بە حوزووری ئەوو ئەوت پێ بناسێنێ بە جورێك کە ئامادە بی بە ئیشتیای خۆت و بەزانیاریەوە گەواهی لە سەر ئەوخاوەن دەستوورە بدەی ، ئەگەر ئەوڕاسپاردەیە ئیددیعاکەی

خۆی هێنا جێ و تۆی گەیاندە پلەی حوزوور و ناسین مەعلووم دەبێ کە ئەو کەسە ڕاسپاردەی بەڕاستیە . بەڵام ئەگەر تۆ بۆ لایەکی دیکە بەرێ ولات بدالە گەیشتن بەوزاتەی کەڕاسپاردە کە سینگی دێنا پێشێو دەیکوت ئەوزاتە فرستەندەی منە، مەعلووم دەبێ کە ئەو ڕاسپاردەیە درۆ دەکا دە ئیددیعایە کەی خوێدا . جاچونکە محەممەدی ڕاسپاردەی خودا ئەتۆی گەیاندۆتە پلەی یەقین و حوزوور بێگومان بەندە و ڕاسپاردەی خودایە و دەبێ هەرواش بێ وە هەرگیز خودا کەسێك بۆ پەیامی خۆی هەڵنابژێرێ کەبەڕاستی بەندە و بەرئەمری وی نەبێ ،چونکە کردن بەقاسید و پەیام هەڵگردوای بە جێهێنانی ئەرکی بەندایەتی بەجوانترین شێوە و لە بالاترین دەرەجە دا دەبێ بەڕاستی خوداهەڵنابژیرێ بۆ ئەو مەسئوولیەتە گەورەیە ئیللا گەورەترین بەندەی خوی نەبێ .

## سەڵەوات ناردن بۆ پێغەمبە رو پەیڕەوانی(ص)

بەو دوو شادەو گەواهیانە ئەوە لە سەرە خۆت سوبوت کردکە گەیشتوویەتە بڵیندترین دەرەجەیەك کەدەگونجێ بەندەی خوداپێی بگات و وات بۆ مەعلوومە کە ئێستا هیچ قۆناغێکی دی بۆ سەرێ نەماوە کە بیبڕی ودەبێ بگەڕێتەوە و بڕۆی بۆلای باقی مەیدانەکانی ژیان و تێکۆشان بەڵام ئەوەت لە بیر ناچێ کە ئەتۆ لە حوزوور پەروەردگاری خۆتی و دەتهەوێ بێیەوە نێو خەڵکی و بەدەرفەتی

دەزانی کەهەرچی دڵت دەخوازی لەوهەل و مەرجە بەرتەنگە دالە خودای داوابکەی چونکەوەختەکە وەختی پاڕانەوە و عاریزە تەحویل دانە ئەما لەبیریشت ناچێ کەهەرکەس سپاسی خەڵکی نەکا سپاسی خوداش ناکا بۆیەمادام دەتهەوێ بپاڕێیەوە لە پێش هەموو کەسێکدا بۆ یەکێك دەپاڕێیەوە کەبۆتەهۆی گەیشتنی تۆ بەودەرەجە بڵیندەکەگەواهیەك لە وێنەی گەواهی خودا و فریشتەکان دەدەی [١] بۆیە دەڵێی : «**اَللّهُمَّ صَلِّ عَلی مُحَمَّد**(ص)» واتەئەی خودایە ڕەحمەتت بڕێژە بە سەر محەمەد دا(ص)،بەزەیی خۆت دەگەڵ پێغەمبەر(ص)دا بڕژێنە بەجۆرێك کەهاوڕێ لەگەڵ ڕێز و حورمەت بێ ، نەك بە زەییەك وەك بەزەیی بەندە ناچیزەکان دەرحەق ژێر دەستەکانیان ، بەڵکە دووربێ لەهەستی ژێر دەستی ، دیارە ڕەحمەتیش بریتیە لە دابین کردنی قازانجەکان و لەسەر ڕێ لابردنی کەند و کۆسپەکان ، ئەودوعایەی بۆ دەکرێ تا خودا چووکەترین زەرەریشی هەرلێ دوور کاتەوە چونکە وێ کەوتنی کەمترین زیان دەگەڵ ڕێز و حورمەت لێنان یەکتر ناگرێتەوە وەهەر وەها دوعای بۆ دەکرێ کە بگەیێندرێتە پلەبەرزەکانی نێعمەت و ڕەزایەتی خودا . هەروەها لە سەرەتۆ واجبە کە سپاسی کەسانێکی دیش بکەی کە دەورێکی زۆر گرینگیان گێڕاوە

---

١ـ لەلاپەڕەی١٠٩دانوسراوە .

بۆ تەخت کردنی ڕێگای گەییشتنی تۆ و هاوشانەکانت بە و پلە و مەقامەبەرزە کەحاڵی بوون لە خودا و گەواهی دانە لە سەریەکتایی وی ، کەوابوو لە سەرە تۆ لازمە دوعابۆ ئەوانیش بکەی لە وێنەی دوعا کردن بۆ پێغەمبەر(ص) بۆیە دەڵێ: «وَعَلى آلِ مُحَمَّدٍ (ص)»(وەرەحمەتت بەسەرئال و شۆینکەو تووانی محەممەدیشدا برێژە ) ئەو کەسانەی کە پەیوەندیان گرتووە بە پێغەمبەر و ڕەگەڵی کەوتوون و وەدوای ڕێبازەکەی کەو تووندەو یە کتا پەرستیەداوە خاوەن نیسبەتن بۆلای ئەو پێغەمبەرە(ص) بە نیسبەتێکی تایبەتی کەرەگەڵ کەوتن و شاگردیی کردنە لە بەندایەتی خودا دا [1].جاری وایە وشەی (ئال) بە کاردەبردرێ بەڵام شتێکی جودا لە و مەعنایەی ئێرەی پێ ئیرادە دەکرێ مەسەلەن لەو جێگایە دا کە پێغەمبەر(ص) قسەلە زەکات و سەدەقەی مسوڵمانان دەکات و دەفەرمۆی : ئەو زەکاتە بۆ محەممەد و ئالی محەممەدی ڕەوا و حەڵاڵ نیە مەبەست لە ئال ئەو ەسانەیە کە پەیوەندی ڕەگەزی و خزمایەتیان لە گەڵ پێغەمبەر(ص) هەیە چونکە دانی زەکات بە خزمان ، پێغەمبەر(ص) تۆمەتباردەکا بە قازانج خوازی خۆی لە دیندا ، لە خەڵکی دەستێنێ ودەیدا بە خزمی

١ـ ئیشارەیە بە ئایەتی ١٨ی سوورەی ال عمران:«شَهِدَ اللهُ أَنَّهُ لاإِلهَ إِلّاهُوَ وَالمَلائِكَةُ وَاولُوا العِلمِ. . »

١ـ ئایەتی ٦٨ی ئالی عمران بەڵگەی ئەوداوایە : «إِنَّ أَولَى النَّاسِ بِإِبراهيمَ لَلَّذينَ اتَّبَعُوهُ وَهذَا النَّبِيُّ وَالَّذينَ آمَنُوا» وەئایەتی٣٦ی سوورەی ئیبراهیمیش «... فَمَن تَبِعَني فَإِنَّهُ مِنّي...» وەرگێر.

خۆی . ئەلێرە دامەبەست لە ئال ئەو کەسانەیە کە پەیوەندی تایبەتی خزمایەتیان لە گەڵ پێغەمبەر دا هەیە . بەڵام لە بەستێنی بەندایەتیدا خزمایەتی چ ڕەبتێکی بەو پەیوەندیەداوە؟! مەبەست لە ئالی محەممەد(ص) لێرە دا ئەوکەسانەنە کە پەیوەندی دینی و عەقیدەیی و فکریان پێوەگرتووە کە دەبنە پێشکەوتووان و پێشاهەنگانی ڕیزی هەوەڵیێ لە کۆچەران و یارمەتیدەران و شۆینکەوتووانی ئەودوودەستەیە بە جوانی و تەواویی چ لە دەورانی ژیانی پڕ بەرەکەتی پێغەمبەر دا و چ دوای ئەو. جا خۆزگە بەوانەی کە بۆ خۆیان لەو جۆرەئال و پەیڕەوانە نە و دوعایەش بۆ ئەوئال و لایەنگرانە دەکەن دەنێو نوێژێدابۆ ڕژانی ڕەحمەتی هاوڕێ لەگەڵ حورمەت و ڕێز . پێویستە بۆ خۆشت بەجۆرێك بی کە ئەودوعایە ئەتۆش بگرێتەوە هەروەك ئەوسێ دەستەی پێشێی گرتەوە . دەبێ ئەتۆش یەکێك بی لە ئال و پەیوەندی داران بەپێغەمبەرەوە(ص) لە بواری بەندایەتیەوە . هەروەك چۆن پەیوەندیگرتووان و پەیرەوانی فیرعەون لەتوغیان و سەرەڕۆییدا ، نێو دەبردران بە ئالی فیرعەون .

مەبەستم لەو موونەهێنانەوەئەوەیەکەوشەی (ئال) لێرە - تەحیات - ولە وێنەی ئێرە دابۆ گەیاندنی ئەوپەیوەندیە تایبەتیە کە بریتیە لە پەیوەندی باوەڕی و وەرگرتنی ئەرزشەکان ، ڕابیتەی باوەڕی و ئەخلاقی و کرداری . کەوابوودەبێ ئەتۆش یەکێك بی لە ئال هەتا

ئەو دوعایەت بۆ خۆشت کردبێ چونکە ئێرە جێگایەکی لە بارو گونجاوە بۆ دوعا کردن .لە فەرموودەی ڕاست و دروستی پێغەمبەریش دا لە دوای باسی« **اشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ**»یانی پاش کوتنی ئەوشادەیە پێغەمبەر(ص) فەرمووی : « **ثُمَّ لْيَخْتَرْ مِنَ الدُّعاءِ ماشاءَ**» واتە دوای شادە هێنان بە محەممەد(ص) بادیاری بکاو هەڵبژێرێ لە دوعا هەرچی پێی خۆش بوو . دیارە ئەو سەڵەواتەی دوای شادە هێنانیش بە شێکە لە دوعاو پاڕانەوە . مە علوومیشە ئەوکەسەی کە دەپاڕێتەوە خۆی لەبیرناچێ ئەگەر وابوو قاعیدەوایە بۆ خۆشی لە پەیڕەوو ئالی محەممەدی بێ(ص) بۆ ئەوەی ئەو دو عایەی بۆ خودی خۆشی کردبێ . بەڵێ: «**أللّهُمَّ صَلِّ عَلى مُحَمَّدٍ وَعَلى آلِ مُحَمَّدٍ كَما صَلَّيتَ عَلى آلِ اِبْراهيمَ**» هەروە کوو ڕەحمەتت ڕژاندووە بە سەر ئال و پەیڕەوانی ئیبراهیم دا . ئیشارەیە بۆ ئەوئایەتەی سووڕەی هوود :«**رَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكاتُهُ عَلَيْكُمْ أهلَ الْبَيْتِ إِنَّهُ حَميدٌ مَّجيدٌ**» ئایەی٧٣ واتەڕەحمەتی تا و تاوو ڕەحمەتی بەردەوام و بەربڵاو بڕژێ بەسەر ئێوە دا ئەی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە ، بەڕاستی خودا ستایشکراو و خاوەن خێر و بەرەکەتی زۆرە . ئەو قسەیە دەگەڵ هاوسەری حەزرەتی ئیبراهیمە (سەلامی خودایان لەسەربێ.) «**وَبارِكْ عَلى مُحَمَّدٍ وَّ عَلى آلِ مُحَمَّدٍ** »داوای بەرەکەت و دەوام دەکابەوجۆرەی کە ڕابردلەسەرەتای تەحیات دا لە لێکدانەوەی «**رَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكاتُهُ**» دا «**كَما بارَكْتَ عَلى**

**آلِ اِبْراهیمَ إِنَّکَ حَمیدٌ مَجیدٌ.»** ئەئەو سەڵەواتە لە تەحیات دا ڕاستترین ریوایەتە .

دوعا کردن دوای سەڵەوات ناردن بۆ پێغەمبەر و پەیڕەوانی(ص) دوای ئەو سەلاوە ناردنە بۆت هەیە کە دوعایە بکەی بێجگەلەوەش . بە هەردوعایەك کە بە جێ بێ و ئیشتیات لێ بێ وەکو داوا کردن لە خود بۆ هێنانی قازانجەکان و لابردنی زەرە و زیانەکانیش . لەومەیدانی دوعای ئازاد دا چەند دوعایەکی نەقڵ کراو لە ڕەسوولی خودا(ص)هەنە و دەتوانی و بۆت دروستەکە بەوان بپاڕێیەوە .یان بەهەریەك لەوان کەلەگەڵ حاڵ و نیازی تۆ دادەگونجی و دەبێ ئەوحاڵ و نیازانەش وەبەرچاو بگری . ئەوە بە جێی خۆی ، پێویستیش ناکا کە ئینسان هەموو جارێ ئەو دوعایانەی دوای سەلاوەتێ بخوێنێ بەلکو دەبێ دیققەت بکا دەنێو دوعاپیشەدارونەقلکراوەکان لە قورئان و فەرمایشەکانی پێغەمبەر داجا ئەوەی لەگەڵ حاڵی وی ڕێك دەکەوێ و دەگەڵ نیازەکەی جوور دەردێ ئەوی هەڵبژێرێ دەنا ئەگەروانەکا دوعاکردن هیچ مانا و بۆنەیەکی نابێت .

## سەلام دانەوە لە نوێژ

جالە دوای ئەوانە . لە دوای مناجات و رازو نیازی دوایی و پاڕانەوە و داوا دڵخوازەکان لە و کاتە کۆ تایییانەدا ڕێگات پێ دەدرێ

که له سهفهره بگهڕێیهوه بۆ مهیدانی ژیان و بو نێو بوونهوهری دهورو بهرت جادهگهڕێیهوه و ئاوڕ وهلای ڕاسته دهدهی و چاوت به بهندهکانی خودا دهکهوێ له حاڵێکدا که چاوهڕوانن ئهتۆ دیاریهکت بۆ هێنابن له و سهفهرهی که کردت له و سهفهرهی که بۆ لای پهروهردگاری گهوره و پایهبهرزت کرد جێی خۆیهتی که چاوهڕوانی شتێکی باش و چاك له تۆ بکهن بهڵکو به پێچهوانه له لای هێندێك لهخهڵکی ئهو فکرهش دروست دهبی که دهکرێ ئهتۆ گهڕابیهوه لای خهڵك به دهسکهو تێك که بهزهرهری وان تهواو دهبێت چونکه ئهو مهترسی دروست کردنه چاوهڕوان دهکرێت له کهسانێك که دهچنه دیدهنی دهسهڵات بهدهستان و فهرمانڕهوا نادروستهکان له سهرزهوی . کهیهکێکیان دهچێتهدهرباری نهحسی حوکمدارێك لهو حوکمڕانانه ، واههست دهکالهباڵه خۆیدا کهڕهسهرخهڵکی دهورو بهری خۆی کهوتووه جاوهختێك دهگهڕێتهوه نێو خهڵك بهفیزو دهمارهوه دهڕواو خوێ لێ دهگۆڕێ . جابۆ یه ئهتۆی گهڕاوه له سهفهری دیداری دهسهڵاتداری دروستکار ، ئاوڕوهلای خهڵك دهدهی و دێنه بهرچاوت و بهگوفتارێکی نهوازیشبهخش و خێر خوازانهوه دهڵێی : «اَلسَّلامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ» هاتوو مهنێو ئێوه و داوای ساغی و سلامهتیو بۆ دهکهم و ئهوسهوقاتهم بۆ هێناون بهههموو هیواو هومێدهوه و پڕبه دڵم ئارهزوو دهکهم که به دووربن له ههموو دهرد و بهڵایه ك و ئاواته خوازم که دووربن له ههرخهتهرێکی

که گومان دهکریٚ له من له لایهن خهڵکی دهورو پشتم . لهوودهمهیدا که داوای ساغی و سلامهتی بۆ ئیوه دهکهم دهمههۆی به ئیٚوه رابگهیێنم که هیچ زهرهر و ئافهتێك نیه له لایهن منهوه رووده ئیٚوهبکا . بهلیٚ : «اَلسَّلامُ عَلَیْکُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ» لهخودا دهپاڕێمه که ههموو زهرهر و ناخۆشیه کوڵی دوورکاتهوهوه بۆتان دهستهبهر بکا ههرچی قازانج و خۆشیه، ئهوهی کهشایانی شانتانه . ئهبهو شیٚوهیه دێیهوه نێو خهڵکی و دواییت هیٚناوه به شتێکی که نۆیژه و لهسهرت لازم بووتهواوی بکهی و ئهنجامی بدهی . به پیٚویستی دهزانم لیٚره دا چهند شتێك وهبیر بیٚنمهوه و باسیان بکهم ئهویش ئهوانهن : یهکهم : بهویاسهی که له ههوهڵهوه ههتا ئیٚرە کردمان وادهردهکهوٚی که ئیماندار ههرکاتێك ویستی داوایهك بکا ، له سهری واجبه که نۆیژبکا . دوههم : نۆیژههمان داواو پاڕانهوهیه ـ نۆیژ کهر دهتوانیٚ ههرداوایهکی ههیهتی دهنێو نۆیژدا بیگونجیٚنیٚ به تایبهت له ئاخری تهحیاتدا . سیههم : مسوڵمان لایهنی کهم له شهو و رۆژدا پیٚنج نۆیژی فهرزی ههیه و دهتوانیٚ بهڵکه واجبیشه له سهری که لهو پیٚنج ههل و فرسهتهدا بروابهره و پهروهردگاری خۆی وبپاڕیٚتهوه و ئهو دوعایانه بکا که خودا بۆی دیاری کردووه ـ دیاره خوداش له ههموو کهس زاناتره به نیازی بهندهی .

## گەرانەوە بۆ باسی ئیعتیدال و هەستانەوە لە ڕوکوع

**«سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ»** ئەوجار دوعایە دەکەی کەخودا حەمد و ستایشە کەت لێ وەربگرێ و قبوڵی کا ، وەهەروەها ستایشی باقی خەڵکی دیش لەگەڵ ئی تۆ . چونکە لە ڕکوعێدا حەمد و ستایشی خودات بە زمان و بەئازای بەدەنیش بەجێ هێناوە ئەو وەختەی کە گەییشتیە ئەو پلە بەرزە لە کەماڵ و پوختەیی دەتەکان خواردن و وەڕێ کەوتنت بۆلای خودا دا . ئەو ڕکوع و داهاتنە وەلەدوای ڕاوەستانی فاتیحا خوێندن داپلە و قۆناغێکی بالاترە دەبەندەیی کردن و وەڕێ کەوتن بۆلای خودا دا لە ڕاوەستان ، دیارە تە سبیحیش بە حەمدەوە ئیزافە کراوە و لەگەڵ ستایش ، دوور کردنی خوالە هەرناتەواویەکیش ڕاگەیێندراوەکەوایە جێی خۆیەتی داوای وەرگرتنی ئەوحەمد و سەناتەواوە بکرێ **«سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ رَبَّنا وَلَكَ الْحَمْدُ»** ستایشی خودا دەکەی بەهەڵدانی سیفەتی جوان و پڕمەعناکەچی یە قسەشی ناکەی ، ئایا تەعریف کردن بەوجۆرەی بێجگەلە گاڵتە پێکردن هیچ مەعنای دیکەی هەیە ؟ لەفاتیحایە دا دەڵێی : خودارەحمان و ڕەحیم و خاوەنی ڕۆژی لێپرسینەوە و حیسا بەو قسەشی ناکەی ؟! مەگەر ڕەبب و ڕەحمان و ڕەحیم و خاوەن دەسەڵات بۆ موجازات لاییقی وەی نیە کە تۆڕووی تێکەی و هیوات پێی هەبێ

وەلەلای دیشەوە لێشی بترسێیو لەئاکامدا بەندایەتی بۆ بکەی و داوای کۆمەگی لیگدالێگدای لێ بکەی ؟ ئایا ئەوە حەمد و سەنایە ، کەداماو ونەدارتەعریفی چاکەکار و بەخشندەکەی بکات و بڵێ : بەڕاستی کابرایەکی بەدڵ و بەخشندەیەکی چی دوای ئەو پێهەلکوتنەگەرم و گورە ئەو پووڵەی کە پێی داوە فرەی داو هەڵیدێرێ بۆ دووری ؟ دەپێشدا لێی وەرگرتووە دوایە فرێی دەدا ، یان دەبن پێی دەنی و پێی ڕێ دێخێ ، ئایا ئەوگوفتارە و ئەو ڕەفتارە یەکتردەگرنەوە؟ ئەخر ئەووەختەی کەرووی تێدە کا و پێی هەڵدەڵێ و دەڵێ ئەتۆ سەخی ودەست و دڵ ئاوەڵای وا دەگەیێنێ کە ئەو سەخیە قازانجی زۆری بەوی گەیاندووە و نیازی وی دابین کرد ووە و بەدانی ئەو دراوانە کۆسپ و گرفتەکانی سەرڕێی وی ڕاپەڕاندووە ، بەڵام ئەو وەختەی کەچاکەکان دەشارێتەوە و حاشالە دراوە پێدراوەکان دەکات بێجگەلەگاڵتە کردن بەوکابرایە چ کارێکی دی ئەنجام دەدات ؟! ئەگەر وا بوو پێداویستی و لازم بوونی پێهەلکوتن بەباری بەگەروەدانانی پێهەلکوتراوەکە ، داخوازی ئەوە دەکاکە حامید و ستایشگەرە کە دەتەواوی ژیانیدا بە گوێرەی ڕەحمان بوون و ڕەحیم بوون و خاوەن موڵك بوونی خودا هەستێ و دانیشێ ، هەرگیز تەعریف کردنی لە خودا بە نێوە جوانەکانی لە رووی ڕێز لێنانی، جێی خۆی ناگری بەبێ ئەوەی کە ئینسان بەندە و داواکاری کۆمەگی لە خودابێ . ئەبەوجۆرە دەبینین کە

حەمد و ستایش سەرتاسەری ژیانی ئینسان دەگرێتەوە یانی ئینسان لە ژیانی ئازماییشی خۆیدا هەرکارێك بكا بە جورێك پەیوەندی بە حەمدەوە هەیە . چونكە مەعناو نێوەرۆكی **اَلحَمدُلِلّه** ئەوەیە كەئەتۆ یەقینت بێ كەخودا دارای هەموو رەحمەتەو لابەری گشت زەحمەتە و بەخشەندەی گشت نێعمەتەو خاوەن دەسەلاتی رۆژی قیامەتەبەكورتی دڵو دەروونت پڕ بێ لەشەوق و هیوا بۆرەحمەتەكەی لەلایەك وەلەلای دیشەوە پڕلەترس و لەرز بێ و لەلێپرسینەوەكەی وەبیپەرستی و داوای یارمەتی لێ بكەی. «**اَلحَمدُلِلّه**» كورتەیەكە و لەبەرێك كێسراوە تەوەو لێكدراوەتەوەبە «**اَلرَّحمنِ الرَّحیم . وە مالِكِ یَومِ الدّین . وە إیاكَ نَعبُدُ وَ إیاكَ نَستَعین** » چونكەدە اَلرَّحمنِ الرَّحیم داریشارە هەیە بۆ دەرك و فامی ئەوە كەخودا رەحمان و رەحیمە و ئیشارەشی تێدایە بۆ شەوق و هومێدوە لە «**مالِكِ یَومِ الدّین** » دائیشارە هەیە بۆزانیاری پەیدا كردن بەوە كەخودا خاوەن دەسەلاتی رۆژی دوایی و جەزایە وەلەنەتیجەدا ئاماژەی تێدایە بۆترس و لەرز لەحیساب و لێ پرسینەوە ولە « **نَعبُدُ ونَستَعینیشدا** »بەراشكاوی باسی ئەو شتانە كراوە كەدەبێ ئینسان لەمەیدانی ژیان دا پیادەمیان بكات . بەڵێ «**اَلحَمدُ لِلّه** » قسەیەكی كورت و دەباڵێك دایە و درێژەی دەو سێ ئایەتەی دوای خۆی دایە. یانی « **اَلرَّحمنِ الرَّحیمِ . مالِكِ یَومِ الدّینِ . إیاكَ نَعبُدُ وَ إیاكَ نَستَعین**.» بەڵگە و لێكدانەوەی ئەو ئیددیعایەن كەدەڵێ

:هەموو ستایشێك بۆ خودایە . وەهەروەها «رَبِّ الْعالَمينيش » کورتە و پیچراوەتەوەو درێژەکەی لـە « اَلرَّحْمنِ الرَّحيمِ و مالِکِ يَوْمِ الدِّينِ » دابەشیوەی دەقاو دەق وەلە نَعْبُدُ وَنَستَعين دا لەقالبی ئیشارە داهاتووە . ئەبـەوتوول و تەفـسیلەی کـەدامـان وەزعیـە تێـك هاتـەپێـشێ کەمەبەست و مەنزوور لەو چوار ئایەتانـەی هـەوەڵی فاتیحایـە بـاش دەرکەوت یانی لە «اَلْحَمْدُ»راهەتا « نَستَعين » وەك داوا و سـەنەدی لێهـات [١] بـەڵێ « اَلْحَمْـدُ لِلّـهِ رَبِّ الْعـالَمين» ئەودەمـەی کـە بەوشیاریەوەدەڵێی : « اَلْحَمْدُ لِلّـهِ رَبِّ الْعـالَمين» بەپەلـە و بـەخڕی زەینت پازدەدا و هەڵدەفڕی بۆ داگرتنی حەمد و سپاسی خودا لە لایەن سپاسگوزارەوە بـۆ تێگـرای ئـەو کـەل و پـەل و هـەڵس و کەوتانـەی کەپەیوەندیان بەژیانی سەرتاسـەرئازمایش و تاقیکردنـەوە وەهەیـە. واتەهیچ بەدیهێنراوێکی خـودا وە کردەوەیـەکی خودانیـەکـە شـیاوی حەمد و ستایش نەبێ چ لەپەیوەندی لەگەڵ جیهاندا و چ لەپەیوەندی لەگەڵ ئینسان دابێ جارێکی دیکـەش دەیڵێینـەوە«اَلْحَمْـدُ لِلّـهِ رَبِّ الْعـالَمين» ئـەوجار بـۆوەی دەخوێننـەوە کـە بـەربڵاوی و داگـرتنی پەروەردگاریەتی خودا بۆهەمووبوونەوەر بێتەنێو زەین و فکرن .

١ـبیانی دەعوا و دەلیل

لەدوای ئەوبۆچوونەکورت و کاتیەزۆرکی درێژی دەدەی کە پەروەردگاری هەموو بوون و بوونەوەر »ڕەحمان و رەحیمە « و لەکاتێك و دەمێکی بەرتەنگدا ئەوسیێ شتە دێنیێ بەر نەزەرت کە ئەتۆ توانایی پەروەرش و بەرەو کەماڵ ڕۆییشتنت هەیە و نیازیشت پێیەتی و مەیدانیش ئامادەیە . پاش جێگرتنی ئەوچەند شتەلەدڵدا ،دەکەوێ شەوق و هومێد و دڵە کوتە بۆلای ئەوخودایە**«مالِک یَومِ الدّین»** ئەلێرە دەگەیەهەستێکی گورج و گۆڵ کەلەدوای تێگەییشتنت لەڕەحمان و ڕەحیم بوونی خودا سەرهەڵ دەدا ،ئەو هەستەگورجەش ئەوەیەکەخودای ڕەحمان و رەحیم ئەو بوونەوەرەی بەپووچ و بێهوودە دروست نەکردووە وەئینسانێکی ئاوا پڕڕەمزو رازی بەخۆرایی نەخولقاندووە و وێڵی نەکرد ووە بەکوتنی **«مالِک یَومِ الدّین»** دڵت ڕادەچەنیێ و هەست بەلێپرسراوی دەکەی و ترس و لەرزت لەو ڕۆژە بۆ دروست دەبیێ جا ئەو هومێد و دڵە کوتەبۆرەحمەتی خودا و ئەو ترس و دڵە خورتەیەش لەعەزابی خودا پاڵت پێوە دەنێن بۆئەوەی کە پەیمانی بەندایەتی لەگەڵ خودای خۆت ببەستی **«إیّاکَ نَعبُدُ»** ئەمن و خەڵکی دیش بەندایەتی تۆدەکەین و بۆ ئەو ئەرکەگەورەیەش **«إیّاکَ نَستَعین»** هەرداوای کۆمەگی لەتۆدەکەین . کاتیێ کەگەییشتیە ئێرە بێگومان ڕێگای ڕاستت بۆدەرکەوتووە و ئێستاوەختی وەی هاتووەکەداوای شارەزا کردن بۆئەو ڕێگاڕاستە لەخودا بکەی:**«إهدِنَا الصراط المُستَقیمَ»**

وشه‌ی صراگ لەفێعلی «صرط»ڕاهاتووه صرگیانی قووتی دا«بلع» بەڵێ ڕێگا قووندەره چونكەلەبەر هاسانی وتەختی وپان و بەرینیەکەی دەڵەی ڕێبوازی قووت دەدا .

بۆوایە؟چونکە پێوانی ئەو ڕێگای بەندایەتیە سازگار و حاوا وەیە لەگەڵ سروشتی ئینسان و لەگەڵ لەش و دڵو هۆشێشی دەگونجێ . چۆن ناگونجێ دەحاڵێکدا هەرخودی ئافەریدەکردنی ئینسان بۆپێوانی ئەوڕێگایەیە؟لهەروەها گرتنە پێشی ئەوڕێگایەلەلایەن ئینسانەوەدەبێتە مایەی سازگاری و هاوئاهەنگی ئینسان لەگەڵ باقی بەشەکانی دیکەی وەم جیهانە. بەڵێ بەڕاستی ئەگەر ئەوڕێگایەبگرێتە بەرجێی خۆیەتی چونکەڕێگایەکی گرتووەکەهاسان کراوەوەئەوئینسانەش بۆئەو ڕێگایە خولقیندراوە . ئەو ڕێگایە سەرەڕای هاسانیەکەی ڕاستیشە بۆئەوەی ئەتو بگەیێنێ بەو هەدەفەی کەبەرەو ئەوی دەڕۆی و ئارەزووی دەکەی وەدەتهەوێ بچێ ڕیزی ئەو کەسانەی کەخودا پێداون و نێعمەتیان بەسەرداڕژاوە «إهدِنَا الصِّراطَ المُستَقيمَ» شارەزای ئەو ڕێگاڕاست و ڕێککەو تووەلەگەڵ سروشتی خۆم بکەی . جا ئەو ڕێگایەدرۆشم و نیشانەی چیە؟ وەڵا «صِراطَ الَّذينَ أنعَمتَ عَلَيهِمْ مِنَ النَّبِيّينَ وَ الصِّدِّيقينَ وَالشُّهَداءِ وَ الصّالِحينَ» ڕێگای کە سانێکە کە بەهۆی پەیرەوی لە شەریعەتی تۆ، نێعمەتت بەسەر داهەڵڕشتن کەئەوانیش بریتین لەچواردەستەواتەپێغەمبەران (ع) و پەیرەوانی

ڕاستگوفتار و دروستکرداری وان و گەواهان بەکردەوەی چاك و جوان لە سەخەڵکی هاو چەخیان چوارەمینیش دەبێتە چاکەکانی شوێنکەو تووی وان . «غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ» نەك ڕێگای کەسانێك کەغەزەبیان لێ گیراو تووڕەییان بەسەردا باری ،لێرە دا ئەدەب و عیففەتی کەلام ڕەچاو دەکەی ووەك نێعمەتە کەنیسبەتی نادەی وەباڵ خودا و ناڵەی ئەو کەسانەی کەتۆ غەزەبت لێگرتن و یا تۆ ڕێگات لێ ون کردن ،ئاگات لەزمانی خۆت هەیە و هۆی غەزەبەکەلەخەڵکە کەدەزانی و دەڵێی :نەك ڕێگای غەزەب لێگیراوان بۆچیشیان والێ هات ؟ لەبەر ئەوەی کەئەوان کەمتەرخەمیان کرد جالایقی ئەوە بوون کەغەزەبیان بەسەر دا ببارێ وەکەترەخەمیان کردو بوو نەڕێ لێ ون بوو .

بەڵێ ڕابردو و داهاتووەکان بۆیە مستەهەقی غەزەب و تووڕەیی خودان چونکەدەزانن بەڕاستی تۆرەحمان و ڕەحیم و مالیکی ڕۆژی پرسیار لێکردنەوەی کەچی هەڵوێستی گونجاولەگەڵ ئەو زانیتە ناگرن و شەوق و مەیلی ڕاستیان بەلای تۆدانیەو ترس و سامی بەردەوامیان لەبارەگای تۆنیە بەجۆرێك کەئەۆ مەیل و ترسە هانیان بدا بۆیەستنی پەیمانی بەندایەتی و قەراردادی یارمەتی خواستن بەتەنیا لەتۆ . «وَلَا الضَّالِّين» ئەوانەش ئەوکەسانەن کە قەدر و قیمەتی هیدایەتی خودایان نەزانی دوای ئەوەی کەهاتە بەردەستیان ڕوویان لێ وەرگێڕاو ڕێیان لێ گۆڕاو لەئاکام دا نەزانیاریان وە دەست

کەوت و نەکرداریشیان لێ هەڵکەوت جیاوازی نێوان ئەو دوودەستەیە لەوەدایە کەغـەزەب لـێگیراوان زانـستی دینیـان بـۆیەیـدا بـوو بـەڵام رەفتاریان پێ نـەکرد ئـەما ڕێونکردوەکـان نەزانـستیان بـۆیەیـدا بـوو نەکردەوە وەشیان لەبۆ خوابوو. «آمـین» وشـەی ئـامین کـوتن دوای فاتیحا سوننەتەو یانی ئەی خودایەجـوابم دەوە.

## خۆیندنی سوورەتێك یا چەند ئایەت لەدوای فاتیحا ؟

پـاش تـەواو کردنـی ئـەودوعا گەورەیـە و دوای ئـەوەی کـە بەودوعایەلە خودا پارایەوەو داوات لەپەروەردگارت کرد کەهیدایەتت بکا بۆ ئەو ڕێگاڕاستەی کەناسیوتە جێی خۆیەتی کە تێفکری لەپاش دەرکەوتنی ئەو ڕێگاڕاستەکە دەپێشدا بەکورتی باسی لێکرا وە بەڵام درێژەکەی لەقورئان دایە. یانی لـەسوورەتی فاتیحـا دا کـە پوختـەو کورتەی قورئانە بەکورتی باسی ڕێگای ڕاستی بەندایـەتی کراوە لـە اَلْحَمْد وڕاهەتا نەستەعین . وەئەما باسی ئـەو ڕێگاراسـتە بـەدرێژی لەباقی قورئان دایە ،جێی خۆیەتی تێفکری و تـێ بینیـت هـەبێ کـە زیاتر لەوڕێگاڕاستە بکۆڵێوەو بزانی چیە چونکە ئەتۆلەخـودای خـۆت داوا کردووە کە شارەزای ڕێگای ڕاستت بکا .

جامـادام وایـەدەی وەرەقورئـان بخوێنـە وە هەرچـەندی بـۆت هەڵسووڕا ، بۆئەوەی سـەرەنجام ئـەو ڕێگـادا وا کـراوەبناسـی ،بـەڵێ بەوهەست و هۆشـەوە هێنـدێك قورئـانێ لـەدوای فاتیحایـەدەخـوێنی

جالەدوای خوێندنەوەی ئەوچەند ئایەتە ئاوڕدەدەیەوەبۆلای حەقیقەت و ڕاستەقینەی هەرەگەورەو چاوێکیش لەو ئەندازەعیبادەتە دەکەی کەهەتا ئێرە کردووتەو تێدەگەی کەلەبەرابەر گەورەیی خودا دا کە مەوخودا زۆر گەورە ترەلەوەی کەئەمن بەونده بەندایەتیە هەققی خودایەتی ویم بەجێهێنابێ بۆیەدوای خوێندنەوەی سووڕەتێکی قورئان یا چەند ئایەتێك دەڵێی:«**اللهُ اَكْبَرْ**» جاهاوڕێ لە گەڵ ئەو درۆشمە زمانیە حاڵەتی بەدەنیشت دەگۆڕی ودو و لادەبیەوەبەمەبەستی ئەوەی کەخودا گەورەترەلەوتاعەت و زیکرەی کە تا ئێستا پێشکیشم کردووە وە لە هەموو شتێك گەورەترە.بەڵێ ،ئەوئەندازەبەندایەتیەبەس نیە،نەخێر هەر گیز،خودا گەورەترە لەوەی کەئەمن دەیکەم بەڕاوەستانەوەو سەرم قوت کەمەوە لەخزمەت ویدا بەڵکو دەبێ ئەمن دابێمەوەوسەری تەعزیم وبەندەیی لەڕاستەوی دا دانەوێنم بەئەڵلاهو ئەکبەر لێدانەوە. هەربۆیە لەبەردەستی خودا داپشت دەفیزێنیەوە و بەتاڵوو کە ناتەواوی خۆت وگەورەیی خودا ڕادەگەێینی و دەڵێی :«**سُبْحانَ رَبِّیَ الْعَظیمِ**» بەدووردەگرم پەروەردگاری گەورەی خۆم ،خاوەنی بەرێزی خۆم لەهەموو ناتەواو یەك ،زۆر پاك و بێگەدو باڵاترە لەوەی کەئەو چەنگە ئیتاعەتەرووکێشراوە و ئەو لۆیچە بیزاعەتە ڕاکێشراوە شایانی شانی وی بێ ،وەبەراستی خودا زۆر پایەبەرزترە لەوەی کە بۆ من ڕەوا بێ وازبێنم بەوەندەملاقاتەلاوازە .«**سُبْحانَ رَبِّیَ**

العَظيم» هەرئەوە پەروەردگاری گەورەو بێپەروا جاچۆن ئەمن دەست هەڵدەگرم بەوەنلەی کەکرد وو مەبەڕاوەستانەوە ؟! هەرلە بەر ئەو بەکەم زانینەیەکەهەڵدێم و دەگۆیزمەوەلەو حاڵەتەی کەلەسەری بووم کەحاڵی ڕاوەستان بوو .

دەچم بۆتەسبیح کردن تەسبیحیش لەڕاستیدا هەڵاتنی ئینسانە بەڵکوئی تەواوی بوونەوەرە لە نوقسانەوەبەرە و پوختە بوون و هەڵدان جا ئەگەر ئینسان ناقیس و ناتەواو نەبایە نەدەبوو شتێکی وای کوتبایەکەجێی خۆی نەبایەبەڵام ئەوەئینسانە کەبەزمانی حاڵو سروشتی نەشێواو و قاڵی دەڵی ئەمن ئەمنی ناقیس دەسکرو دروستکراوم و دیارە ناتەواوی دروستکراویش ئیشارە بۆناتەواوی سەنعەتکارووە ستاکاری دەکات بەڵام هەڵاتنی لەنوقسانەوە بۆلای خودای خۆی بەڵگەیە لەسەر کەماڵ و بێ نەقسی پەروەردگارەکەی وەیەکێك لەنیشانەکانی کەماڵو تەواویی خودا ڕاسانی ئەو ئینسانە بەدیهێنراوەی خودایە لەناتەواویەوەبۆلای سەرێ و ڕۆییشتینیەتی بەرەو کامڵ بوون .

بۆیەئەتۆی بەندەی ناتەواو پاکی و تەواوی و بێ ئیرادی خودا ڕادەگەیێنی و بەعالەم ئاشکرادەردەبڕی کەئەتۆ تێگەیوی ئەوەندە بەس نیەبۆ خودای گەورەبۆیەهەڵاتووی لەوناقیسیەی خۆتەوەبۆلای بێ نەقسی خوداو بەدەربڕینی گەورەیی خودا ناچیزی

خۆت ڕادەگەیێنی و دەڵێی:«**سُبْحانَ رَبِّيَ الْعَظيمِ سُبْحانَكَ وَ بِحَمْدِكَ اللّهُمَّ اغْفِرْلي**» بێعەیبە خودای گەورەی من ، ئـەمن بۆئیسباتی نەقسی خۆم، بەزوویی دەڵێم خودایەتۆبەدووردەگرم لـەهـەر عـەیب و کـەم و کووڕیەك ۆەبەستایشکردنیشت[1] زیاتر ئـەوێ عەبییـەت ڕادەگـەیێنم دەی لێم ـ ببوورەو عەیبم داپۆشە. خودا بەبێ عەیب و ئیراد نێودەبەی و بـەوجۆرەلـەو بەندایەتیـە کـەمـەوەکـەهـەر بـەڕاوەسـتانەوە بووڕادەگۆێزیـەوە بـۆزیـاتری کەڕکووعـە جالەڕکووعەکـەدا داوای بەخشینی لێ دەکەی و دەڵێی :«**اَللّهُمَّ اغْفِرْلي**» خودایەببوورە کەپێش ڕکووع کەمکاریم کردو ڕاوەستابووم .

جابەدوای ئەو ڕکووعـەدا سرنجێکی دیکەدەدەی و تێـدەفکری کەناکرێ و ناتوانی ئەتۆ هەر ئەبەو حاڵەی بمێنیەوەبەڵکو دەبێ بەرەو زیاکردن وەرێ کەوی هەروەکو بەڕکووعەکەت زیاترت لـەپێشەوەی وی بەندایەتی کرد کەڕاوەستانت گۆڕی بەداهاتنەوە . خۆناتوانی هەر ئاوا بمێنیەوە کەوابوو هیچ چارەنیەدەبێ هەوایەکە بگۆڕی و باشترین کـاریش ئەوەیـەکـە سـەرت هەڵێنیـەوە و هاوکـات لـەگـەڵ سـەرهەڵێنانەوەبڵێـی : «**سَـمِعَ اللّهُ لِمَـنْ حَمِـدَهُ**» واتـە یـاڕەبی خودایـەستایـشی ستایـشگەران وەربگـری یـانی بپاڕێیـەوەبـۆئـەوەی

---

١ـ هە ریزیەشە کەحەمد دایە لەدوای تەسبیحە . یانی بەحەمدەکە ڕادەگەیێنی کەنەقسی دروستکراو دەلیلی نەقسی سەنعەتکارنیە بەڵکو سروشتی وایە ـ وەرگێڕ .

کەخودای گەورەو شایانی حەمد و گۆی بداتەحەمد و ستایشی تۆ و باقی ستایشکەران کە لەگەڵ تۆو وە کوو تۆپێیان هەڵکوتووە،بۆیە ئەودوعایە دەکەی چونکە پێشەکی دوعایەکەت چنیوە ئەدی ئەوەنیە لەرکووعەکەتدا ستایشی خودات کردو وەئەو وەختەی کەلەڕاوەستانەوە داگەڕای بۆئەو پلە و پایە لەکەماڵ و پێشرەفتت کەوەڕێ کەوتی وبەرە و خودا ڕۆییشتی و لەجێی خۆت مەندنەبووی و داهاتیەوە بۆرکووع و بەدڵ و زمان و ئەندامت حەمد و ستایشی خودات بەجێ هێنا ؟؟ ئەگەر وابوو جێی خۆیەتی لەخودا بپاڕێیەوەو داوای لێ بکەی کەبەگەورەیی خۆی حەمد و سەنا و ستایشی تۆ و خەڵکی دیش وەرگرێ و پەسەندی کا وەلەدوای ئەو داوایەش داڕووی تێ بکەی وە بڵێی : «رَبَّنـاوَلَـکَ الْحَمْـدُ» واتە ئەی خودای من و هەموو ستایشگەرانی دیکەش لێن وەرگرەو هەرلایق و شایانی تۆشەتەواوی حەمد و ستایش ٠

جائەو جار بە لێدانی ئەڵلاهو ئەکبەرێك وەك راهنمای ماشێن مەسیرەکەلەسەربالاییەوەدەگۆڕی بۆسەرازیری دەچیە سوجدە و لەوێشدا بەرزی و بڵیندی خودا و نزمی و ناکامڵی خوت دەردەبڕی چونکەلەلای ئاخیری ملاقاتیش دای دووجار سوجدەدەبەی ٠

لێرەدا باسەکەمان لە بابەت » کاکڵ و حیکمەت و شوێنەوارەکانی نوێژ لەسەر دڵو دەروونی نوێژ کەردا » تەواو بوو.

نوێـژی تـەواو و بەمـەعنا و ڕێککـەوتوو لەگـەڵیـەو ئایـەت و حەدیسەسەحیحانەی کە شەرعی پاکی خودا پێك دێنین لـەکۆتاییـدا دەڵێین : «سُبحانَ ربّکَ ربُّ العِزّه عمّا یَصِفُونَ . وَسَلامٌ عَلَـى المُرسَـلينَ . والحَمْـدُ لِلـهِ رَبِّ العالَمينَ .»

**وەرگێڕ : عومەر ئیبراهیمی کامووسی . ڕۆژی جومعە ١٦ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٣ سەعات هەشتی بەیانی**

**شنۆ: ئاوایی ئاسناوێ**

# پوختە و ناسنامیەکی
# کەسێتی شەهید
# ماموستا ناسری سوبحانی

## ن : عومەر عەبدول عەزیز

نۆساڵ هاوڕێیەتی نیوان دوو هاوڕێ بایی نەوەیە ئـەو دو هاوڕێیـە ترپەی دڵی یەکتر بخوێننەوە ، هەر بۆیە ئەم نوسـینە بـە رووبـەر کـورت و کەمە بەڵام زۆر قوڵە ، چونکە ویستراوە گەلێک لە ئەنجامگیریەکانی نۆ ساڵ هاوڕیەتی لە تەک سوبحانی تێدا چڕ بکرێتەوە . هە ر بۆیە دە شێت پەسـمە ندە ی گەلێک لەهەناسە ڕوحی و مەعریفیەکانی سـوبحانی تێـدا بدۆزێتـەوە ئەگەر سۆمای چاوەکانت ببرێتەوە دێرەکان و نەفەسەکانت بگریت و بۆ بیـر کردنەوە وشک بیت و ورد تێرامێیت هەر بۆیە بڕیاری بڵاو کردنەویماندا . سـوپاس بۆمامۆستای نوسەر .

هەژان :

دەستپێک : سەر نوسەر و دەستەی نوسینی هە ژان زۆر جە ختیـان لێکردمە وە کە بۆ ئە م ژمارە یە شتێک لە سە ر ژیانی مامۆسـتای شـە هیـد ئامادە بە کە م . بە ندە ش زۆر لە سە ری چووم کە دوابکە وێت بۆ ژمـارە یە کی تر . چونکە دڵنیا بووم کە لە بە ر سە ر قاڵی بە هە ندێک کاروبـاری

تره وه ناتوانم مافی بده مێ . به ڵامدیار بوو ده یانویست ئه م مه له فه لـه م ژماره یه دا بێت ...

به هه ر حاڵ له م دسپێکه دا ئه وه ده ڵێم که به تـه نهـا ناسـینی ماموٚستا (ناسر) و له گه ڵ ژیانی و ئاشنایی به بیروبۆچوونه کانی به س نـین بۆ له سه ر نوسینی .. ئه و ماموٚستایه ده ریایه که له زانست ، کۆگایه که لـه گه و هه ر و باخێکی سه راپا پڕ به ر هه می جۆراوجۆر به سه رپێی له سـه ر گوتنی ، نه لای که می مافی خۆی ده داتێ . نه پشوو به ویژدانـی تـوێژه ر یان نووسه ر ده دات ، بۆیه له گه ل هه‌ژان رێککه وتین که ئه مجـاره تـه نها و تارێکی به ر کوڵی بنووسم ، ئه گه ر به ده روازه یه ک بۆ ناسینی کـه سێتی ئه و یان ده ستپێک بۆ توێژینه وه له سه ر ژیاننامه و به رهه مه کانی ئه و ره حمه تیـه بناسـرێت مـه منـونم و جێـی شـانازیمه لـه گـه ڵ داوای لێبوردنێکی زۆر بۆ هـه نـدێک لـه و برایانـه ی لـه م یـه ک دوو سـاله ی رابردوودا ورده بابه تیان له سه ر ژیانی و بۆچوونه کانی نووسی ... که واته ئه مه لێکۆڵینه وه نیه چه ند په ره گرافێکی پێرستی ، چـه نـد سـه ره قـه ڵـه مێکی مانـشێتیه بـۆ لاپـه ڕه زینـدووه کـانی ژیاننامـه ی ماموٚسـتا ناسـری سۆبحانی .

پاش ئه م ده سپێکه عه رزم ئه مه یه :

زۆرن ئه وانه ی که ده مرن و به مردنیان ناو و نیشانیان ده مرێت . زۆریشن ئه وانه ی که تا ده مرن به باشی ناناسرێن و نرخیان نازانرێت ... به ڵام زۆر که من ئه وانه ی که ده مرن و پاش مردنیان ناویان هه ر زیندوو ده مێنێت به مردنیان گیان به به ری هۆشی مردووی ئو مه تێکدا ده هێننه وه . رابوونی ئیسلامی هاوچه رخ بانگخوازانی زۆری دیـوه ، کوردسـتانیش زانـا و دانای گه وره گه وره ی به دوونیای ئیسلام به خشیوه به ڵام که مـن ئـه و

بانگخواز و زانایانە ی کە عە بقە ریە تی زانستی و داهێنانکاریان هێنا بێـت . داهێنانێک گورِ و تین وکارامە یی بە رە وت و بزاڤی کار و کاروانی رابوون بە خشی بێت .

کاکە ناسری سوبحانی یە کێکە لە و پیشانگانە ی کە تا کۆچی بـە رە و ژیانی جاویدە نی دە وروبە ری نرخ و بایە خیان نە زانی بە ریژە یـە ک ئە و دە ستە واژە یە راستە کە دە گوترێت: ( ئیمە ی کورد مردوو پە رسـتین قە دری زیندووان نازانین ) جا ئە گە ر خە ڵکی بە گشتی ـ لە بە ر ئە وە ی دورِناس لە ناویاندە کە مە ـ لە ناسینیدا مە عزور بن . بە ڵام دوو دە ستە بـە رپرسیاران ، چ لە م دوونیا ، چ لە و دوونیا :

دە ستە ی یە کە م : خزم و دۆست و هاومە سلە ک و هاورِێیانی .

دە ستە ی دووە م : لێکۆڵە رانی زیندانی ، ئە وانە ی زیاتر لە (سێ سە د) شە و و رۆژ هە ڵسوکە وتیان لە گـە ڵ کـردوو ماهیـە تیـان شـیکردە وە بـاش ناسیان . ئە و ماهیە ت و ناسینی رە نگە خـۆی بـۆ خـۆی مایـە ی سـە ر خواردنی بوو بێت سە ر خواردن بە زار و چە مکی ئە و کە سانە ی دوونیاییانە گوزارشت لە (بوون) و (نە بوون ) (مانە وە)و (تیاچوون) و(ژیـان)و(مـردن) دە کە ن . بە ندە لە ساڵی (١٩٨١) وە بە خزمە تی کاکە ناسر گـە یـشتم لـە و کاتە وە و دوواتریش کە لە گە ڵی ژیام و ناسیم و سە فە رم لە گە ڵ کرد و ئاڵوگۆرِی دە یان بابە تی فیکری و سیاسی و کۆمە ڵایە تیم لە گە ڵ کـرد . دوواتریش کە وە ڵاتانی دوونیامان دی و بـە خزمـە تـی دە یـان مامۆسـتا و بیریار و تۆیژە ر و بانگخواز گە یشتین . دڵنیا بووم کە بە لای کە م لـە سـە ردە می هاوچە رخدا کە م کە سی وە ک (مامۆستا ناسر) دە بینیت ئە گە ر نە ڵێم بە ندە بۆ خۆم هیچ کە سێکی وامنە دیوە .

من ئینکاری ئه و ناکه م که ده گونجێت : هه بێت و بووبێت له و نووسه رتر به ڵام به چه ندیتی نووسین هه بێت و بووبێت له و زاناتر بـه ڵـام زانـا بـه میعیارێکی مه عمولی هه بێت و بووبێت له و ره وانبێژ و خـه تیـب تـر یـان شاره زا تر به مێژوو یان به سیاسه ت یان به مه نتیق یان هه رچی تر ... ئـه مانه ئینکاری ناکه م به ڵام که م که س توانی وه ک ئه و له قورئـان و مـه دلوله کانی تێ بگات و له پاڵیدا و له گه ڵیدا خوێندنه وه یه کی نوێی گونجا و له گه ڵ سه رده م بۆ چه مک و واتاکان بکات که م که س توانیویه تی له بواری زانسته کانی ( علوم القرآن ) و (علوم الحـديث)و (اصـول الفقـه)دا که پێگه ی تێگه یشتنی ( قورئان و فه رمووده و فیقهـ)ن ، داهێنان و نوێگه ری و جوانکاری بکات .

ئه و به ڕێزه خودا به هره مه ندی کردبوو بـه تـه قـواو دڵـسۆزی خواناس و عاریفان مه نتیق و ژیری فه یله سوف و حـه کیمـان . زه یـن رۆشنی و ورده کاری زانیاران و قه ڵه مـڕه وانـی و مـه حکـه مـی ئـه کادیمی و توێژه ران لێبڕان و پێشمه رگه و موجاهیدان و خۆنـه ویـستی و حه ماسه تی بانگخوازان جورئه تی ( مجددان ) و ناسککاری و جوانخـوازی هونه رمه ند و شاعیران ئه م گه له کۆمه ی لێهاتن و بـه هـره مـه نـدی و شاکاره جوانانه یه که مامۆستا ناسری جیا کردۆته وه لـه قافڵـه ی زانیـان و بانگخوازانی هاو چه رخدا . به لێ بۆ بانگخواز و (مجدد) و (مێلح) ه کان تـه نها و روژاندنی سۆز و ویژدانی ئایینی ده وروبه ر یان ڕۆچوون له کتێب و هزر و زانست ـ دوور له واقیع و سه رده م و ژینگه ـ به س نیه و ته واو نیه .

گەورەیی و نایابی ئەوان لە وەدایە کە بە وزەی سۆز ، چرای عەقڵ ڕۆشن تر بکەین ، بەتینی پەرستش و خواناسی ، گوڕ بە کار و بزاڤ بدەن ، بەڕوناکی هزر و زانست دڕ بە تاریکی واقع بدەن .

(کاک ناسر) ـ لە تەمەنی کەمی خۆی زەمین و زمانی خۆیدا ـ هەر ئەمەی کرد ، ئاخر ئێمە با ئەوەمان لەبیر نەچێت کە گەورەترین قەیرانی مێژوی چەندین سەدەی ئیسلام ، ئەو بەشە بوو کە پەیوەندی بە (فکری ئیسلامی) یەوە هەبوو ، قەیرانی چەق بەستوویی ، قەیرانی داخستنی دەرگای عەقڵ و نوێکردنەوە وە پێداچوونەوە ، ئەو قەیرانەی هەندێک بە داخستنی دەرگای ئیجتهاد گوزارشتی لێ دەکەن ، بەڵام زۆر لە وەش قوڵتر و سامناک ترە .
مامۆستا ناسر ـ ئەوەی بەدونیای زانست و زانیاران نوێکردەوە ، کە (سەوابیت) لە (اجتهادات)دا نیە گەورەیی ئیسلام لەوەدایە کە ڕێساکانی سەرجەم زانستەکانی (قمرئان و فەرمودەوفیقهە ) قابیلی خوێندنەوەی نوێن ، دەکرێ خەرمانی زانایان لەوەش دەوڵەمەند تر بکرێت .

خوای گەورە خۆی باش دەزانێت کە لە کوێ و لە چ کاتێکدا زەمینە بۆ هەڵگرانی پەیامی (تجدید) و (ئیسلاح) دەڕەخسێنێت . ئەویش لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێرانی شکەت کراوی دەستی ستهمی زۆرداران سەری هەڵدا ، لە گەڵ شەپۆلێکدا جما ، کە جەریانێکی نوێ و تازەی هانی دونیای هاتنە وە سەر سەکوی باسی ئیسلام و دەسەلات ، بە دوایدا دونیای بێداری و ڕاپسکانی جەستەی ڕابونی ئیسلامی و ئاوازی بوون و (تحدی) و (ژیانەوە و هەستانەوە ) .

کاکە ناسر کە کاتێک هات لە جوگرافیایەکی تەسک کاتێک هەستا ، لە ناوەندێکی فەلەج کاتێک وەستا ، لە سەکۆیەکی لەرزۆک کاتێک دوا ، لە سەر شانۆیەکی کڕ کاتێک ڕۆیی ، لە دونیایەکی زۆر کڕ و کپ دا ڕۆیی ، بەڵام بە ئارقی شەکەت بوونی فرمێسکی بێداری شەوی و ، بەرهەمی نوکی خامی و سەرەنجام خوێنی پاراوی ، جوگرافیای فراوان کرد و ناوەندە شەل کراوەکەی خستە سەرپێ و بە شە مێژووی دەور و بەری مەحکەم کرد و ،

کڕ و لاڵی شانۆی ژیان و دونیایەک کە خۆی تێدا ژیا ، کردە ئاواز و دەنگۆیەک کە ئامێتەی سەمفونیای رابوونێک بووە ، تا کەنارەی ئاواتەکان بێ لەنگەر و گیرسانی شەپۆلی خۆزگەو خەمەکان ، بێ وچانە .
بەڵێ مامۆستای ڕەحمەتی ، لە وجوگرافیاو مێژووە تەسک و بێ ڕەحمەدا ، چەندین پەنجەرەی والآ کرد بەسەر باسی (بەسەرداچونەوە و ڕەخنەو بژار کردن ) وە نوێکردنەوەی چەمکەکان و خوێندنەوێکی سەردەمیانە بوکولتوری مێژوییمان ... بۆ پێکدا هەڵپێکانەوە (ڕەسەنایەتی و هاوچەرخێتی ) بۆ میسداقیەت بەخشینەوە بە تایبەتمەندیەکانی (واقعیەت و سەماحەت) ی شەریعەتی ئیسلام ، مامۆستا لەزمین و زەمانی خۆیدا پێشەنگی ئەم ڕەوتەی کردوو ، ڕەنگە زووری مابێت کە خەڵکی لەم ڕاستەیە تێبگەن ، مەگەر رۆژگارانێکی تر و پاش تویژینەوەیەکی هەمەلایەنەی بەرهەمەکانی و ، خستنە رووی شاکارەکانی .

بەدڵنیایی مامۆستا ناسر قوتبخانیەکە بۆ ڕاپەڕینی زانستی و ویستگە یەکە بۆ تەحویلی فیکری و سەرچاوەیەکە بۆ مەنهەجیەتی تەحقیق و تویژینەوە ، ئاوێنەیەکە بۆ باش تێگەیشتنی قوڕئان لە پاش ئەمانەشدا شۆڕشێکی هێمن بوو دژی تەقلید و خڕافە و نەفامی .

ئەی بۆ ڕەهەندی سیاسی و نەتەوەیی و کێشەی کورد چی کردبێت ؟ بەڕێزی لەو بوارەدا نمونەی ئەو بیریارە بە هەستانە بوو کە بەڵگە قورئانیەکانی سەلماند بووی کە ڕەزگار کردنی نەتەوەو دابین کردنی ئازادیەکانی لە ئەرکە هەرە سەرەکیەکانی بانگ خوازی موسوڵمان ، ناکرێت ئەرکە ئایینیە کان لە ئەرکە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان جیا بکرێنەوە ، بەڵکو لە وەش زیادتر تێبینی لە سەر ئەسڵی جیا کردنەوەی ئەو چەمکانە هەبوو ، ئەو پێی وابوو ئایین یا سا و شەریعەتی خودایە ئەگهر وەردەکاری کێشە و

مەسەلەکانی تێدا نەبێت ئەوە حەتمەن پایە سەرەکی و ڕێسا و بنەماکانی هەمو ژیانی تێدایە .

بۆیە هەر لەو زمینەیەدا بەڕێزیان هەر لە ساڵی ١٩٨٨ وە و لە کۆنگرەی دامزراندی رابیتەی ئیسلامی کورددا لە شاری ئەستەمبوڵ . و تارێکی گرنگی دا ، لە سایەی ئایەتی ( و جعلناکم شعوباً و قبائل لتعارفوا ) و ئایەتی ( ومن آیاته خلق السموات و الارض و اختلاف ألسنکم و الوانکم ) سەلماندی کە پێکهێنانی گەل و نەتەوەکان ـ هەر یەک بەڕەنگ و کلتور و زمانی خۆیەوە ـ بڕیار و کردەیەکی خوداییە ، لای کەمی مافە سیاسیەکانیش لە سیستمی (ویلایات) دا ـ کە لە سەردەمی حوکمڕانی ئیسلامیدا پەیڕەو کراوە ـ دابین دەبن کە سیستمێکی پێشکەوتوو ترە لە فیدراڵیەتی هاوچەرخ. هەر وەها لە و زمینە نە تەوە ییە دا جەختی دەکردە وە کە پەیامی پێغەمبەران (علیهم السلام) پەیامی ڕەزگار کردن و ئازادی گەل و نەتەوە کانیانە ، بۆیە هەمیشە بە (یاقومی !) لە گەڵیان دواون زۆر جاریش نمونەی بە حەزرەتی موسا (علیه السلام) دەهێنایەوە کە کاتێک بێ هیوا بوو لە موسوڵمان بوونی فیرعەون ، داوای لێ دەکرد کە (بنی ئیسرائیل) چەوساوە ڕەزگار بکات وە دیفەرموو : (أن ارسل معی بنی اسرائیل) کاتێک خۆت نایێتە سەر ڕێی هیدایەت و ناش هێڵی نەتەوەی بنی ئسرائیل لە سایەیکدا بحەسێنەوە ، دەی واز بێنە بامن ئازادیان بکەم و لەگەڵ من بیانێرە وە وازیان لێ بێنە . مامۆستا ناسر لەبەر ڕۆشەنایی ئایەتی (وما ارسلنا من نوح الا بلسان قومه) و ئایەتی (و ان من امه الا خلا فیها نذیر) دا ، دیسەلماند کە گەلی کورد گەلێکی ڕەسەنەو بە تەواوی واتا نەتەوەیە و پەیامی ئاسمانی هەبووە . پێغەمبەری تێدا هەڵکەوتوە و بۆیە سەرەڕای چەوساندنەوەی زۆری

ساسانیەکان و دابڕانیان لە ڕێنموییە ڕەسەنەکانی ئاسمان ، لە گەڵ هەلاتنی گزینکی ئیسلامدا ، پێشوازی لە پەیامی نوێی ئاسمان کرد ، سەرە ڕای گیر و گرفتی زۆر و فشاری پاش ماوەکانی دەوڵەتی ساسانی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردوستاندا لە سەدەی شەشی زایینی دا .

بۆیە کاتێک ماموستا ناسر باسی سەر بەخۆیی نەتەوەکان و مافی چارەی خۆنوسین بە نیشانەی خودایی و بەڵگە دانانی زمان و دەنگ و رنگی ملەتەکانی دەکرد ، نەک تهنها خەیکی خویندەوار و ، بەیکو ئەهلی فیکرو سیاسیە ئیسلامیە کانیش هێستا خویان لە قەرەی ئەوباسە نە دەدا ، کاتێک ئەو ڕاڤەی (شعوب قبائل تعارف)ی نێوانیان و (السن الوان) و ئایتبونیانی دەکرد . کە بە قەدەر نامۆیی ئێستەی هەندێک ڕاڤە دوور لە ڕاستی و واقعیە کان ، تەفسیرەی کەی ئەویش غەریب بوو .

بەڵێ بە دڵنیایی بەرێزیان لە زۆر بوار و رەهەندداد بە ساڵانێکی زۆر پێش سەردەمی خۆی کەتبوو زۆر سەرکەوتونەش توانیشی لە تەمەنێکی زۆر کەمدا هە رچی زانست و زانیاری بۆچون و ئیجتهاداتی هەیە بە قوتابی و هاوالانی بگەیەنێت وە تۆمار بکرێن . ئەوەش خۆی بە خۆی نیشانەیەکی تری توفیقی خودایی و بەرەکەتی ژیانیەتی .

لە کۆتایی ئەم بابە تەدا بە گرنگی دەبینم دەقی پێناسەیەکی خێرایی کەسێتی مامۆستا ناسری ڕەحمەتی نەقلّ بکەم ، کە لە پێشەکی ژیاننامەیەکی دەستختدا نوسراوە و وەک خۆی دیخەمە بەرچاوی دۆستانی بەو هیوایەی بتواندرێت لە بەر ڕۆشنایی بەرهەمە زانستیەکانیدا ، زیادتر توێژینەوە لە سەر لایەنە جوراو جۆرەکانی ژیانی و ئاستی زانستی و بەهرەو لێ هاتنەکانی بکرێت ، ئەو پێناسەیە یەکێک لە دۆستە زۆر نیزیکەکانی نوسیویەتی کە ساڵانێک زۆر پێکەوە ژیاون .

ماموستا ناسر مرۆڤێکی هیمەت بەرز و گەورە بوو لە سەر خۆو ئارام و بێ دەنگ بوو بێدەنگیەکی گوزارشتی لە دەروون بەرزی و دەوڵەمەندی فیکری دەکرد ، ورد بوونەوەی زۆر بوو هێزی عیبرەت وەرگرتن و هەڵهێنجانی لە دەق و ڕووداوەکان کەم وێنە بوو زۆر سوور بوو لە سەر ڕێزگرتن لە کاتی خۆی و کاتی دۆستانی .... نوێژەکانی زور بە خشوع و مل کەچیە وە دەکرد . لە ناو نزاو پاڕانەوە کانیدا نمونەی بڕواداریێکی بە متمانە بوو ، لە گەشت و سەیران و سەفەرە کانیدا لە هەموو دیمەن و دیاردە و حاڵەتێک پەند و عیبرەتی دەر دەهێنا . زۆر حەزی لە ئەدەب و شیعری بە هێزی شاعیران بوو لە قورئان خوێندنهوەدا زۆر مل کەچ (خاشع) بوو بە مەبەستی بیر کردنەوە لە ئایەتەکان زۆر دەوەستا لە شەو و ڕۆژدا چەندین جهر دەچۆ خزمەتی قورئان دەفتەرێکی لە لا بوو سرنج و تێبینی و (خواتری ) خۆی تۆمار کرد لە ڕووی جستەییەوە لاواز بوو (٤٨ تا ٥٠) کیلو کێشی هەبوو زۆر کەمی دەخوارد و حەزی لە خواردەمەنیە کوردواریەکان هەبوو هەمیشە جل و بەرگی کوردی لە بەر دەکرد، هەرگیز جل و بەرگی گران بەهای لەبەر نەدەکرد ، زستان پەستەکێکی بێ قۆڵی لەبەر دەکرد .

زوور کەم دەنوست . قەناعەتی وابوو کە مرۆڤی بانگخواز و زانا و بەر پرسان نابێت بەزۆر خەو بە خۆیان بهێنن کاتی ڕۆژانە و هەفتانە بەبرنامە بوو زۆر دژی کات بە فیڕوودان بوو پڕۆژەی نوسین و توێژینەوەی زۆر لە زیهندا بوو ، نوسین و یادداشتەکانی زۆر ورد و ئاکادیمی و زانستی بوون خەتێکی زۆر جوان و نایابی هەبوو . بە بەڵگەوە ڕاو بۆچونی خۆی دەردەبڕی ، زۆر پشتی بە قورئان دەبەست بۆ بەڵگە هێنانەوە توانایەکی کەم وێنەی هەبوو لە دەرهێنانی بەڵگەو ئەحکام دیاری کردنا .

لە کاتەکانی پێش بانگ لە حاڵەتەکانی فەجر و زوال و غروب و شەفەق ورد دەبۆوە بڕوای وابوو حیکمەتی دیاری کردنی نوێژەکان لەو کاتانەدا دەبێت ڕەچاو بکرێت بە ورد بوونەوە لە لەحزەی یەکمی کاتی نوێژ قەناعەتی وابوو بۆ یاد کەوتنەوەی (تحول) و گۆڕانکاری گەورەی بوونەوەر (واتە هاتنی ڕۆژی دوایی) یەبە ڕێز مامۆستا ناسر زە وقێکی جە مالیی کە م وێنە ی هە بوو حە زی لە ئاوازی خۆش بوو بۆ خۆی شیعر و (تواشیح ) ی بە ئاوازە وە تۆمار کردووە و لە کاسێتێکدا پارێزراون .

هەوەها زۆر حەزی لە گوڵ و زینەتی سادەی بێ مەسرە فی ناو ماڵ بوو ، پاک و خاوێنی زۆر مە بەست بوو لە خوێندنە وە ی کتێب و بە بات زانستیە کاندا زۆر خێرا بوو لە ساتێکی زۆر کورتدا چە ند لاپە ڕە یە کی دە خوێندە وە لە گە ڵ ئە وە شدا هە موو ناوە ڕۆکی ئە و بابە تە ی لە بە ر دە کرد مامۆستا زۆر سە رقاڵ بوو لە گە ڵ قورئاندا چە مک و تێگە یشتنە کانی لە وە وە ر دە گرت فە رمودە کانی پێغە مبە ری (دخ ) بە روونکە رە و ە ی قورئان دە زانی . زۆربە ی کتێبی ( امهات ) و سە ر چاوە کانی خوێند بووە وە خۆی بە ( مجتهد ) و خاوە ن ( رای ) دە زانی . زۆر بە متمانە بە خۆو بە جورئە تە وە بۆ چوون و ڕە ئیکانی خۆی ئاراستە دە کرد .

مامۆستای ڕە حمە تی زۆر لە سە ر خۆ قسە ی دە کرد دە نگی نرم بوو زۆر بە ئارامی دە چوو بە ڕێوە

بە راستی میسداقی ئایە تی ( والذین یمشون علی الارض هونا ) بوو بە چوار مشقی دادە نیشت زۆر جار بە سە ر کتێب خوێندنە وە وە خە وی لێدە کە وت هە گیز توڕە نە دە بوو مە گە ر کاتێک نافە رمانێە کی ڕە چاو بکردایە توڕە یی دە خوارد . لە رووی مە سە لە ی نە تە وە ییە وە هە لێیکانێکی جوانی دە کرد لە نێوان کێشە ی نە تە وە یی و چە مکە ئیسلامیە

کاندا زۆر به  په رۆش بوو بۆ کێشه ی کوردی ئیران . سته مه کانی هه له بجه و ئه نفال و ئاواره یی زۆر  هه ژاندی . بابه تی زۆر کاریگه ری نووسی سه باره ت به کیمیا بارانی هه له بجه . نامه یه کی ئاراسته ی پێغه مبه ران ( سه لامی خوایان لێبێت ) کردووه به عه ره بی به ناونیشانی ( رساله الام فی الارض بلایا الی معشر النبیاء) که تێیدا سکاڵای گه لی کورد بۆ گرۆی پێغه مبه ران و سه رقافڵه یان پێغه مبه ری ئیسلام موحه ممه د ( د.خ) به رز ده کاته وه . له ژیانیدا که سایه تی گه وره و ناوداری ئیسلامی زۆری دیوه له وانه ( شه هید عبدالله عزام ، عمر تلمسانی ، حامد ابو النێر ، عدنان التمیمی ، کمال السنانیری ، اسامه تکریتی ، عادل شویخ ، عدنان السامرائی  ، محمد احمد راشد ، د . علی قرداغی ، مامۆستا ێلاح الدین بهاءالدین ) و زۆرێکی تر له سه ر کرده کانی ره وتی ئیسلامی له کوردستان .

مامۆستای ره حمه تی هه رگیز سوێندی نه ده خوارد زۆر بڕواشی به که سێک نه ده کرد که سوێندی زۆر بخوات به موباله غه کردن و قسه ی زۆری بێ سوود و کات به فیڕۆدان بێزار ده بوو زۆر حه زی له رێکخستنی کات و به رنامه رێژیی هه بوو مامۆستا رێزی به رامبه ره کانی زۆر ده گرت حه زی نه ده کرت ته نانه ت نه یاره کانیشی ته ریق بکاته وه هه ندێک گفتوگۆو موناقه شه ی له که ڵ چه په کانی ئیراندا هه یه که نه موونه ی (منێق ) داری و به هێزی به ڵگه و جوانی شێوازی مامه له کردن و به رامبه ر خوێندنه وه و دایه لۆکه .

له گەڵ هاوسەری و منالّەکانیدا زۆر نەرم و نیان و میهرەبان بوو له کارو باری ماڵەوەدا یارمەتیکی زۆری خێزانی دەدا له گەڵ منداڵانی یاری دەکرد له کاتی وانه وتنه وەدا منداڵه بچکوله کەی له کۆشی یان لەسەر ڕانی دادەنا ، له گەڵ خزمانی هاوسەریدا زۆر بەڕێز بوون .

لەگەڵ هاوالآنی زۆر متوازیع و ڕەوشت بەرز بوو ، ڕێزی دەگرتن ، گوێی لێ دەگرتن، گوێی لێ دەگرتن بە نەرمی پێشنیاری خۆی و ئامۆژگاریەکانی ئاراستە دەکرد هەر ڕاو بۆچونێکی بەرامبەری بەدڵ نبوایە بەنەرمی وڵامی دەدایەوە .

لە ژیانی سێ جار سەفەری کردوە بۆ دەرەوەی ئێران ، دوجار بۆ پاکستان و نیزیکەی ساڵێک ماوەتەوە،جارێکیش بۆ تورکیا و بۆ بەشداری کۆنگرەیەک کە تایبەت کرا بە کێشەی کورد و تیدا لە لایەن چەند کە سایەتی ئیسلام خوازی کوردوستانەوە ، بڕیاری دامەزراندنی ڕیکخراوەی (ڕابیتەی ئیسلامی کورد ) درا .

ئەوە گۆشەیەک بوو لە پێناسەی کەسایەتی مامۆستا ناسری سوبحانی ، دیارە باشترین ڕێگە و هۆکار بو ناسینی زیادتری ئەو کەسایەتیە لە ڕووی فیکریەوە ، یان لە ڕووی بەرزی پلەی ئیمانی وە دەرخستنی ڕادەی دەوڵەمەندی هزر و بیریەوە ، یان لەڕووی خەستی و فراوانی بۆچونیەکانیەوە ئەو بەرهەمانەن کە هەندێکیان دەست نووسن و هەندێکی تریان لە کاسێتێکی تۆمارکراودان ...

ئەمەش ئەو پوختە پێناسەیە بوو کە چڕی هەندێک لە لایەنەکانی کەسێتی ئەو زانا پایە بەرزەی بۆ روون کردینەوە ، بە هیوای ئەو ڕۆژەی کە قوتابی و هاوڕێ و دۆستانی سوودیان لەم بەرکۆڵە بینیبێت ، وە قەڵەم و هزریان باڵا بێت بۆ زیاتر ناسین و ناساندنی .

## ـ إن شاءالله ـ به زودی منتشر می شود:

- « **تاریخ جامع تصوّف کردستان**» نقد وبررسی تاریخی دو طریقه ی نقشبندی و قادری در کُردستان، معایب و مزایای خانقاه، بررسی شجره نامه های سادات و شیوخ کردستان ، شیوخ کردستان در بوته ی نقد، مخالفت های خانقاه ها با تعالیم اسلام به ضمیمهٔ تاریخ تصوّف اسلام از آغاز تا کنون. ( کتاب پایان نامه ی دانشگاهی است و زیر نظر استادان دانشگاه تدوین شده ، همچنین مؤلف ۹۸درصد مراجع اصلی را تحقیق نموده و مصاحبه های مختلفی را در دو سوی مرز ایران و عراق به انجام رسانیده ودر هر مورد، روح تحلیل را بر توصیف حاکم ساخته است . ) تألیف و تحقیق : کمال روحانی ، ناشر : احسان تهران.
- « **ابنُ تیمیه را بهتر بشناسیم**» نقد و تحلیل افکار و آراء ابن تیمیه از منظر موافقان و مخالفان .تألیف کمال روحانی.
- « **اعجاز قرآن در عصر فضا و تکنولوژی**» تحقیقی بر اعجاز همه گونه ی قرآن و حدیث چون: ، بلاغی،موسیقیایی ، ریاضی ، حروف ، تصویر و نمایش، و اعجاز علمی قرآن در آسمان ، زمین ، دریا و انسان ها ، طبّ وقایی ، بیماری ها و چندی دیگر همراه با مطابقه ی اعجاز علمی آیات با علوم روز. تألیف کمال روحانی .



هەر لەفزە بەدەم ئەیخوێنینەوە
جارێ لە مەعنا نافکرینەوە
بۆیە نوێژ ئەکەین تا هێشتا رکات
هێشتا لە تاوان ناگەڕێینەوە

بەهار و گوڵزار (نامی)

انتشارات سامرند

Mail: samrand_rohani@yahoo.com

۰۴۴۴۴۲۳۴۶۹۹ - ۰۴۴۴ ۴۲۲۷۷۶۰

شابک : ۴-۳۳-۸۶۲۰-۹۶۴

قیمت : ۱۳۰۰تومان